# نەوشەفەق 59

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

ئاب 2008

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری


**سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی**
ئەحمەد تاقانە

**سەرنووسیار:**
یوسف لەتیف
youseeflatif@yahoo.com
Mobail :07504675056

**بەڕێوەبەری نووسیاری:**
محەمەد سەعید زەنگنە
Hamatal_z@yahoo.com

**دەستەی نووسیاران:**
سەباح ئیسماعیل
چنوور نامیق
بەکر دەرویش

**بەڕێوەبەری هونەری**
ئاراس ئەکرەم

**پیت لێدان**
دەوەن هادی

نەوشەفەق لەم سایتە بخوێنەوە
www.dangakan.com

دەزگای شەفەق
کوردستان – کەرکوک
ڕەحیماوا – نزیک خولگەی ئەحمەدی خانی


هیچ داهێنانێک بەقەدەر ئەدەبی شانۆیی تەژی نییە لە یاخیبوون و دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بەبارودۆخی نالەباری ئینسان لەم جیهانەدا.

د. فازڵ جاف

---

گراس گشت نەهامەتی وماڵوێرانییەکانی شەڕی لەبیرە و پێمان دەڵێ بیرهێنانەوە کارێکی دژوارە و گێڕانەوەی ڕابردوو لە (پاککردنی پیاز) دەچێت، کارێکە ئاو لە چاو دێنێ، بەڵام ناشکرێ مرۆڤ خۆی لێ ببوێرێ.

بەکر شوانی

---

هەر کەسێ بیەوێ بەری چاوی ڕۆشنتر بێ و گۆڕانکارییەکی زۆر قووڵ لەنێو کۆمەڵدا بکا و بشبێتە پێشەنگ و ڕابەر، بێ دڵ لە دڵدان دەبێ کۆششی بێوچان بۆ ڕزگارکردنی (ئاوەز)ی مرۆڤ لە چنگی مۆتەکەی (بەها چەسپاو و نەگۆڕەکان)ی (دەق) بدا

مەحموود زامدار

هەولێر - کتێبی

# پێڕست


لە کام گۆمەڵگەدا شانۆ کاریگەرە و گەشە دەکات؟ **سەروتار**. د. فازڵ جاف ........ 3

ئارەزوویەکی بچووک بەناوی ئازادی. **ڕوانین**. کەریم دەشتی ........ 6

یەکەمین کتێبم. **ئەزموون**. مارف خەزنەدار ........ 9

هونەری دیالۆگ. **هونەر دیالۆگ**. حەمەسەعید حەسەن ........ 19

ڕەمز لە شیعری نوێی کوردیدا. **لێکۆڵینەوە**. بەختیار ئەحمەد مەحموود ........ 24

ئارد دەکرێین، کەپەک دەکرێین، نانەڕەق دەکرێین. **لێکۆڵینەوە**. نەجات حەمید ئەحمەد ........ 46

ئەمبرتۆ ئیکۆ و ڕۆمانی "بۆدۆلینۆ". **دیدار**. و: عەبدوڵلا مەحموود زەنگنە ........ 60

پیربال مەحموود: من یەکەمین شاعیری نوێخوازم... **چاوپێکەوتن**. ئا: گوڵستان ........ 66

پەرستۆ ریشاڵەکریستاڵییەکانی خۆشەویستی و. **دووایین پەیف**. دیمانە: فریاد ئەحمەد ........ 70

تەرمەکەم، نشینگەی مێروولە پیرەکانە. **شیعر**. سۆران مامە حەمە ........ 79

دەرگای میهر. **شیعر**. نەوزاد ڕەفعەت ........ 82

کە کوپێک پڕ دەبێت لە شەراب... تەنیاییم ئازاری لێ دەڕژێت. **شیعر**. ڕابەر فایەق ........ 84

چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی ڕەسووڵ یونان. **شیعری وەگێڕدراو**. و: حەمە عەباس ........ 87

هەڵبژاردە لە شیعری نوێی عەرەبی. **شیعری وەرگێڕدراو**. و.: لەتیف هەڵمەت ........ 90

سبەی ڕوویدا. **چیرۆکی وەرگێڕدراو**. ڕەسووڵ ئابادیان ........ 95

پێنج کورتیلە چیرۆک. **چیرۆکی وەرگێڕدراو**. و. : عەبدولخالق یەعقووبی ........ 99

گوینتەر گراس ڕۆماننووسی سیاسی و ویژدانی زیندووی گەل. **باس**. بەکر شوانی ........ 102

چەند سەرنجێک دەربارەی ڕەنگدانەوەی بونیادگەری... **باس**. د. عادل گەرمیانی ........ 110

خوێندنەوە بەمیتۆد. **باس**. سمکۆ محەمەد ........ 116

لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێندا. **شاکارەکانی دوێنێمان**. جەمیل ڕەنجبەر ........ 129

پەیکەری دەق و ملکەچی. **بۆچوون**. مەحموود زامدار ........ 143

سەروتار



د. فازڵ جاف

# لە کام گۆمەڵگەدا شانۆ کاریگەرە و گەشە دەکات؟



**هیچ داهێنانێک بەقەدەر ئەدەبی شانۆیی تەژی نییە لە یاخیبوون و دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بەبارودۆخی نالەباری ئینسان لەم جیهانەدا**

هەواڵنامەی کتێب

شانۆ هەمیشە لە ناو جەرگەی شارستانیەت و کولتووری دەوڵەمەندا گەشەی کردووە و ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینیوە. سیستێمی سیاسی پەرەسەندوو و ئایدۆلۆژی ئینسانی بەرفراوان لانک وێستگەی قۆناغە زێڕینەکانی شانۆ بووە.

سەردەمی دیموکراسی ئەسینای یۆنان و گەشەی کولتووری قۆناغی ئیلیزابیسی لە مێژووی بەریتانیا و سەردەمی حوکمڕانی لویسی چواردە لە فەڕەنسا و پاشتریش قۆناغی ڕینساس لە ئەوروپادا هەموو بەڵگەی ڕاستیی ئەم بۆچوونەن.

شانۆ هەمیشە لە سیستەمێکی

سیاسی و کۆمەڵایەتی گەشاوە و پەرەسەندوودا چالاک و بەگوڕ بووە. بە پەیامی دیار و ڕوون بەرەو ئاینده هەنگاوی ناوە. شانۆ هەرگیز داکۆکی لە سیستمێکی کۆن و باو نەکردوە، هەمیشە داکۆکی لە ئاینده کردوە.

خەسڵەتی سەرەکی شانۆ لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە خاوەن ئەرک و وەزیفەی سۆسیۆلۆژی ڕوونە، بۆیە لە پەیامی خۆیدا بۆ گۆڕان لە هەموو و سەردەمێکدا پێشڕەو دەستپێشخەر بووە و هەرگیز دوای گۆڕان نەکەوتووە، بگرە هەردەم پێشەنگ بووە و بەر لە هەموو لقەکانی دیکەی ڕۆشنبیری زەنگی پێداویستیی گۆڕانی لێداوە و پێشبینی یاخیبوون و گەردەلوولی شۆڕش کردوە.

لە سەرجەمی شانۆنامەکانی نووسەرانی کلاسیکدا، لەسەرووی هەموویانەوە لە بەرهەمەکانی شەکسپیردا تا هەتا هەتایە گوێمان لە بانگەوازی ڕامالینی گەندەڵی بێ دادی و ناعەدالەتی و ستەم دەبێت، مەگەر ئەو عەدالەتە کۆمەڵایەتییە وەکو خەونێکی ئەزەلی بۆ یەک جار بێتە دی، ئەمجا شانۆنامەکانی شەکسپیر ئەرکیان نامێنێت و پێشکەش ناکرێن.

هیچ داهێنانێک بەقەدەر ئەدەبی شانۆیی تەژی نییە لە یاخیبوون و دەنگی نارەزایی بەرامبەر بەبارودۆخی نالەباری ئینسان لەم جیهانەدا، لە هەمان کاتیشدا ئەو بەرهەمانە پڕن لە خەون و ئەندێشەی گەش سەبارەت بە جیهانێکی ئاسوودە و کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر.

کێ بێ لە ئێمە خەون و پێشبینییەکانی چیخۆڤی لە "لالۆ ڤانیا" و "سێ خوشکەکە" دەربارەی جیهانێکی ئاسوودە و پڕ لە دادوەری لە بیر کردبێت. چێخۆف لە شانۆنامەکانیدا زەنگی ئاینده لێ دەدات، پێشبینی ڕووسیایەکی دیکە، کۆمەڵگەیەکی دیکە و سیستمێکی دیکە دەکات. سیستمێک دوور لە تەمبەڵی و چای خواردنەوەی بەردەوام و گەندەڵی تا ناخی ئێسقان. ئەوەبوو لە دوو ساڵ زیاتری تێنەپەڕاند، شۆڕشی ١٩٠٥ لە ڕووسیادا بەرپا بوو و میللەت داوای ڕیفۆرمی دەکرد و خوێنی دەرژاند، پاش چەند ساڵێک، لە ١٩١٧دا شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕووسیا و جیهانی هەژاند.

مێژووی شانۆ پێمان دەڵێت: هەر شانۆیەک لە پرۆسەی گۆڕاندا پێشەڕەو نەبێت، ئەوا شانۆیەکی بێ پەیامە و بەمردوویی لە دایک دەبێت. شانۆکاریش ئەگەر لەم ئەرکە سۆسیۆلۆجیەی شانۆ تێنەگات شانۆیەکی نەزۆک پێشکەش دەکات کە لەناو دڵ و دەروونی خەڵکدا جێگەی خۆی ناکاتەوە.

شانۆ بەرگری لە سیستمێکی باو دامازراوی سەردەمی خۆی ناکات، شانۆ بۆ سیستمێکی دیکە تێدەکۆشێت، سیستمی ئایندە، کە دەبێ ئەلتەرنەتیف و جێگری سیستێمی بار بێت، تەنانەت کە سەر بە ئایدۆلۆجیایەکیش بێت، دەبێت لە بەجێگەیاندنی ئەو بیر و ئایدۆلۆجیایەدا بەردەوام ڕۆڵێکی ڕەخنەگرانە ببینێت و ستایشی سیستێمەکە نەکات، هەڵبەتە ئەگەر لە ڕووی سروشتیشەوە تەماشای بکەین، دراما لە ستایشکردن و پڕوپاگەندە و پێداهەڵدانددا نییە، بگرە دراما لە ڕەخنە و بەرەنگاربوونەوەدایە، بۆیە لە نەرمترین هەڵوێستیدا، ئەگەر سازشکاریش بێت ئەوا هەر نەبێت پایەمی چاکسازیی و ڕیفۆرم دەگرێتە ئەستۆ، بەرهەمەکانی ئیبسنیش گەواهی ئەم بۆچوونەن.

شانۆی ڕووسیی سەردەمی کۆمۆنیزم لە مێژوودا درەوشاوەترین شانۆیە کە گوزارشتی لە ئایدۆلۆژیا و سیستێمی سیاسی سەردەمی خۆی کردبێت. بۆ یەکەم جار شانۆی سیاسی بە واتایەکی مۆدێرن و خاوەن ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی ڕادیکاڵانە لەدایکبوو، شانۆیەک کە بەرگری لە دەستکەوتەکانی شۆڕش دەکرد و هاوکات بێ بەزەییانە ڕەخنەی لە ڕەوتی شۆڕشە بەرەو ئایندە و چارەنووسێکی ترسناک دەگرت، لەم ڕەخنەگرتنەشدا پێشەڕەوی ڕەوتی ڕۆشنبیری بوو.

پێم وایە شانۆی سۆڤیێتی لەم ڕووەوە گەلێک لە مۆدێلی شانۆی سەردەمی شارستانیەتی گریک نزیکە، چونکە هەردوو خاوەن خەون و یۆتوپیای ئینسانی بوون، یەکەمیان سەر بە دیموکراسی و دووەمیشیان سەر بە سۆسیالیزم.

تراژیدیاکانی نووسەرانی گریک بەر لە نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پێشبینی ئاوابوونی مانگی دیموکراسیان لە ئاسمانی ئەسینا کرد. بە ماوەیەکی زۆر و بەر لە ئاوابوونی دیموکراسی شانۆکارانی گریک داوای گۆڕانیان دەکرد و زەنگی داڕمانی شارستانیەتی گریکیان لێدەدا.

شانۆکارانی ڕووسیش، ئەوانەی خەونیان بە کۆمەڵگەی سۆسیالیزمەوە دەبینی، خەونە هونەرییەکانیان زۆر پێش خەونی سیاسەتمەدارەکان کەوتبوون، ئەوان لە پێناو گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەی ڕەوتی شۆڕشەکەیان و بەدیهێنانی یۆتۆبیای سۆسیالیزم، تەنانەت سەریشیان لەو ڕێگایەدا دانا. چەندین داهێنەری وەکو مایاکۆڤسکی، میرهولد و تریتیاکۆڤ بوون بە قوربانی پەیامی ڕەخنەگرانەی خۆیان و بانگەشەی ئینسانییان بۆ گۆڕانێکی سەرتاسەری هەمەلایانە.



كەریم دەشـتی

# ئارەزوویەكی بچووك بەناوی ئازادی

**ئارەزوویەكی چكۆڵە، بەڵام دەستكەوتێكی گەورەیە كە بەرزی ئیشق و خواستی مرۆڤ و فەرهەنگ شارستانی دەگەڕێتەوە**

سـادە و بچووكـە ئارەزووان دەجـــمـــێنێ، دروســـتكـەر و بەختەوەرسازە، تەنیا وشـەیەكە بە شــەش پیت، لە هەمــان ئەو پیـــتــانـەی ڕۆژانـەی كـــوچە و كۆڵانـان، ئەویش ئازادییــە، كە گوتنی ئـازادە، بەڵام داواكـەی زۆر دژوارە و كـارپێكردنیـشی دژوارتر، ڕازێكە لەگەڵ مـرۆڤ لە دایك دەبێت، وەلێ دەگـــەڵ مـــــرۆڤ نـامــــــرێت، وەك مـــوجـــیـــــزەیەكی ژیان یا ڕووداوێكی سـەرسام وایە كە



واى مرۆڤ چەند جەبركار و گەمژە و دڵرەقە لەو كاتەى كە بۆ خاترى هەمان ئەو ئارەزووە بچووكە بەدرێژايى مێژوو هاوجۆرى خۆى خستۆتە ترس و زوڵمەوە بەند و زنجیر و دادگايى كردووە سەرەنجام سپێردراوەتە دەست شمشێر و ئامێرى سەربڕين.

ناوی دەنێین ئیشق.

وای مرۆڤ چەند جەبرکار و گەمژە و دڵڕەقە لەو کاتەی کە بۆ خاتری هەمان ئەو ئارەزووە بچووکە بەدرێژایی مێژوو هاوجۆری خۆی خستۆتە ترس و زوڵمەوە بەند و زنجیر و دادگایی کردووە سەرەنجام سپێردراوەتە دەست شمشێر و ئامێری سەربڕین.

لە ڕێگەی هەمان ئەو ئارەزووە سادەیەوە مرۆڤ زۆرترین قوربانی داوە، ئاواتێکی حەقیقی و شادی هێنەرێکی وا کە مرۆڤ لە بەرزی و نزمی و کوتانەوەیدا لە خەم و پەژارەیەکی ئەبەدیدا ڕوونیشتووە ئارمانێکی بونیاتنەرە کە لە پێناویا خوێناویترین شۆڕش بەرپا بووە، دیسان هەمان ئەم ئازادییە کە بەناوی ئەو بەڵکو بە بەهانەی ئەوەوە چەندین شۆڕش دزراوە و لە ڕێ لایداوە و شکستی خواردووە و گەورەترین خەسارەتێ کە هەرگیز پڕ ناکرێتەوە، تەنیا بۆ هێنانەدی یەک ئارەزووی زەینی... یەک ئارەزووی بچووک ڕوودەدات.

ئارەزوویەکی چکۆڵە، بەڵام دەستکەوتێکی گەورەیە کە بەرزی ئیشق و خواستی مرۆڤ و فەرهەنگ شارستانی دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی ڕەگوڕیشەی ئەوەوە، میوەیەکی دانایە کە بەسەر بەرزایی درەختی وجودەوە شین دەبێت و لە کۆتاییدا بۆ کامڵ بوون و بەختەوەری هەر دەبێ بکەوێتە بەردەستی هەمووانەوە.

بەڵام مرۆڤی فەرمانڕەوا و چینی دەسەڵاتدار لە بەرابەر بژێوگری هاوبەش لەو بەهرە ژیانبەخشە، بە تەواوی بۆ مانەوە و دەسەڵاتی خۆی دەستی داوەتە بە موڵک و ماڵ کردن و خستنە ژێر دەستی ئەو درەختە بەختەوەرو بەخشە بەندکردن و دابڕاندنی ئەو میوە دانایە لە بەرزایی درەخت و باوەشی دایک و زاهیدانی باغەوەو پەنهان کردنی لەناو خانەی سندوقی یاسا و دەستووری تەوجیهی و مەقتەعی هەر بە تەنیا بۆ بەردەوام مانەوەی فرمانڕەوایەتی پێنج و دوو ڕۆژەی خۆی ئومێدەوار دەبێ بێ خەبەر لەوەی کە ئەو میوە نایابە ئەو میوە زەریف و کارەسات بەرگە بە تەواوی جیلوەی غەریبانە و جەزاب و جوانییەوە، دژەکانی خۆی لە هەناوی خۆیدا پەروەریش دەکات، دەق وەک ژیان و مەرگ.

ئازادی لە یەک خانەی سندوقێکی حەسر کراودا بەهیچ جۆرە ڕەوش و پەرستارێکی پێویست ناتوانێ بەردەوامی بدا بە مانەوە و سەلامەتی و پاراستنی پێناسەی خۆی و خاسیەتی خۆی.

ئازادەگی و ئازادی خواستێکی سادەو بچووکە کە پێویستی بە ئاگاهی مرۆڤەوە هەیە، تەنیا لە کەش و هەوای لەبارو باغێکی هاوبەش و هەمووانیدا بە بارو بەرەوە ڕوودەنیشێ، بە زمانی سادە دەڵێم ئازادی عەینی مرۆڤە، بەبێ باڵندەگی و کار و توانا، هەتا بەڕادەی ئارەزوویەکی بچووکیش توانای دەست نیشانکردن نادۆزینەوە جا ئەگەر بەو جۆرە لە جیهاندا ڕەواجی هەیە

ئاوا نەفسی ئەو ئارەزووە بگرن و لە چاڵی نێن، ئەوە چک دەکات و بۆگەن دەبێ، لەنێو دڵی ئەم چاڵەدا ئومێدی شین بوونی کەڵە گیایەکی نووشدار نائومێدییەکی گەمژەڵانە و وەهمییە لە کۆنگرەی ئەو چاڵەدا تەنیا بنەو بۆتکەی دڕکی خنکان و تۆڵە و قەهر و ترس و سەرکوتکردن و نائاسییش و مەرگ شین دەبێ، مەرگێ کە بە ناچاری و سەرەنجام دامەنی باغەوانان و کارگوزەرانی ئەو جۆرە ڕەوشە شەیتانیانە دەگرێتەوە، ئەو دڕکە بەر لە هەموو شتێ چاوانی خودی سەرکەوتکەران بە نیشانە دەگرێ.

ئێمە لە میانەی ئەو سەدە هەزارانە پێگەیشتووین و ئەزموونمان کردووە و بەم باوەڕە بێ ئەلتەرناتیفەوە گەیشتینە ئەوەی کە ئازادی و هۆشیاری سینگ فراوانی لە بارەی بونیاتنان و خەللاقیەت و خۆشی هەمووان و یەکسانی کۆمەڵایەتی و گەڵاڵەبوونی ڕۆشناییە.

هەرروەها خوێندوومانەتەوە و بینیومانە کە چۆن یەک ئارەزووی بچووکیش لە سێ ڕەهەندی جیادا بۆتە شوێنی بەهرەچنی لە ڕێگەی ئازادی و بەهانەی ئازادی کە بەم جۆرەیە:

– شۆڕش بێدارکردنەوە و ڕاپەڕینی کامڵی خەڵکان لە ڕێگای ئازادیدا.

– نیمچە شۆڕش: بڕینی مرخەمرخی خەواڵوەکان و بێداربوونەوەو سەرەنجام لەڕێ لادان و شکستی یەکجارەکی بەناوی ئازادی.

– کودێتا و تەجاوەز کە بە بەهانەی ئازادییەوە ئەنجام دەگرێت بە نموونە:

– لەشکرکێشی ناپلیۆن (ڕزگاربوونی ئەوروپای یەکگرتووی کلاسیک).

– هێرشی هیتلەر (ئازادی بە هەنجەتی ئەوەی بە نەژاد لە هەمووان باشترن).

– ستالین: (ئازادی بە بەهانەی فەرمانڕەوایەتی ئایدۆلۆژی).

– هەروەها سەدام حوسێن: تەجاوەز کردن بە بەهانەی ئازادی نەتەوەی عەرەب.

لە جیهانێکی ئاوای کلیلدارانی بەغدا ڕێگە نادەن بە کەسێک کە ئەو میوە دانایە ببینێ، هەر بۆیەش چەمک و ئەسڵ و گەوهەری و ئازادیی بەگشتی بە نەناسراوی دەمینێتەوە.

ئەو ئارەزووە دەبێتە دژی ئارەزوو زۆر بەوردی لەبەر خاتری هەمان ئەم بێ ئاگاییە گشتییەوە سەبارەت بە ناسینی ئازادی، کە زۆربەیان لە دژی دووچاری دروشمی لە ڕێ لادەران دەبن بۆ نموونە (هەڵچوونی ئیجگار زۆری خەڵکی ئاڵمان لە بەرامبەر خوتبەکانی هیتلەرە).

هەواڵنامەی کتێب

---

* ئەم نووسینە لە یەکێ لە ژمارەکانی (دنیای سوخەن) وەرگیراوە و لە نووسینی شاهرخ تویسرکانییەوە، تەنیا شتە گشتیەکانم لێ هەڵبژاردوە و پوختەکەییم نووسیوەتەوە. خۆیشی پێشەکییەکی تایبەتی سەرنووسەری هەمان ئەو گۆڤارە ئەدەبییەیە.

ئەزموون



مارف خەزنەدار

# یەکەمین کتێبم




یەکەمین نووسین، یەکەمین پرۆژە و کار و چاپکراوێک زۆر گرنگە یەکەمین جار لە لای نووسەر و دوایش ڕەنگدانەوەی ئەو وەخت و کاتە کە هەڵگری زۆرێک لەبار و زرووفی سیاسی و کۆمەڵایەتی سات و وەختی خۆیەتی، بۆ خۆی خوێندنەوەیەکی گەرەکە، ڕەنگە بەهۆی بارودۆخی کوردەوە کە تیا ژیاوە، چیرۆکنووسێکی کورد تاکو نامیلکەیەکی چیرۆکی چاپکردبێ... کتێبێک چیرۆکی لێکەوتووەتەوە کە لە ئەنجامی بەچاپگەیاندنیدا کێشاویە.

بۆ ئەم مەبەستە حەز دەکەین لە خودی نووسەرانەوە. ئەو تاقیکردنەوەیەمان بۆ یەکالا و ڕوون بکەنەوە، یاخود ئەو چیرۆکەی دواییمان بۆ بگێڕنەوە کە نەنووسراوەتەوە کە لە ئەنجامی بە چاپکردنی کتێبکەیەوە دروست بووە. ئەمجارەشیان مامۆستا خەزنەدار خۆی یەکەمین ئەزموونی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

سەرنووسەر

١

ئەوەی ڕاستی بێ «أغاني كردستان» یەکەمین کتێبی من نییە، نامیلکەی «العدل الإجتماعي» یەکەمین کتێبە لە کوردییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بەناوی خواستراوی نهێنی «مفخر»ەوە بڵاو کراوەتەوە، ئەم کتێبە تا دوو سێ ساڵ لەمەوبەر لە خۆم بەولاوە کەس نەیزانیوە ئەم «مفخر»ە کێیە، من خۆم ئاشکرام کرد. لەبەرئەوە کتێبی «أغاني كردستان» بە یەکەمین کتێبم لە قەڵەم دەدەم.

جارێ پێش ئەوە باس لە نامیلکەی «العدل الإجتماعي» دەکەم. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بەکر دلێر ئەندازیاری مەدەنی بوو لە بەغدا دەژیا، سەرەڕای پیشەی ئەندازیاری لە نێوەندی ڕۆژنامەگەرییەوە نزیک بوو، لە پێشانا نووسەر بوو لە بڵاوکراوەی «ئاگا و ڕووداوی هەفتەیی» لە دواییدا لە گۆڤاری «پەیام». ئەم دوو چاپەمەنییە لە لایەن بەشی پێوەندی لە باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاو دەکرایەوە، تۆفیق وەهبی سەرپەرشتی چاپیانی دەکرد.

هەر لەو سەردەمەدا بوو بەکر دلێر پرۆژەیێکی چاپی دروست کرد بەناوی «زنجیرەی خوێندەواری کورد»، ساڵانە نامیلکەیێکی بەزمانی کوردی بڵاو دەکردەوە. ئەڵقەی پێنجەمی زنجیرەکە بەناوی «دادی کۆمەڵایەتی» بوو. بەهۆی برادەرایەتییەوە ئارەزووی ئەوەی هەبوو ئەم نامیلکەیەی بۆ وەرگێڕمە سەر زمانی عەرەبی، ئەو کاتە من لە پۆلی یەکەمی بەشی زمانی عەرەبی کۆلێجی ئەدەبیات و زانستی بەغدا بووم.

نامیلکەکەم وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی لەگەڵ پێشەکییێک لە ساڵی ١٩٥٤ هەزار دانەی لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا چاپکرا. وەکو لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد تا دوو سێ ساڵ لەمەوبەر کەس نەیزانیوە ناوی نهێنی «مفخر» کێیە، تا من خۆم ئاشکرام کرد، لەبەر ئەوە کتێبی «أغاني كردستان» بە یەکەمین کتێبی خۆم لە قەڵەم دەدەم، چونکە ئەمەیان زیاتر پەیکەری کەسایەتی زانستی و ئەدەبی من دەخاتە ڕوو.

٢

لە پۆلی شەشەمی قوتابخانەی سەرەتایی دەستم کردووە بە وەرگێڕانی شیعری کوردی بۆ زمانی عەرەبی. تا پۆلی سێیەمی کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا بەشێکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکاندا بڵاو کرابوونەوە. لەو سەردەمەدا بیرم لەوە کردەوە ئەو شیعرە بڵاوکراوانە و هەندێ شیعری دیکەی کوردی بەعەرەبی بکەم بە

کتێبێک و ناوی بنێم «أغاني کردستان» بڵاویان بکەمەوە.

ئەو کاتە سانسۆر لە عێراق دا لەسەر چاپەمەنی نەبوو، واتە پاکنووسی کتێبەکەم دەبەم بۆ چاپخانە و تا دەکەوێتە بازاڕەوە لە خۆم زیاتر کەس نازانێ چی تێدا نووسراوە. من ترسم تەنیا لە ناوی «کوردستان» هەبوو، ڕاستە ناوەکە قەدەغە نەبوو، لە کتێبی مێژوو و جوگرافیا و بیرەوەری ئاسایی بوو ئەو ناوە بهاتایە، بەڵام لە کارێکی ئەدەبیدا بەزەقی ناوەکە بکەوێتە ناوەوە جۆرە ترسێکی لای من دروست کردبوو، ئەگەر بەناوی نموونەی ئەدەبی کوردی بڵاو بکرابایەوە هیچ جۆرە ترسێک نەبوو.

هەرچۆنێ بێ لە دوای بڵاو بوونەوەی کتێبەکە هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمەیێک نەکەوتە ناوەوە.

لەو سەردەمەدا زانای میسری دوکتۆر عەبدولحەلیم ئەلنەجار مامۆستا بوو لە بەشی زمانی عەرەبی کۆلێجی ئەدەبیات. ئەم زانایە پسپۆڕی زمانانی سامی بوو، بەتایبەتی عەرەبی و عیبری، خوێندنی بەرزی لە ئەڵمانیا تەواو کردبوو، بە سنگێکی فراوانەوە ئارەزووی منی هێنایە دی کە داوام لێ کرد پێشەکییێک بۆ کتێبەکەم بنووسێ.

بۆ ڕازاندنەوەی کتێبەکە کە دوو




هونەرمەندی شێوەکار یارمەتییان دام، یەکێکیان بەدیع باباجانی کورد بوو، ئەوەی دیکەیان خالید کەرخی عەرەب بوو.

بەدیع باباجان بەشێوەی هێڵکاری (تخطیط) وێنەی سەر بەرگ و پێشکێش و هەردوو شیعری «خەندەکەی بایی» دڵدار و «یادگاری هیوا»ی ئیبراهیم ئەحمەدی کێشا، هەروەها خالید کەرخیش وێنەیێکی بۆ «گۆرانییەکانی بابا تاهیر» دروست کرد.

کتێبی «أغاني کردستان» بریتییە لە بە باڵا برینێک عەبدولحەلیم ئەلنەجار نوسیویەتییەوە، ئینجا پێشەکییێکی خۆم لە بابەت ڕێڕەوی ئەدەبی کوردییەوە.

ئەو شاعیرانەی لەناو کتێبەکە ناویان هاتووە و نموونەی شیعریان بڵاوکراوەتەوە

و بەکورتی باس لە مێژووی ژیانیان کراوە ئەمانەن:

١- ئەحمەدی خانی: پارچەیێک لە «مەم و زین» بەناوی «مەم موناجات لەگەڵ مۆم دەکا» وەرگیراوە.

٢- پیرەمێرد: شیعرێک بەناوی «زین موناجات لەگەڵ لاشەی مەمی مردوو دەکا» بڵاو کراوەتەوە. جگە لەوە هەر لە شیعری پیرەمێرد کتێبەکە شیعری «من و ئەستێرەکان» و «ئەم ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە»ی گرتۆتە خۆ.

٣- دلدار: شیعری «خەندەکەی بایی» بڵاو کراوەتەوە

٤- میهرەبان خاتوون: شیعر «عەشق».

٥- میرزا شەفیع: شیعری «زولێخا» وەرگیراوە.

٦- بێخود: شیعری «دڵم مەفتوونی...» بۆ خانمە جوانانی کەرکووک وەرگیراوە.

٧-شێخ خالیدی شارەزووری نەقشبەندی: موناجاتە بەناوبانگەکەی وەرگیراوە کە پیرەمێرد لە دیالێکتی گۆرانی و زمانی فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی.

٨- ئیبراهیم ئەحمەد: شیعری «یادگار و هیوا» وەرگیراوە.

٩- نالی: وەرگێڕانی دووە غەزەلی نالی بڵاو کراوەتەوە.

١٠- بێکەس: شیعری «ئەی مانگ من و تۆ...» بڵاو کراوەتەوە.

١١- بابە تاهیر: شەش دوو بەیتی بڵاو کراوەتەوە.

١٢- وەلی دێوانە: پارچەیێک لە موناجاتەکانی لەگەڵ «شەم».

١٣- دوازدە پارچە لە گۆرانییە میللییە سەرزارییەکانی کوردی (فۆلکلۆر) بڵاو کراوەتەوە.

١٤- لەژێر ناوی «فرمێسک» پارچە پەخشانێکی ئەدەبی وەک شێوەننامە تۆفیق وەهبی بۆ کۆچی دوایی ئەمین زەکی نووسیبوویەوە.

کتێبەکە لە بەغدا لە شوباتی ١٩٥٦ لە چاپخانەی ئەسعەد چاپکرا، تیراژی هەزار دانە بوو.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە بەغدا لە ڕۆژانی هەینی تیراژی ڕۆژنامەکان لە ڕۆژانی دیکە زیاتر بوو، چونکە ڕۆژی هەینی هەنگامی حەسانەوە بوو، ماوەی خوێندنەوەی چاپەمەنی زۆر بوو، چاپخانەکان دەوری یانەی ڕۆشنبیریان دەبینی، هەروەها ئەگەر کتێبێکیش تازە لەژێر چاپ دەربچووایە کتێبفرۆشەکان هەوڵیان دەدا بەیانی ڕۆژی شەممووان (سەرەتای هەفتە) دەست بکەن بە فرۆشتنی.

من لە بیرمە کە (أغانی کردستان) ئامادە بوو بۆ بڵاوکردنەوە، کە بردم بۆ کتێبخانەکان، گوتیان پێنج شەمووە،

بڵاوکردنەوەی دەمێنێتەوە بۆ ڕۆژی شەموو.

من پێوەندیم بە دوو کتێبفرۆشی هەرە گەورەی بەغدا هەبوو، یەکەمیان عەسرییە (العصرية) و دووەمیان موسەننا (المثنى)، هەروەها کتێبفرۆشی (الأمل) ئەمەیان بچووک بوو، بەیانییێکی شەموو لە مانگی مارتی ١٩٥٦ ئەم سێ کتێبخانەیە کتێبەکەی منیان لە هەموو سوچێکی بەغدا و مووسڵ و خوارووی عێراق بڵاوکردەوە، هەرچی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێریش بوون خۆم بۆ کتێبخانەکانم نارد.

دانەیێکی کتێبەکەم بەدیاری بۆ گیوی موکریانی نارد، ئەو کاتە خاوەنی چاپخانەی کوردستان بوو لە هەولێر، لە کۆواری «هەتاو» ستایشی من و کتێبەکەی کردبوو، هەروەها نووسیبووی ئەگەرچی کتێبەکە بە زمانی عەرەبیشە ئەگەر بۆ منی بناردبایە بۆ فرۆشتن لەگەڵ ئەو کتێبانەی خۆم چاپیان دەکەم بڵاوم دەکردەوە و قازانجیشم لێی وەرنەدەگرت. گیو ئەوەند دڵسۆزی کوردایەتی بوو پێی خۆش نەبوو نووسەری کورد بە زمانی غەیرە کوردی بنووسێ، هەمیشە قسە نەستەقەکەی حوسێنی حوزنی موکریانی دووبارە دەکردەوە، ئەگەر بە کوردی جنێویشی پێ بدرێ بەلایەوە خۆشترە لەوەی بە عەرەبی مەدح بکرێ.

٤

لەدوای بڵاوبوونەوەی «أغاني كوردستان» هەموو ڕۆژنامە و کۆوارە هەفتەییەکانی بەغدا بەزمانی عەرەبی بەکورتی لەسەریان نووسی، هەروەها ئەو ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییانەی لە سلێمانی و هەولێر و بەغدا دەردەچوون.

ئەوەی لەم بارەیەوە سەرەنجی ڕادەکێشا ئەوەبوو ڕۆژنامەی (الحرية) ئۆرگانی حیزبی ئیستیقلالی بەغدا لەگەڵ ئەوەی هەناسەیێکی قەومی هەبوو، بەو مانایەی ئەوەی کورد خەباتی بۆ دەکا نابێ بیدرێتێ بەڵکو خاوەنی ئەو مافە بێ کە ئەوان دەیدەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازییێکی گەرمی کتێبەکەی منی کرد، دووجار بەناوی پروپاگەندە بەجوانی ناویان هێنا. هەروەها وتارێکی دوکتور ناسرٍ ئەلحانییان بەزمانی عەرەبی لە بابەت کتێبەکەوە لە ڕۆژنامەی «الحرية» بڵاو کردەوە.

ناسرٍ ئەلحانی مامۆستایێکی هەڵکەوتووی ئەدەبی عەرەبی بوو لە خانەی بەرزی مامۆستایان (دار المعلمين العاليه)، دەرسی بە من نەگوتووە، بەڵام ناسیاوم بوو و منی زۆر خۆش دەویست، ئەو کاتەی وتارەکەی لە ڕۆژنامەی «الحريه» بڵاو کرایەوە پاشکۆی ڕۆشنبیری بوو لە باڵیۆزخانەی عێراق لە واشنتۆن. ئەوەی




شایانی باسە لەم ماوەیەدا ئەوەیە لە دوای ئینقیلابەکەی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ یەکێک بوو لە وانەی بەدەستی حیزبی بەعس کوژران.

٥

کۆمەڵێکم لە کتێبەکە پێشکێش بە عەبدولحەلیم ئەلنەجار کرد. ئەویش بۆ دۆست و برادەرەکانی ناردبوو لە مامۆستایانی زانستگا و شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی میسر و سووریا و لبنان، لەو وڵاتانە هەواڵی دەرچوونی کتێبەکە لە چاپەمەنییان دا بڵاو کرایەوە، هەندێک لەو زاتانە بە نامە و کارتی تایبەتی سوپاسنامەیان بۆم نووسی، ژمارەیان دە دوازدە کەس دەبوو، لەناویان دا تەها حوسێن و یووسف ئەسعەد داغیرم لەبیر ماوە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٥٦ لەدوای دەرچوونی کتێبەکە خۆم گەشتێکی ئێرانم کرد، چەند دانەیەکم بەدیاری لەگەڵ خۆمدا برد. لە شارەکانی قەسری شیرین و کرند و کرماشان و هەمەدان و تاران دانەی کتێبەکەم بەسەر خەڵکی ئەو شارانە و نامەخانەی گشتییەکان دا بڵاو کردەوە.

لێرەدا پێویستە دوو هەڵوێست بۆ خوێنەران ڕوون بکەمەوە.

١- لەو گەشتەمدا پۆلیسی ئێران ڕێگەی نەدام سەر لە ناوچەی سنەی ئەردەڵان و مەهابادی موکریان بدەم.

٢- لە ماوەی جەنگی ئێران و عێراق (١٩٨١- ١٩٨٨) و بۆمباباران کردنی قەسری شیرین و لەناوبردنی شارەکە لە ماڵێکدا لە ژێر دار و پەردووی خانووی کاول بوو لە ناو نامەخانەی ماڵەکە لەگەڵ قورئان و کتێبی دیکە دانەیێکی «أغانی کردستان» دۆزرابووەوە. عەسکەرێکی کوردی عێراقی بۆ یادگاری لە لای خۆی پاراست بووی.

٦

لە ماوەی دەرچوونی کتێبەکە ڕەوشەن بەدرخان لە شامەوە بە سەفەر هاتبووە

هەواڵنامەی کتێب

بەغدا، لەگەڵ ئەم ژنە خوێندوارە بەکارە ناسیاو بووین، نامەنووسین کەوتبووە نێوانمانەوە بەهۆی کامیران بەدرخان کە ئەو کاتە لە پاریس دەژیا. ڕەوشەن خان کە گەڕایەوە شام کۆمەڵێک لە کتێبەکەم پێشکێشی کرد، لە سووریا بەسەر دۆست و برادەراندا دابەشی کردبوو.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە لە هەینی ساڵی ١٩٥٧ میهرەجانی لاوانی دیمۆکراتی گێتی لە مۆسکۆ بەسترا، کۆمەڵک لاوی کورد نوێنەری لاوانی دیمۆکراتی کوردستان بوون، ئەوەی من ئاگادارم ئەحمەد عوسمان و جەلال تاڵەبانی و عومەر دزەیی لەگەڵ قوتابی و لاوی دیکە نوێنەری کورد بوون، ڕەوشەن بەدرخان دوو دانە لە کتێبی «أغاني کردستان»ی پێشکێش کردبوون، نازانم کامەیان لەو سێ کەسە وەری گرتبوو، لەوێ دانەیێکیان دابووە قەناتی کوردۆ و دانەکەی دیکەیان پێشکێش بە نامەخانە لینین (ئێستا نامەخانەی ڕووسیا) کردبوو.

ئیتر قەناتی کوردۆ لە بیبلیۆگرافیای نامەخانەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەو وڵاتە تۆماری کردبوو، هەروها هەموو بەشە عەرەبییەکانی ئەکادیمیەی زانستی ئەو سەردەمەی دەسەڵاتی سۆڤیت ئاگادار کردبوو، لەدوای سێ ساڵ کە بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرز ڕووم کردە ئەو وڵاتە لە نێوەندی ڕۆژهەڵاتناسیدا ناوبانگم هەبوو.

٧

ئەو کاتەی کتێبی «أغاني کردستان» بڵاو کرایەوە سەعید قەزاز وەزیری ناوەوەی عێراق بوو، ڕۆژێکیان لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی دەبێ و بە شەقامی ڕەشید تێدەپەڕێ، چاوی بە وشەی «کوردستان» دەکەوێ لەسەر کتێبێک لەوانەی لە کەشکەکانی ئەو شەقامە هەڵواسرا بوون. بە شوفێرەکەی دەڵێ ئۆتۆمۆبێل ڕابگرێ و بچێ دانەیێک لەو کتێبەی بۆ بکڕێ.

هەمووی هەفتەیێک بەسەر دەرچوونی کتێبەکە تێپەڕی نەکردبوو، ڕۆژێک ئەو بەیانییە لە کۆلێجی ئەدەبیات لە



هەواڵنامەی کتێب

موحازەرەدا بووم، سەعات ١١،٠٠ی بەیانی لێ بوومەوە. بەپێ لە بابولموعەززەمەوە بەرەو قوتابخانەی ئامادەیی نێوەندی بەناوبانگی بەغدا هاتم، لەوێ مووچەخۆر بووم بەناوی کاتیب. هەر لە دەرگای قوتابخانەکەوە دەرگاوان پێی گوتم ڕوو بکەمە ژووری کارگێڕ، ئەو کاتە عەلائەدین ڕەییس کارگێڕ بوو، یەکێک بوو لە پیاوە ناودارەکانی پەروەردە لە هەموو عێراق.

کە لێ چوومە ژوورەوە گوتی: سکرتێری وەزیری ناوەوە فوئاد تەکەرلی هاتە ئێرە و لە سەعید قەزازەوە ئەم نامەیەی بۆ هێنای. دیار بوو کارگێڕ بە پەرۆشەوە بوو بزانێ نامەکە لە بابەت چییەوەیە؟ لە دوای خوێندنەوەی نامەکە بەزمانی کوردی بوو، گوتم: پیرۆزبایی دەرچوونی کتێبی «أغانی کردستان»م لێ دەکا، بەمە ئەویش دڵی خۆش بوو. هەروەها کارگێڕی قوتابخانە گوتی: فوئاد تەرکەرلی ئارەزووی دەکرد چاوی پێت بکەوێ، دیارە یەکتری دەناسن، گوتم بەڵێ فوئاد یەکێکە لە چیرۆکنووسە بەتواناکانی عێراق، ئاشنایەتیمان لەگەڵ یەکتریدا هەیە و لە هەندێ ڕۆژانی هەینی لە چاپخانەکانی بەغدا لەگەڵ بەدر شاکر سەیاب و حوسێن مەردان و عەبدولڕەزاق عەبدولواحید و کازم جەواد دوو نووسەر و شاعیری دیکە چاومان بەیەکتری دەکەوت.

ئیتر پێش ئەوەی لە ژووری کارگێڕی قوتابخانە بچمە دەرەوە عەلائەدین ڕەییس گوتی: پێویستە بچیە لای سەعید قەزاز و سوپاسی ئەو ڕێزلێنانەی بکەی، دیارە چاوت بە فوئاد تەکەرلیش دەکەوێ.

ئەوەی ڕاستی بێ لەو سەردەمەدا بەپێی بۆچوونی کۆمۆنیستەکان و نیشتمانپەروەرانی کورد نزیک بوونەوە لە سەعید قەزاز پەسەند نەبوو، نەک تەنیا ئەو بەڵکو بیروڕایان بەرامبەر بە تۆفیق وەهبیش ڕەشبینانە بوو. ئەو کاتە من دەمێک بوو ئەو ڕچەم شکاندبوو و لە تۆفیق وەهبی نزیک بووبوومەوە تا پلەیێک خۆم بە قوتابی ئەو دەزانی و ئەویش منی بە برازای خۆی حسێب دەکرد. هەرچۆنێک بێ ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی تۆفیق وەهبییان بە کۆنەپەرست حسێب دەکرد و هەڵوێستی منیان بەدڵ نەبوو، ئەوانە لەدوای دە ساڵ واتە لە ساڵی ١٩٦٧ بەم لاوە ئەوان خۆیان لە تۆفیق وەهبی نزیک بوونەوە و دانیان بە هەڵەی خۆیاندا هێنا بەرامبەر بە هەڵوێستی من.

هەرچۆنێک بێ لەدوای وەرگرتنی نامەکەی سەعید قەزاز ڕۆژێکیان ڕووم کردە وەزارەتی ناوەوە، لە قوتابخانەی ئامادەییەوە نزیک بوو. فوئاد تەکەرلی پێشوازییێکی گەرمی لێ کردم، گوتی: جارێ میوانی من بە، ڕەفائێل بەتی وەزیر دەوڵەت لەلای سەعید بەگە، وا بزانم

گفتوگۆیان زۆر ناخایەنێ، چونکە بەپێوە وەستاون و قسە دەکەن. گفتوگۆم لەگەڵ سەعید قەزاز گەرم بوو، دەیگوت: وەرگێڕانەکەتم بەدڵ بوو بۆ شیعرە کوردییەکان، عەرەبیەکەت خۆش و جوانە، دەتوانم بڵێم فیتزجیراڵد چی لەگەڵ چوارینەکانی عومەر خەیام کردووە تۆ ئەوەت لەگەڵ شیعرە کوردییەکان کردوە، پێویستە لەدوای خوێندنی کۆلێجی ئەدەبیات خوێندنی بەرزت لە بەریتانیا یا ئەمەریکا تەواو بکەی. لەم چاوپێکەوتنەدا سەعید قەزازم وەک نیشتمانپەروەرێکی کورد بەشێوازی خۆی کەوتە بەرچاو. لەپاشانیشا ئەوەی خستەڕوو کە جوامێرێکی نەترس و کەسایەتییێکی مەرد بوو بەتایبەتی لە کاتی لەسێدارەدانیدا لە بەغدا.

٨

لەو بەهارەدا کە کتێبی «أغانی کردستان» بڵاوکرایەوە، ئەدمۆنسی سیاسی و کوردناسی ئینگلیز هەندی فۆڕمەی چاپکراوی کتێبی «کورد و تورک و عەرەب»ی بە ئینگلیزی لە لەندەنەوە ناردبوو بۆ بەغدا بۆ تۆفیق وەهبی، مەبەستی ئەوە بوو بیروڕای خۆی لە بەرامبەری دەربڕێ و هەڵەچنیشی بکا. تۆفیق وەهبی ئەم ڕێکەوتەی بەهەل زانی و پێشنیازی ئەوەبوو



دانەیێک لە «أغانی کردستان»ی پێشکێش بکەم و ئەو لەگەڵ فۆڕمەکانی کتێبی «کورد و تورک و عەرەب» ڕەوانەی لەندەنی بکا.

ئەوەی شایانی باسە تا ئەو کاتە من ئەدمۆنسم نەدی بوو، ئێستا و ئەوساش تا کۆچی دوایی چاوم پێی نەکەوت. ئەگەر تەوفیق وەهبیش پێشنیازی نەکردایە ئەوەی دەهێنا کتێبەکەی پێشکێش بکەم چونکە زانایێکی دیار و کوردناسێکی بەناوبانگ و بەکار بوو.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بیڵێم ئەوەیە تۆفیق وەهبی لە ناو کوردناس و مێژووناسی غەیرە کورد زۆر ڕێزی لە سێ کەس دەنا، لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەمانە دۆستی کوردن و مێژوونووس و زانای بابەتین، ئەو کەسانە مینۆرسکی ڕووس و پووورداوودی فارس (یا ئازەری) و ئەدمۆنسی ئینگلیز



بوون، پێوەندی بە هەرسێکیانەوە هەبوو، بەزۆری لای من ستایشی دەکردن. منیش ئەو کاتە ئارەزووم دەکرد هەرسێکیان بناسم، بەڵام ئەو ئاواتەم بەتەواوی نەهاتە دی. وابوو لە دواییدا ئاشنایەتیم لەگەڵ پوورداوود پەیدا کرد لە تاران، هەروەها لە شاری مۆسکۆش لەگەڵ مینۆرسکی، کەچی لەگەڵ ئەدمۆنس تا مردنیش ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیدا نەکرد، بەڵام ئەو منی دەناسی هەندێ نووسینی منی خوێندبووەوە.

٩

کتێبی «أغانی کردستان» لە نامەخانەی عەرەبیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە، ئێستا و لەدوارۆژیشدا لایەقی ئەوەیە زیاتر لە جارێکیش چاپ بکرێتەوە.

ئەگەر هەوڵی چاپکردنەوەی درا پێویستە ڕەچاوی ئەم تێبینییانەی لای خوارەوە بکرێ.

١- تێکستی وەرگێڕانی شیعرە کوردییەکان پێویستییان بەهیچ جۆرە دەسکارییێک نییە، ئەوە ناڵێم ئەگەر هەڵەی بەرچاو بکەوێ پێویستە ڕاست بکرێتەوە.

٢- دەکرێ لە چاپی تازەدا وێنەی هێڵکاری تەعبیری بۆ هەندێ لە شیعرەکان لە لایەن هونەرمەندانەوە دروست بکرێ.

٣- ئەوەی پێویستی بەدەسکاری هەیە ئەو زانیارییانەیە کە لە بابەت ژیانی شاعیران و بەرهەمی ئەدەبییان خراونەتە ڕوو.

کەموکوڕی لەم لایەنەوە لەبەرئەوە بووە هەندێ لە زانیارییەکان ڕاست نەبوون، لە دواییدا بە بەڵگەوە ئەو زانیاریانە ڕاست کرانەوە، ئەمانە پێوەندییان بەسەردەمی ژیانی شاعیر و پەروەردەی خێزانی و کاروباری ژیان و پیشە و سەنعەتیانەوە هەیە، بۆ مەبەسی ڕاست کردنەوەی ئەم هەڵانە لە کتێبەکەدا بە من بێ مێژووی ئەدەبی کوردی (حەوت بەرگەکەی) خۆم بکرێ بەسەرچاوە، واتە هەرچی لە کتێبی «أغانی کردستان» نووسراوە ئەگەر لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەیە ڕێک نەکەوێ ئەوەی مێژووەکە ڕاستە.



حەمەسەعید حەسەن

# هونەری دیالۆگ

**بە گوێرەی ئەفسانەیەکی گریک، پیاو ئەگەر بە ئەشقێکی مەزنەوە،**



**پەیکەری ژنێک بتاشێت، هیچ دوور نییە خوداوەندەکان گیان بە بەر ئەو پەیکەرەدا بکەن. ئەوانەشی بە ئەشقەوە بنووسن، هێندە جوان مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکەن،**

**نووسینیان ئەوینی لێ دەچۆڕێت، نەک ڕک و کینە.**

ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتارییەتی یەکیەتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، لە هەفتەنامەی (هەواڵ)دا بە چوار بەش، بە ناونیشانی (وەڵامێک بۆ چەواشەکارییەکانی سەروەر پێنجوێنی،)[1] بەرسڤێکی تا بڵێیت توندی نووسەری ناوهاتوویان داوەتەوە کە ئەز لێرەدا، لە پێناوی چەسپاندنی کولتووری وتووێژی شارستانی و مۆدێرندا، هەندێک سەرنج لەسەر ئەو زمانە زێدەزبرە دەردەبڕم کە زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان پەنایان بۆ بردووە.

بە گوێرەی قسەی زانایان: (سەروەر پێنجوێنی قالۆنچە ئاسا، لەبری ئەوەی حەزی لە ئاوی زوڵاڵ و لە بۆنی عەتر و گوڵاو بێت، شەیدای ئاوی ئاوەڕۆ و بۆنی دەباغخانەیە.) یان دەڵێن: (سەروەر پێنجوێنی تووتکەسەگێک بوو، ئێمە پەروەردەمان کرد، کە بوو بە سەگی تەواو، لاقی گرتین.)[2] یان پێی دەڵێن: (تۆ چونکە لە کونی خۆت هەڵگەڕاویتەوە، بۆیە ئەگەر لە ئاوێنەدا سەیرێکی خۆت بکەیت، هەست دەکەیت کە گەڕ بوویت.) مەبەستیان لەو قسە نەستەقەیە کە دەڵێت: (ڕێوی لە کونی خۆی هەڵبگەڕێتەوە، گەڕ دەبێت.) وەلێ بەوەیان نەزانیوە کە ئەوە ئیدیۆمە، نەک پەند کە دوو شتی جیاوازن.

شیاوی گوتنە زانایان هەستیان بە جیاوازی نێوان (لەش و لاشە)یش نەکردووە کە یەکەمیان جەستەی زیندووە و دووەمیان مردوو. زانایان دەنووسن: (پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێت، لە پەنجا ساڵی بە دواوە خێزانەکانی تری هێناوە.) کە دەبوو لەبری خێزانەکان، ژنەکانیان گوتبا، ئاخر ئەوی پیاو دەیهێنێت، ژنە نەک خێزان. کەسانێک ڕێز لە ژن بگرن، پێی دەڵێن ژن، ئەوانەی سووک سەرنجی ژن دەدەن، پێی دەڵێن خێزان. قەت لە ژنێکتان بیستووە، بە مێردەکەی بڵێت: خێزانەکەم. زانایان دەنووسن: (کابرایەکی مەجووسی خەلیفەی شەهید کرد.) کابرای مەجووسی خەلیفە دەکوژێت یان تیرۆر دەکات، شەهیدی ناکات، ئەوە موسڵمانانن کە نازناوی شەهید بە خەلیفە دەبەخشن. عەلی کیمیکاڵ کە کوردێکی دەکوشت، پێی وابوو، سەگێک دەتۆپێنێت، ئەوە ئێمە بووین، بە شەهیدمان دەزانی. زانایان دەنووسن: (وەکوو هەنگی لە کوڵکەداردا دۆزیبێتەوە.) کۆلکەدار هەڵەیە، کلۆرەدار دروستە. سەیرە کەسانێک جیاوازیی لە نێوان کۆلکە و کلۆردا نەکەن و ئەم و ئەویان پێ کۆلکەنووسەر بێت!

زانایان بە سەروەر دەڵێن: (بەوەدا چاویلکەت لە چاودایە، دیارە چاویشت کەمحوکم بووە.) کەواتە لە ڕوانگەی زانایانەوە، سەروەر قالۆنچەیە، سەگێکی سپڵەیە، ڕێوییەکی گەڕە و چاویشی لاوازە! نازیستەکانیش وا ڕاهاتبوون، سووک سەرنجی کەسانی وایان

دەدا کە لە ڕووی جەستەوە، کەموکووڕییان هەبووایە، بەڵام تەنانەت لای ئەوانیش چاویلکە لە چاو کردن، نەدەکەوتە خانەی کەموکووڕییەوە! بە ڕاست زانایان خەریکی وتووێژن یان بەخشینەوەی قسەی درێو؟

ئەوە وتووێژ هەڵناگرێت کە مەرجی یەکەمی وتووێژکردن، ڕێزگرتنە لەوانەی نە لە ئێمە دەچن و نە وەک ئێمە بیر دەکەنەوە. زانایان چونکە هەر لە بەشی یەکەمی وەڵامەکەیاندا سەروەریان بە قالۆنچە چوواندبوو، بۆیە کە لە بەشی سێیەمدا گەییشتمە ئەوەی دەڵێن: (سەروەر قسەکانی شازین هێرشی کاوێژ کردووەتەوە،) گەرچی کاوێژکردنەوە بۆ ئاژەڵ دەبێت، وەلێ پێم ئاسایی بوو، ئاخر بۆ نموونە، مانگا کە لە هیندستان کاوێژکارێکی پیرۆزە لە کوێ و قالۆنچە لە کوێ کە نالی گوتەنی هەمیشە نوقمی شیاکەیە؟[٣] زانایان ئەو هەموو سووکایەتییەیان بە سەروەر پێنجوێنی کردووە کەچی دەڵێن: (لە پێغەمبەری خواوە فێر بووین، بە قسەی توندوتیژ وەڵام نەدەینەوە.) وەلێ هێندە نابات ئەو دەرسەی لە پێغەمبەری خواوە فێری بوون، لە بیریان دەچێتەوە و ئەمجارەیان بە سەروەر دەڵێن: مێشک قرپۆک!

سەروەر گوتوویەتی: لای ئیسلام (وێنەکێشانی خودایش وەک وێنەکێشانی پێغەمبەر قەدەغەیە.) کە ئەمە قسەیەکی تەواو دروستە، کەچی زانایان پێی دەڵێن: (تۆ فیکرت بۆگەنە و ساویلکەشیت،) چونکە داوای ئەوەت کردووە، وێنەی خودایەک کە کەس نەیبینوە بکێشرێت! خودایەک کە نە لە کەس بووە و نە کەسی لێ بووە و نە لە کەس دەچێت، چۆن وێنەی دەکێشرێت؟ بە ڕاست ئەمە بێجگە لە شەڕ پێ فرۆشتن و بە زۆر کافراندن، چی دیکەیە؟ هەق نەبوو زانایان، قسەیەک بدەنە پاڵ سەروەر کە نەیکردووە.

زانایان نە سەروەر بە نووسەر و نە نووسینەکانیشی بە نووسین دەزانن و پێیان وایە، ئەو شیاوی وەڵامدانەوە نییە! بەڵام بۆیە بە چوار بەش و بە دوورودرێژی وەڵامیان داوەتەوە، تا خۆیان گوتەنی: (درۆ و دەلەسەکانی پووچەڵ بکەنەوە.) باشە (سەروەر)ێک کە نووسەر نییە و فڕی بەسەر نووسینەوە نییە، ئەوە دەهێنێت زانایان چوار هەفتە لەسەر یەک خۆیان و خوێنەرانی پێوە سەرقاڵ بکەن؟ جێی سەرنجە زانایان پێشەکی بڕیاریان داوە، هەر چی سەروەر بینووسێت درۆ و دەلەسەیە کە هەق بوو لێ گەڕین، خوێنەر دادوەری بکات و بگاتە ئەو سەرئەنجامە.

زانایان دەنووسن: (سوپای ئیسلام دەستدرێژی نەکردووەتە سەر هیچ کافرێک، جا ئەهلی کیتاب بووبێت یان بتپەرست.) کێشەکە لای من ئەوە نییە دەستدرێژی کراوە یان نا؟

ئەوەیە ئایا ئەهلی کیتابیش وەک بتپەرستان هەر کافرن؟ ئەهلی کیتاب، جوولەکە و کریستیان دەگرێتەوە، ئایا زانایان مافی ئەوەیان هەیە کەسانی سەر بەو دوو ئایینە ئاسمانییە کە وەک موسڵمانان هەمان خوا دەپەرستن، بە کافر ناوزەد بکەن؟ ئایا ئێستا کە تەنانەت ئەهلی مەککە و مەدینەیش، وتووێژ لەگەڵ فەلە و جوودا دەکەن، وەختی ئەوە ماوە، زانایانی کورد، ئەهلی کیتابیان پێ کافر بێت؟

زانایان دەڵێن: (جوولەکە بە درێژایی مێژوو هەر خەریکی ئاژاوە و پیلانگێری بوون.) کەچی چەند دێڕێک دواتر دەنووسن: (جارێک موسڵمانێک دزی دەکات و بەسەر جوولەکەیەکیدا دەهێنیت.) یان دەڵێن: (موسڵمان دروستە ئافرەتی جوولەکە بهێنێت، با ئافرەتەکە لەسەر ئایینی خۆیشی بمێنیتەوە.) ئەدی هیچ مەترسیی ئەوە نییە، ئەو ژنە کە بە ئایین جوولەکەیە، بە درێژایی تەمەنی هەر خەریکی پیلانگیران بێت لە دژی مێردە موسڵمانەکەی؟ زانایان دەنووسن: (پێغەمبەر فەرموویەتی، سوێند بە خوا ئەگەر فاتیمەی کچیشم دزی بکات، دەستی دەبڕم.) تۆ لەوەی گەڕێ کە (دەستی دەبڕم،) هەڵەیە، (دەستی دەبڕمەوە،) دروستە، زانایان لە کاتێکدا ویستوویانە پێغەمبەر وەک نموونەی باڵای دادخوازی لە قەڵەم بدەن، بێ ئەوەی دەرکیان پێ کردبێت، هاتوون ئەویان وەک کەسێک نیشان داوە، کە هێندەی گەردێک بەزەیی لە دڵیدا نەبێت، ئاخر مەگەر لە کن هەوادارانی زەرقاوی، ئەگەر نا کەی وەختی ئەوە ماوە، ڕیکلام بۆ بڕینەوەی دەستی دز بکەین و ئەو سزایە بە ڕەوا بزانین؟

زانایان نیاز و مەبەستی خۆیان ناشارنەوە و لە کۆتاییی دوا بەشی وەڵامەکەیاندا بە ڕاشکاوی دەڵێن: (ئەی ناحەزان، ئەی ئەوانەی فووتان بۆگەنە و قەڵەمتان ترسنۆک و لەرزۆک، ئێمە توانیمان تۆپەڵێک قوڕ بە دەمتاندا بدەین، بە داخەوە بمرن!) ئایا کەسانێک ئەوە دوا قسەیان بێت، ئومێدی ئەوە هەیە لە داهاتوودا فێری هونەری وتووێژ ببن؟ لە نووسیندا کولتوورێک هەیە، کولتووری جنێوی پێ دەڵێن، ئەو بنووسانەی سەر بەو کولتوورە دزێوە بن، بە درێژایی نووسینەکانیان خەریکی قڵپکردنەوەی هەڵچوونەکانی خۆیانن بەسەر نەیارەکانیاندا و هەر چی کینەیەک لە دەروونیاندا پەنگی خواردووەتەوە، بە هۆی گوتەی بریندارکەر و وشەی زێدەزبرەوە ئاڕاستەی ئەوانەی دەکەن کە وەک خۆیان بیر ناکەنەوە.

(بنووسی سەر بە کولتووری شەڕەجنێو، بێرناردشۆ گوتەنی، لەبری ئەوەی خۆی لەگەڵ جیهاندا بگونجێنێت، بە هیوای ئەوەیە جیهان لەگەڵ ویدا بگونجێت.)(٤) ئەوە نزیکەی وەک

مەحاڵ وایە، درێونووس ڕێز لەوانە بگرێت کە جیاوازن لە خۆی، مەگەر یاسا سنووری بۆ دابنێت. درێونووس بەراوەژوو سوود لە دیمۆکراسی ئەگەر هەبێت، وەردەگرێت و دوژمنێکی سەرسەختی ئازادیی بیروڕا دەربڕینە، بۆیە لەژێر دەواری دیمۆکراسیدا، پێویستە جێی نەبێتەوە. بە گوێرەی ئەفسانەیەکی گریک، پیاو ئەگەر بە ئەشقێکی مەزنەوە، پەیکەری ژنێک بتاشێت، هیچ دوور نییە خوداوەندەکان گیان بە بەر ئەو پەیکەرەدا بکەن. ئەوانەشی بە ئەشقەوە بنووسن، هێندە جوان مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکەن، نووسینیان ئەوینی لێ دەچۆڕێت، نەک ڕک و کینە.

نووسین لای نووسەرێک کە دەتوانین پێی بڵێین ئەدیب، زادەی هەستێکە کە لە ڕۆحییەوە هەڵدەقوڵێت و بەری باخی ئەزموونێکە کە بایەخ بە چارەنووسی ئینسان دەدات، وەلێ لای بنووسی سەر بە کولتووری شەڕەجنێو، نووسین لە دەروونێکەوە هەڵدەقوڵێت کە بە کینە ڕەش هەڵگەڕاوە. ئەو بنووسانەی بۆ پەیداکردنی ناوبانگ، هانا بۆ زمانی بازاڕی و وروژاندن دەبەن و باسی ژیانی تایبەتیی ئەم و ئەو دەکەن، کەسانی ناساغن و ئەگەر خاوەنی توانایەکیش بن، بە دەستی خۆیان تەلاری ئەو توانایە دەڕووخێنن، بۆیە ئەوە ئیشی کۆمەڵگەیە دەستی کۆمەکیان بۆ درێژ بکات.

پێم وایە کەسێک خاوەنی باوەڕێکی جوان بێت، پێویستی بەوە نابێت، بۆ داکۆکیکردن لەو باوەڕە جوانە، هانا بۆ وشەی ناشیرین ببات. ئەوە هیچ لەگەڵ ژیانی دیمۆکراسیدا کۆی ناکاتەوە، زانایان بێن بە ناوی ئیسلامەوە، نەیارە فیکرییەکانیان سەرکوت بکەن و ئەوی جیاواز بیری کردەوە، بە زەندیق نێوزەدی بکەن. ئەگەر هێڵی سوور بۆ دوژمنانی ئازادی دیاری نەکرێت، ژیانی هەموو ئەوانەی لە پێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن، دەکەوێتە مەترسییەوە.

٢٠٠٨/٨/٥

(١) هەواڵ، ١٢ و ١٩ و ٢٦ی تەممووزی ٢٠٠٨ و ٢ی ئابی ٢٠٠٨

(٢) فکم ربیت جروا طال عمری

فلما صار کلبا عض رجلی.

(٣) نالی چییە وا میسلی (جوعەل) غەرقی شیاکەی

خۆ تۆ بە حیسابێ وەکوو پەروانە شەمت بوو؟

(جوعەل: قالۆنچە)

(٤) خلیل حسن، الشتیمە و الاعلام, ٠٣, ٠٨, ٢٠٠٨ ایلاف.

لێکۆڵینەوە

Ramz

# ڕەمز
# لە شیعری نوێی کوردیدا

## مەدحەت بێخەو وەک نموونە

بەختیار ئەحمەد مەحموود

٢ - ٢

هەواڵنامەی کتێب



بەختیار ئەحمەد

**ئەو کۆمەڵە شاعیرەی لە دەوروبەری حەفتاکان ڕۆڵیان هەبووە لە ڕێبازی ڕەمزی، لە ساڵانی هەشتایەکان زیاتر بەدەرکەوتن و دەنگی خۆیان جێگیر کرد، بەهۆی دارشتنی بەپێز لە بیر و داهێناندا بەهۆکاری زمانێکی پاراوی ڕوون ئەنجامدا**

Ramz

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم

ئەگەر سەرنج بدەینە کتێبەکانی (بێخەو)ی شاعیر بۆ نموونە کتێبی (داربەڕوو)[١] کە زۆرترین شیعرەکانی جەفەنگێن و هانای بۆ نیشانە و ڕەمز بردووە، چونکە ئەو بارودۆخەی کە شیعرەکانی خوێندووەتەوە و بەچاپی گەیاندووە، لە سەختترین و نالەبارترین دۆخدا میللەتەکەمان لە کوردستانێکی داگیرکراودا گوزەی کردووە لە بچوکترین مافدا بێبەش بووە، سەرەڕای بەئاشکرا گۆڕینی بیبلۆگرافیای کوردستان و تاوان و ستەم و کۆمەڵ کوژی جینۆسایدکردنی گەلێک کە تەنها داواکاری ئەوەبووە وەک مرۆڤ سەیر بکرێ و ژیان بسازێنێ لە نیشتیمانەکەی.

هەروەها (بێخەو) لە شیعری (داربەڕوو) کە ناسراوە بەهۆنراوەی ڕەگ و وەفاداری خاک و هەژاران، چەوساوەکان بەڕەمز هێرش دەکاتە سەر داگیرکەران و زۆرداران و دەڵێ:

**لەکۆنەوە ڕەشابای شووم**

**هێرش دێنێ...**

**گەڵایەکان دەوەرێنێ**

**لقەکانی دارودەوەن تێک دەشکێنێ**

**بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە ناشتوانێ**

**دار بەڕوویێک لە ڕەگ و ڕیشە دەربێنێ!**[٢]

شاعیر لەم هۆنراوەیە بەدوژمن و زۆرداران دەڵێ: دڵنیابن ئێوە ناتوانن ناسنامەی نیشتمان پەروەری میللەتەکەمان بسڕنەوە و لە ناوبەرن، ئەگەرچی بەردەوام و بەناهەق هەزاران تاکی بێ گوناهی کوردی خێر لەخۆنەدیوو بکوژن، بەڵام باش بزانن مەحاڵە لەناو بچین، (بێخەو) (ڕەشەبای شووم)ی کردۆتە ڕەمز بۆ داگیرکەرە بەعسییەکان، کە هێرش بۆ گەلەکەمان دێنن لاوەکانمان دەکوژن، بەڵام شاعیر پێیان دەڵێ: هەرگیز ناتوانن دار بەڕوویێک لە ڕەگەوە دەربێنن، داربەڕووی کردۆتە هێمای کورد و میللەت کە قەت لەناو ناچێ، شاعیر لەم هۆنراوەیە مەبەستی هاندان و خەبات و تێکۆشانی گەلەکەیەتی بۆ گیانبازی لەگەڵ مەرگ بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن و سەرفرازی.

(هەر بۆیەشە داربەڕوو بۆتە هەوێنی سروشی شاعیران، ڕەمز و هێمای خۆبەستنەوە بەخاک و خۆشەویستی، نیشانەی نەبەزین و ورە بەرنەدان، سەرچاوەی بەرچاو ڕوونی و

ئومێد بوون بە دوارۆژ.. مادامەکی خاک لە ئارادابێ، بیپارێزێ و خۆی لەبەر زەبر و زەنگی ڕۆژگاری ناهەموار ڕابگرێ و، بۆی ببێتە سەنگەر و بەرگری لێ بکات).(٣)

(بێخەو) لە هۆنراوەی (گەڵا)(٤) ئامانجێکی پیرۆز ئەویش باسی خۆشەویستی و وەفاداری میللەت و ڕەسەنایەتی دەکا و دەڵێ:

**لەوەرزی گەڵا ڕێزانا**
**گەڵایەکان تەگبیر دەکەن**
**هەندێ هەواڵ**
**بۆ دوور دەبەن**
**هەندێ دەبن بەخاک و تین**
**بۆ ڕەگەزەکان**
**تاکو دایکان زویر نەبێ**
**تا پێیان نەڵێن نارەسەن.!(٥)**

شاعیر وەرزی پایز و گەڵاڕێزانی کردوتە ڕەمزی ڕەسەنایەتی و خۆبەستنەوە بە نەژاد و بنەچە و وەفاداری، واتە ئەگەر گەڵایەکان لە دارەکە هەڵوەرین و لە ڕەگوڕیشە دوور بخرێنەوە بەڵام هەندێکیان هەرگیز لە دایکیان جیانابنەوە، دەبن بە پەین و خۆڵ زیاتر تاووگوڕ و خۆڕاگرتن بە دایکیتان کە دارەکەیە دەبەخشن، ئەمەش نیشانە و ڕەمزە بۆ وەفاداری میللەت و ڕەسەنایەتی بۆ ئاو و خاک و نیشتیمانەکەی.

**کاتی خەزان.....**
**هێرۆیەکان هەڵوەران**
**وایی زانی تونابوون نەمان**
**بەڵام هێرۆی سەربەرز و ڕەسەن**
**دوایی وەیشوومە و تۆف و زریان**
**لەسەر ڕەگی خۆی ژیانەوە**
**لەسەر هەربنجێ بەدەیان.!(٦)**

شاعیر لەم هۆنراوەیە، لەناو هەموو گوڵەکان، ناوی گوڵە (هێرۆ) دێنێ بۆ؟ چونکە هێرۆ لە هەموو گوڵەکانیتر ڕەسەنترە، ڕەسەنایەتییەکەشی لەوەدایە هەزاران باو بۆران و ڕەشەبا و وەیشومە لێی بدا هەڵناوەرێ و خۆڕاگرە، ئەمەش ڕەمزە لەسەر ڕەسەنایەتی کێشەی



هەمووکتێب

نەتەوایەتی، چونکە ڕەوایەتی قەومییەت چەند لێی بدرێ و لێی بکوژرێ هەرگیز کەم نابێتەوە بە پێچەوانەوە هەر زۆر دەبێ.

(مەدحەت بێخەو) لە شیعری (دەریا)[٧]. باس لەنمەکداری و وەفاداری دەکا و ئاماژە بۆ ئەوە دەکا و دەڵێ نابێ مرۆڤ بێ نمەک و سپڵە بێ:

**دڵی فراوانی دەریا**
**گشت ئاوازی خوڕەوهاژەی**
**ڕوبارانی دۆڵ و چیا**
**لەگەڵ خۆڵ و لم و ماسی**
**تێکەڵ ئەکا و یەکیان ئەخا**
**دژی ئەوەی کانیاوەکەی**
**بەرد بەرد دەدا...!**[٨]

شاعیر لەم شیعرە دەریا دەکاتە ڕەمزی بەخشندەیی و خێر و چاکە، چونکە دەریا داکی هەموو ڕووبار و دەریاچە و کانیاوەکانە، واتە دەریا سەرچاوەی بەرزی و گەورەییە، چونکە وەک دایکێک باوەش بۆ هەموو ئەوانە دەکاتەوە کە لەناوی دەژین و گوزەر دەکەن، بۆیە دژی ئەو کەسانەیە کە دژی گەل و چارەنووسی هەڵئەگەڕێنەوە، لەبری ئەوەی ستایش و سوپاسی بکەن. بەڵکو بەردبارانی دەکەن، ئەم هۆنراوە چوێندراوە بەپەندێکی کوردی واتە (ئەو کانیاوەی ئاوی لێ دەخوێتەوە بەردی مەهاوێژە).

(بێخەو) لە زۆرینەی هۆنراوەکانیدا وەک لە سەرەتا ئاماژەم پێدا، هەردەم خۆی بەغەم خۆر و مامەخەمەی جووتیاران و کرێکاران و هەژاران داناوە، بۆیە لە شیعری (تابلۆ)[٩] بەجەفەنگی بڵند هەژاران و سەرکەوتنیان دەنەخشێنێ:

**تابلۆیەکان کۆبوونەوە**
**شاعیرێک بوو بە هەڵبژێر**
**بۆ سەرچاوەی سروشت گەڕا**
**گەڕا ........ گەڕا**
**لەدوای گەلێ وردبوونەوە**
**دیمەنی لەپێکی زبرو**
**دووچاوی قوڵ**

**یەکەم خەڵاتی بردەوە.!**[١٠]

شاعیر ژیرانە لەم هۆنراوەیە تابلۆکان دەکاتە ڕەمز، واتە جۆراوجۆرەکانی دیمەنەکانی سروشت هەر یەکە و لە قالبێکدا ڕەنگدانەوەی وێنەکان نیشان دەدا، هەروەها بردنەوەی یەکەم و نایابی بەخشیوە بەڕووخساری هەژاری و نەداری، هەروەک لە هۆنراوەکە دیمەن لەپێکی زبر و دووچاوی قووڵ ڕەمزی ڕەنجدەران و هەژارانە.

(بێخەو) هەرگیز بێ ئاگا نەبووە لە گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی کوردستان و، هەستی نیشتمان پەروەری لە دەروونی جۆشی سەندووە و وێنەی شیعری بەڕەمز هۆنیوەتەوە.

وەک لە شیعری (دەسکەتەور)[١١]دا دەڵێ:

**لە دێیەک دەسکە تەورەکان**

**گوتیان سوێند بێ**

**چیتر نەچین بۆ دارستان**

**ئەبین بەقەڵەم و تیرۆک**

**بەداری پێمەڕەو کەمان**

**بەم هەواڵە گورگ و ڕێوی**

**مردن تۆقان...!**[١٢]

هەواڵنامەی کتێب

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا دەسکەتەوری کردۆتە ڕەمز، بۆ زۆڵیەتی ئەو کەسانەی کاری ناڕەوا ئەنجام دەدەن دژی نەتەوەکەیان، ئەویش بووینە هۆکار بۆ بڕینەوەی دارو دەوەن، بوون بە قەڵەم و تیرۆک ڕەمز بۆ پیشەگۆڕین لە کاری ناڕەوا و نایەکی بۆ کاری چاکە و ئایەکی، ئەگەر سەیری دوا دێری هۆنراوەکە بکەین دەبینین، ئەو بڕیاری سوێند خواردنی دەسکە تەورەکان و وازهێنان لە بووینە زمینەی خراپەکاری، بەم هەواڵە گورگ و ڕێوی تۆقاندوو مردن، ئەمەش ڕەمزە واتە گورگ و ڕێوی ڕەمزی دوژمنانی گەل و خۆ فرۆشان و جاشەکانە کە بەم هەواڵە کۆتاییان دێت و لەناو دەچن. سروشت زۆر کاری لەبیر و ئەندێشەی (بێخەو) کردووە وەک دەبینین کەژوکێو کانیاو دارودەوەن لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بووە بەسەرچاوەی ئیلهامی و کردوونی بەڕەمز.

وەک لە شیعری (کانی)[١٣] باسی ئاوی جۆگەلە دەکا و دەڵێ:

**با ئاوی جۆگەلەی ناو دێ**

**زوڵاڵ و ساردو بەرچاو بێ**

**تینووی ئاو بێ..**

**بەڵام کە زانرا کانیەکە**

**(لاک)*ی تیایە**

**تینوو نزیکی ناکەوێ**

**بەڵێ رازی وشەش وایە!**(١٤)



ئازاد دڵزار

شاعیر لەم هۆنراوەیە باسی کانی و سەرچاوەی ئاو دەکا کـردوویەتی بەڕەمــزی پاکی و ناپاکی، واتە بەهەر ئاوی جۆگەلە زوڵاڵ و ساردبێ، سوودی چییە ئەگەر سەرچاوەکەی پیس بێ ئەمەش ڕەمزە بۆ هەموو ئەوانەی کە ناوبانگیان دەرکردووە، بەڵام لە بنەچەوە توخمێکی پاک نین و ڕەسەن نین، بۆیە پاک و دروستی و ڕەسەنایەتی مەرجە و شایستەیە بە بەرزی بمێنێتەوە، چونکە هەر شتێک بناغە و سەرچاوەکەی پاک نەبێ با هەر بەرهەمی بریقەدار هونەر پێشکەش بکات بەڵام خوێنەر وەری ناگرێ.

(بێخەو) لە شیعری (خلیسک)(١٥) بەجەفەنگ باس لە ڕۆژانی تەمومژ و دژوار دەکا و، باس لەبەرخۆدان و دانبەخۆدان و خۆڕاگری دەکا و دەڵێ:

**لەڕێبەندانا شەختە ڕێ**

**ورد نەبین لێی هەڵ ئەخلیسکێ**

**بەرەو نشێو ڕیسوا ئەبێ**

**بەڵام ڕێزان...**

**بەهەنگاو وبیری چەسپاو**

**شەختە و هەورازەکان دەبڕێ.!**(١٦)



سەباح ڕەنجدەر

شاعیر مانگی ڕێبەندان و سەرما و شەختەی کردۆتە ڕەمزی ئەو واقیعە دژوارەی کە گەلەکەمان بەسەریدا سەپێنراوە، لە بێ بەشبوونی گەل لە مافەکانی و نایەکسانی زۆرداری؛ هەروەها ڕەمزە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن خۆڕاگرن و دەگۆڕێن، لەگەڵ ئەوەش ستایشی تێکۆشەران

دەکا باسی دڵسـۆزییـان دەکـا، کـە هیچ بـارودۆخـێک ناتوانـێ هەڵیـان بخلیـسکێنێ و بەچۆکیان دابێن و بیانکاتە دوژمنی گەلەکەیان.

(مەدحەت بێخەو) هەردەم وەک مۆم بۆ ئایندەی وڵاتەکەی لە جۆش سوتاندایە و، هاوڕێی شۆڕشگێران و تێکۆشەرانە وەک لەم هۆنراوەیە دەردەکەوێ:

**هەندێک لە بروسک ئەترسن**

**ئەڵێن سووتانی لە دوایە**

**شریقەو دەنگی نەقوڵایە**

**ئەی نازانن لەشەوی تار**

**ئەبێتە رابەری رێبوار**

**جا لەر رازی ئەم ئەرکەی**

**بروسکی رێ...**

**منیش کەسووتانم شەوێ**

**بۆیێ پتر لە تیشکەکان**

**چەخماخەی بروسکم خۆش دەوێ.!**(١٧)

هەواڵنامەی کتێب

شـاعیـر لەم هۆنراوەیە بروسـک و سـووتانی کردۆتە ڕەمزی تێکۆشـان و فیدارکاری، واتە ئەوانەی لە بروسک دەترسن و دەڵێن سووتانی لە دوایدایە، مەبەستی ئەوەیە ڕێگای خەبات و فیداکاری لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادی، گیانبازی و قوربانی دەوێ، بەڵام دڵنیابن هەر ئەو ڕێگایەیە لە کـۆت و ژێر دەسـتـیت ڕزگـار دەکـات، هـەر لەبەر هـەمـان هۆ شـاعـیـر چەخماخەی بروسکی خۆشدەوێ.

**(بێخەو)**(١٨)

**بەڕەمز بەگەلەکەی ڕادەگەیێنێ:**

**لەناو دەریا مەلەباسکەم لە کاردایە**

**شەپۆلەکان ئەبەزێنم**

**بڕوام بەکانار بەهێزەو**

**ئەڕۆم تا دوا وزە تینم**

**لە ئاسمانیش ئەستێرەی دو**

**ئەدۆزمەوە......**

**سەوزایە ناو دڵ و ناخی**

**خۆر ئەبینم**

**پەنجەم بە رستەی زەنگ ئەگاو**

**موژدە و ورشە ئەبەخشێنم.!**[١٩]

—— —— ——

شاعیر لەم هۆنراوەیە هیوای تەواوی بەسەرکەوتنی گەلە بەسەر ملهوڕەکان، بۆیە شەپۆلەکان ڕەمزی لەمپەری ڕێگای ئازادییە، کە دوژمن و سیخورەکانن، وشەی (کەنار) ڕەمزە بۆ بڕوایی بە ئامانج و سەرکەوتن، (ئاسمانیش) ڕەمزی هیواو بەهێزییە و کۆڵنەدانە، هەروەها (سەوزایی) ڕەمزی ژیانە، (پەنجەم بە رستەی زەنگ ئە گاو، موژدە و ورشە ئەبخشێنم)، ڕەمزی توانایی و ورەی شاعیرە لە گەیشتن بە موژدە و ترۆپکی سەرکەوتن. (بێخەو) لەشیعرەکانیدا منداڵانی کوردستانی پەراوێز نەکردووە، چەندین سروود و ئۆپەرێت و شیعر و چیرۆکی شیعری پەند ئامێزی بۆ منداڵە چاوگەشەکان هۆنیوەتەوە کە مایەی شانازییە، هەروەها لە دیاری بۆ منداڵانی کوردستان[٢٠] کتێبێکی قەشەنگە بۆ جاری دووەم بە چاپ گەیاندووە، کە پڕیەتی لەسرود و وانە و پەند بۆ خوێندن لە خوێندنگاکان، سەرەڕای ئەوەش هۆنەرمەندان بەشێکی زۆریان لێ کردۆتە گۆرانی.

(بێخەو) لە (پرسیاریساڵ)[٢١]

لە یادی ساڵوەگەری ڕۆژی جیهانی منداڵان دەڵێ:

**ئەی منداڵانی چاو زەیت و**

**بێ ڕەنگ و ڕوو...**

**ساڵی ئێوە ئۆغری کرد بە بۆڵە بۆڵ**

**لەگەڵ حەفتا و نۆ بارگەی خەم**

**وا ئاوابوو...**

**لە ئاسۆدا پرسیارێکی کرد بەکڕی**

**گوتی کاکە پێم ناڵێ بۆ؟**

**بۆ پێشوازیم مناڵێکی ئیوەم نەدی.!**

**گوتم ئەی بارگەکانت چین؟**

**گوتی ئەمانە نهێنین...**

**منیش بەخەنجەری دەبان**

**گشت بارگەکانیم هەڵدری**

**وەڵامی پرسیارم بڕی!**

شاعیر باس لە یادی جەژنی منداڵان دەکاو ساڵێک تەواو بوو گەیشتە ئاوابوون، بەڵام ئەم یادەوەرییە پرسیاری کرد پێشوازی منداڵێکی کوردی نەبینی، چۆن دەبینی؟ هەرگیز نابینی ئەمەش ڕەمزە لەسەر بێنازی منداڵانی کورد، بێ بەشبوون لە مافەکانی، شاعیر پرسی بارگەکانت چین؟ ئەمەش ڕەمزی ناخۆشی و چەوساندنەوەی میللەت و ماف خورانییەتی، هەروەها هەڵدڕین ڕەمزی ئەوەیە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەوە و وەڵامەکەی پێ بڕی. (بێخەو) لە هۆنراوەی (هەڵمات)[٢٢] بەڕەمز ئەوانە ڕیسوا دەکا کە هەل پەرست و مشەخۆرو ڕەنگاوڕەنگن و بێ هەڵوێستن:

**هەندێ وەک پەلکە زێڕینەن**

**لەبەرگ و ڕوو...**

**هەموو ساتێ وەک هەڵماتن**

**لە گۆڕاندا کە دێنە ڕوو**

**بۆ ڕابەری لە جێی بروسک**

**دەبنە پاڵوو***

**لەکەم... پێییان دەبڕێ نیشان**

**لە زۆر... مۆرێک بۆ نێو چاوان!**[٢٣]

شاعیر دەیەوێ لەم هۆنراوەیە ڕووی ڕەشی بێ هەڵوێست و خۆفرۆشەکان، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان دەبنە داری دەستی دوژمن و ملهوڕەکان، بە ڕەمز پێیان دەڵێ هەڵمات ڕەمزە بۆ بەردەوام گۆڕانکاری و بێ هەڵوێستی، هەروەها پەلکە زێڕینە نیشانەیە لەسەرخۆنیشاندان هەر ڕۆژەی بە ڕەنگێ و بە جۆرێ، واتە هەر ڕۆژەی لەسەر کندڕێک یاری دەکەن، بۆ ڕابەری و گەورایەتی هەموو کارێک دەکەن.

(مەدحەت بێخەو) دەگەڕێتەوە دەپرسی لە شیعری (کام سەرچاوەش سرووشی بیر)[٢٤] ئایا چاوگی داهێنان و ئیلهام و سرووشی بیر کامانەن؟؟!! دەڵێ:

**کام سەرچاوەی سرووشی بیر***

**کامە بەهار...**

کام دیمەنی یەکجار دڵگیر
کامە نیگار
سەرچاوەی قووڵی سرووشی
ڕاستی دانانی هەڵبەستن
مایەی زاخاو و خۆراکی
بیرو سۆزی تەواوی هەستن
کامەیانە...؟
ئایا... دیمەنی بەیانی و ئێوارانە
ئاوازی بلبل و کەوە
یا تریفەی مانگە شەوە
لەقەد کێو شمشاڵی شوانە
— — —
یامێگەلی ئاسک و بەرخ و
خەندەی ساواو بزەی لێوی
نازدارانە...
ئایا ورشەی پەر زیوینی
ئەستێرەی شەوی زستانە
یا دیمەنی زەماوەندو
ڕەشبەڵەک و چاوی جوانە؟
ئەمانە گشت بەبێ گومان
سەرچاوەن بۆ چێژی ژیان
بەڵام لای من...
ڕەنگ دزراوان
قوڵی چاوان
تێشووی نانە ڕەقی بێکار
زبری ناو لەپی زامدار
خوێن تێزاوان...



مەدحەت بێخەو

هەواڵنامەی کتێب

**ئاوازیناڵەی ناوسین**
**پڕ زوخاون**
**زنجی کلۆڵی و زەبوونی**
**دەردەداران و دەماوان**
**سەرچاوەی سروشتی بەرزن**
**هەژێنەری**
**هەموو خاوەن هەستی ئەرزن**
**دەریای نەوتی**
**چرای ڕووناکی ئەم ژینەن**
**بیری ڕێگەی...**
**دواڕۆژی ورشەدارو**
**ڕاستەقینەن...!**(٢٥)

(بێخەو)ی شاعیر لەم هۆنراوەیە بەرەمز ئاماژ بە ئەرک و ماندووبوونی چینی هەژاران و کرێکاران و ڕەنجدەران دەکا، کە شەو دەرەنجێن و کاردەکەن، بەڵام نەک تەنها مافی خۆیان نادەنێ و کرێیەکی کەم، بەڵکو لەگەڵ ئەو ئارەق ڕشتن و خوێن ڕێشتنە ڕۆژانە ئیهانە دەکرێن و کەسێتییان بریندار دەکرێ!! هەروەها شاعیر ئەوەندە دڵی لە جۆشە بۆ ئەم چینە بە هۆی چەوساندنەوەیان، لەم شیعرە هەقی خۆی پێدان و وێنەیەکی شایستەی بۆ نەخشاندوون و، کردوونی بە کانگە و سەرچاوەی سروشتی ئەندێشە و بیر، چونکە (بێخەو) دڵنیایە هەر تەنها ئەو چینە و توێژە مایەی وەحی و هەڵاودارکردنی هۆش و دەروونن، وێڕای ئەوەش هەرتەنها ئەوانەن سەرچاوەی داهێنانی ئازادین بۆ گەل و میللەت و سەرفرازی، هەر بۆیە شاعیر ڕەنجدەران و نەداران بە چەندین ڕەمزی جیا باس دەکا وەک: ڕەنگ دزراوان، قوولی چاوان، تێشووی نانەرەق، زبری ناولەپی زامدار* خوێن تێزاون، ئاوازی ناڵەی ناوسینە، زنجی** کلۆڵی و زەبوونی، ئەمانە هەموو نیشانەی بەری ڕەنج و ماندووبوونن، ئەم دیمەنانە بوونەتە سەرچاوەی سروشی و ئیلهام لەلای شاعیر.

(بێخەو) لە شیعری (پەروانەدا)(٢٦) پەروانەی کردۆتە ڕەمزی خۆ بەختکردن، لە پێناو خۆشەویستی، بەڵام خۆشەویستی بۆ ڕووناکی تاڕادەی شەهیدبوون:

**لە شەوە زەنگ**
**لە دوور پەروانەی ڕەنگاو ڕەنگ**

**کە تریسکێک بەدی ئەکات**

**بۆی دێ بە سۆز**

**بێ هەست و دەنگ**

**خێرا خێرا وەکو شەیدا**

**باڵی ناسک لە چرا ئەدا**

**ئەسووتێ و ئەکەوێتە خوار**

**پێشێل ئەکرێ و هەردەنخشێ**

**جێ دێڵێ وانە و یادگار...!**[٢٧]

شاعیر (مەدحەت بێخەو) پەروانەی کردۆتە هێمای خۆبەختکردن، لە پێناو گەیشتن بەترووسکایی و رووناکی، هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز کە رووناکی و تروسکاییە، هەروەها لە ناوچوون لەو ڕێگایە جێگای شانازییە وانەو یادگارییە، هەروەها (ئەگەر پەروانە وانە و یادگار جێ بێڵێ، ئەوە وشەکانی شاعیر ئەگەر لە ڕێی ئامانجە پیرۆزەکانیاندا بشمرن بێ سەر و شوێن نین، بەڵکو خاوەن ناسنامەی خۆیانن، چونکە لە ڕێگەیەکی بەرزو پیرۆزدا دەجەنگن و ڕێگە دەبڕن)[٢٨] (خەیام)ی شاعیر باس لە پەروانە دەکا، بەڵام خەیام خۆی بەپەروانە دادەنێ و دەیەوێ بە ڕووناکی بگات ئەگەر گەیشتەکەشی سووتان و لەناوچوونیبێ دەڵێ:

**مصاب قلبي يستمد الضياء**

**من طلعة الغيد ذوات البهاء**

**لكنني مثل الفراش الذي**

**يسعى إلى النور و فية الفناء**[٢٩]

بەڵام پەروانە لای (سەعدی) دەبێتە دەرسێک بۆ باڵندەی بەیانیان و خۆشخوانان کە داوای لێدەکا دەرسی ئەشق لە پەروانە فێر بێ دواتر گیانی دەسوتێ و ئاوازی تیا نامێنێ و دەبێتە زوخاڵ و دەڵێ:

**ای مرغ سحر عشق ز پروانه بیاموز**

**کان سوختەڕاجان شدو أواز نیاید**

(بێخەو) هەروەک ئامازەم پێدا زۆر لە سروشت نزیک بووە، بە هۆیەوە کەرەسەکانی کردۆتە رەمزو ئاوێنەی دڵی و مەرامەکانی پێکاوە، هەر لەبەر هەمان هۆ لە شیعری (هەنگ)[٣٠] دا هەنگی کردۆتە جەفەنگ و دەڵێ:

(بێخەو)ی شاعیر یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە کاریگەربوو بەڕێبازی ریالیزمی سۆشیالیستی، بۆیە بەهەموو ژیانی دژی ڕژێمی دەرەبەگیەتی و ڕژێمی ئاگرو ئاسنی بەعسییەکان بووە، هەردەم لە ململانێی کێشەی چینایەتیدا بووە، بۆیە لەشیعری (گوتیان)[٣١] بۆ تێرشوانینی ژیان دەڵێ:

**گوتیان لەبەرزایی تەلار**
**لەشەقامی ڕووناکی شار**
**بینینی شت گەلێ جوانە**
**چێژی خۆشی دڵ و گیانە**
**بەڵام زۆربە گوتیان نوارین**
**بۆ ئەستیرەی ورشە زیوین**
**لە کۆڵانی تەنگ تاریک**
**کونجەکانی کلۆڵ نشین**
**گەلێ خۆش و جوانترە**
**لە ڕوانگەی کۆشکی ڕەنگین**[٣٢]

شاعیر لەم شیعرە باسی بۆچوونی دروست دەکا بۆ ژیان، واتە تێڕوانینی زۆربەی میللەت بۆ ژیان و ڕزگاربوون لە تاریکی و ستەم و زۆرداری، هەروەها دەستەبەرکردنی هێنانە ڕووی ماف و ئازادی تەواو، نەوەک تێڕوانینی چینی بۆرجوازییەت لە پەنجەرەی کۆشک و تەلار بۆ شەقامی شار.

بەرزایی تەلار جەفەنگی سەرمایەداری و بۆرجوازییەتە، کۆڵانی تەنگ، کونجەکانی کلۆڵ، گشتی ڕەمزی بۆچوون و تێڕوانینی زۆربەی میللەتە بۆ ژیان و ڕزگاربوون و ئازادی.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری چوارەم: ڕەمز لە داربەڕوو لە ڕووی پەیامەوە:

*لایەنی رامیاری:

داربەڕووی بێخەو ڕەگ و ڕیشەی بەناخی زەویدا چۆتە خوارەوە، بەرەنگاری وەیشوومە ڕەشەبا و تۆفان دەکا، بە دڵنیاییەوە پێیان دەڵێ هەرگیز ناتوانن داربەڕوویەک لە ڕیشە دەربێنن، دەشێ بتوانن گەڵاو چڵ و لقەکانی بشکێنن.

بۆیە لەشیعری (داربەڕوو)[٣٣] ڕەهەند و پەیامێکی ڕامیاری گەورە دەپێکێ چونکە داربەڕوو بە مانای کوردو، میللەت دێت:

نموونە:

**داربەڕوو**

**لە کۆنەوە ڕەشەبای شووم**

**هێرش دێنێ...**

**گەڵایەکان دەوەرێنێ**

**لقەکانی دارو دەوەن تێک دەشکێنێ**

**بەڵام هەرگیز نەیتوانیەوە و ناشتوانێ**

**داربەڕوێیک لەڕەگ و ریشە دەربێنێ!**

## ڕەمز لە داربەڕوو لە ڕووی کورتبڕی

(مەدحەت بێخەو) لە زۆربەی هۆنراوەکانی (داربەڕوو)دا کورتبڕی بۆ مەبەستی فراوانبوونی واتا بەکار هێناوە، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە هۆنراوەکانی شاعیر بەگشتی و، پەڕتووکی (داربەڕوو) بەتایبەتی ئەم دیاردەی کورتبڕییەی بە ئاشکرا خۆی نیشان دەدا، هەر هۆنراوەیەک لە چەند دێڕێک تێپەڕ ناکات، بەڵام ئامانج و مەبەستی گەورە و فراوان هەڵدەگرێ، وێڕای واتای جۆراوجۆر و بەرفراوان، بۆیە (بێخەو) زۆر کارایانە خۆی لە قەرەی پەیامی کورتبڕی داوە و ناوەڕۆک و واتای دروستی هەڵگرتووە.

نموونە:

**(خلیسک)**

**لە ڕێبەندانا شەختەی ڕێ**

**ورد نەبین لێی هەڵ ئەخلیسکێ**

**بەرەو نشێو ریسوا ئەبێ**

**بەڵام ڕێزان...**

**بە هەنگاو بیری چەسپاو**

**شەختە و هەورازەکان دەبڕێ.!**(٣٤)

## ڕەمز لە ڕووی ئەدەبییەوە

(مەدحەت بێخەو) بە هۆی ئەوەی ئەوەندە لە سروشتەوە نزیک بووە و پێی کاریگەر بووە، بۆیە سەیر دەکەی لە زۆربەی شیعرەکانیدا کەرەسەکانی سروشتی کردۆتە ڕەمزی

هۆنراوەکـانی و، بووە بـە هـەوێن و بنـەمـای وێنـەی دار و دەوەن و چیـا و کـەژ و کـانیـاو و کازێوە و ئەستێرە، هەروەها وێنەی گیانداران و باڵندەش لە وێنەی شیعرەکانی ڕەنگی دایتەوە، بۆیە شاعیر سەرکەوتوو بووە لە بەخشینی چێژی ئەدەبی.

نموونە بۆ بەخشینی چێژی ئەدەبی:

**کاروانکوژە!**
**ئەڵێن کاروان شەوان زۆر جار**
**لە دەشتی کاکی بە کاکی و**
**هەورازی هەزار بەهەزار**
**بە هۆی ئەستێرەی کاشێوێن**
**هەڵەتە و سەرگەردان بووە**
**تامی گوژارکی چێشتووە**
**بەڵام ئەمڕۆ بۆ ڕێی شەوان**
**بەهۆی یاقووتی زامەکان**
**ئەستێرەکان...**
**دەبن بە سیوەیلی بەیان**
**ڕێبوارەکان**
**دەڕۆن دەڕۆن**
**پەی بە دەشت و هەوراز دەبەن**
**کاروانکوژە ڕیسوا دەکەن...!**(٣٥)

هەواڵنامەی کتێب

## لەڕووی بەرگری و شۆڕشگێری

بۆ نموونە (سروودی پێشمەرگە)(٣٦) شاعیر لە بەهاری ساڵی (١٩٦٣) لەگەڵ سەرەتای کردنەوەی ئێستگەی ڕادیۆی شۆڕشی کوردستان ئەم سروودەی بۆ ناردن، ڕاگەیاندنی ئێسگەی شۆڕش لەبەر بەرزی هۆنراوەکە یەکسەر کرا بەیەکەم سروودی مارشی ڕادیۆی کوردستان و، لەلایەن هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد)ەوە بەدەنگی ئەو تۆمارکرا و بڵاوبۆوە. جێگای باسە (سروودی پێشمەرگە)ی (بێخەو) بەگەواهیدەری پێشمەرگە دێرینەکان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی هێزی پێشمەرگە لە کاتی هەڵمەت بردن بۆ سەر مۆڵگەکانی سوپای دوژمندا.

نموونە:

**(سروودی پێشمەرگە)**

**ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لەژین**
**نیشتمان ئازاد دەکەین لە خوێن مژین**
**ئێمە کوردین نابەزین...**
**جەنگاوەرین نابەزین**
**ئێمە کوردین تێکۆشەرین نابەزین***
**گیان فیداکارین لە ڕێگای میللەتا**
**قارەمانی ڕێی ژیان و شۆڕشین**
**دوژمنی ناپاک هەزار هێزی هەبێ**
**ئەیبەزێنین ئەیرمێنین نابەزین**
**نیشتمان خوێنی شەهیدانی دەوێ**
**شەرتە تاکو سەربەخۆیی نەسرەوین**
**دەوری دیلی ژێردەستی باوی نەما**
**ئەمڕۆ کاتی مافی ژینە و ڕاپەڕین**
**هێزی ئێمە کێوی پۆلاو... ئاگرە**
**خێڵی ناپاک قر دەکەین ئازاد ئەبین**

هەولێرنامەی کتێب

## لە ڕووی سروود و شیعری منداڵان

(بێخەو) لە سەرەتاوە هەستی بە مافخوراوی منداڵی کورد و بێ بەشی جگەرگۆشەکانی کردووە، چونکە منداڵ ڕۆڵەی دواڕۆژن لە ئایندە دەبنە خاوەن بڕیار و نیشتمان بەڕێوە دەبەن، هەر ئەو ئەرکە و بێ بەشییە هانی شاعیری دا کە بایەخ بەمنداڵە چاوگەشەکان بدا، چونکە ئەمانەتی سەرشانن و پیاوی دواڕۆژن، شاعیر هەستی بەکەمتەرخەمی کردووە بەرامبەر بە منداڵان و جگەرگۆشەکانی کورد، هەردەم لەم ڕوانگەوە (بێخەو) شاکاری بەرزی بۆ وێنەکێشاون، کە ڕەنگدانەوەی پاکی و بەرائەتی منداڵی کوردی بێبەش نیشان دەدا، کە بەردەوام کاری گرانیان پێ دەکرێ و، بۆ بژێوی و کۆ کردنەوەی سامان بەکار دەهێنرێن، شاعیر (پرسیاری ساڵ)[٣٧]. ڕۆڵی منداڵی کوردی وا هۆنیوەتەوە؛ کەیادکردنەوەی ساڵوەگەری ڕۆژی جیهانی منداڵانە کە بەهەق لە مافەکانییان بێبەش،

هەروەها (بێخەو) چەندین سروود و ئۆپەرێتی بۆ خوێنکاران و قوتابیان دارشتووە، وێرای چەندین شیعر و چیرۆکە شیعری پەند ئامێزە بۆ منداڵان و مێردمنداڵان نووسیوە، زۆر لە سروود و ئۆپرێتەکانی لەلایەن مامۆستایانی هونەرمەند لە چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر ئاوازیان بۆ دانرایەوە بە نۆتەوە پێشکەش کراون.

(بێخەو) لە پەرتووکی (دیاری بۆ منداڵانی کوردستان)[٣٨]. چەپکێک سروود و چیرۆکە شیعر ئامێز و ئۆپەرێتی کردۆتە دیاری بۆ منداڵان و قوتابیان، هەروەها هەندێک لەو سروودانە ئێستاش لە خوێندنگاکان بە بەردەوامی دەوترێتەوە؛ هەندێک لەو ئۆپەرێتانە بۆ نموونە (ڕووباری ژیان)[٣٩]. خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە لەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە(موسڵ و کەرکووک)ەوەش.

نموونەیەک لە پەیامی بێخە و بۆ منداڵانی و قوتابیان

**ئێمە قوتابین**[٤٠]

**ئێمە قوتابین هیوای وڵاتین**
**شەوق و ڕووناکی ڕێگەی ئاواتین**
**بۆ خوێندەواری بە بێ وچانین**
**گوڵ و نەمامی بتخی ژیانین**
**هەموومان براین یەک بیرو هێزین**
**لەگەڵ یەکتری راست و بەڕێزین**
**مەردو دلێرین ئازاو هۆشیارین**
**بۆ بەرزی وڵات هەردەم لە کارین**
**ڕیشەی نەزانین لەبن دەردێنین**
**نەمامی هیواو شادی دەنوێنین**

## دەرکەوتە

١- وشەی ڕەمز چەندین واتا لەخۆ دەگرێ وەک: ئاماژە، هێما، دروشم، نیشان، جەفەنگ، هەروەها ڕەمز بریتییە لە دەنگی لێوەهاتنێکی نزم یان بە چپەدوان، یان ئێشارەت بە لێو و چاو و دەم و برۆ، واتە هێما بەکارهێنان بۆ مەبەستی کورتکردنەوە.

٢- ڕەمز بەکاردەهێنرێ بۆ مەبەستی کاریگەری خێرا، ئینجا بەخشین، بۆ بەخشینی چێژ و ئێستاتیکی، بۆ پەیامێکی دەستنیشان کراو.

٣- هێما دیاردەیەکی زۆر کۆنە سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە سەرەتای مرۆڤ و کۆمەڵ، ڕەمز لە شیعری هەموو گەلانی دونیا بەکارهاتووە؛ بەڵام لە شیعری هاوچەرخ و نوێی کوردیدا زیاتر بەکارهاتووە!! چونکە بارودۆخی واقیعی کورد زەمینەخۆشکەرێکی لەبار بووە بۆ گەشەکردنی ئەم دیاردەیە. هەروەها زیاتر بەکارهێنانی هێما و پەرەسەندنی لە دەورووبەری ساڵانی هەشتاکان بەزەقی دەرکەوت، بۆ نموونە پەشێو کە باسی دێیەکەی دەکا ئەو سنوورەی بەزاندووە کە تەنها لادێ بێ، بەڵکو چواندووە بە وڵات، نیشتمان، خاک.

٤- ڕەمز زۆر جۆری هەیە و هەر جۆرێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە وەک: ڕەمزی ئەفسانەیی، ئاینی، جادووگەری، خەون وەک ڕەمز، مێژووی کەلەپووری، هەروەها ڕەمز هەیە وەک ڕەنگ، ژمارە.

٥- مەدحەت بێخەو یەکێکە لە شاعیرانی هاوچەرخ لە دارشتنی وشەی پەتی و ستاندەر کارایە، زۆربەی شیعرەکانی جەفەنگین هانای بۆ ڕەمز بردووە، وێڕای ئەوەش شیعرەکانی ڕەگیان داکوتایە و ئامانجی سەرەکییان خۆشەویستی خاک و مرۆڤ و چەوساوە و کرێکاران بووە، بەردەوام لەگەڵ ژانی جووتیاراندا گوزەری کردووە.

٦- پەرتووکی داربەڕووی مەدحەت بێخەو نموونەیەکی زیندووە لە بەکارهێنانی نیشانە و پەیوەست بوون بە ئینتیما و خاک و خۆشەویستی، هەروەها ڕەمزی میللەتی کوردە.

٧- بەکارهێنانی ڕەمز لای بێخەو چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێ وەک لایەنی ڕامیاری، بۆ نموونە لە شیعری داربەڕوودا پەیامێکی ڕامیاری گەورە دەپێکێ، چونکە داربەڕوو مانای میللەتی کورد و نەتەوە و ڕەسەنایەتییە؛ هەروەها جۆرێکی تر لە بەکارهێنانی ڕەمز بۆ مەبەستی کورتبڕی بەکار دەهێنرێ، هەروەها بێخەو جەفەنگی کردۆتە هێمای چێژی ئەدەبی لە زۆربەی شیعرەکانیدا کەرەسەکانی سروشتین هەروەها بەکارهێنانی دار و دەوەن و کەژ و کانیاو و ئەستێرە وێنەی باڵندە و گیانلەبەران لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٨- بێخەو لە بەکارهێنانی ڕەمزدا پارێزگاری لە عورف کردووە، چونکە خودی شاعیر نیشتەجێی دەڤەری کەندیناوە و شارە دێ دیبەگەیە؛ هەڵبەت سروشتی ئەم ناوچەیەش لە ژێر دەسەڵاتی ئاغاکان پیاوانی ئاینی و نەریت کولتووری تایبەتمەندیی ناوچەکەی پێوە دیارە.

٩- بێخەو لە ڕووی چینایەتییەوە بەردەوام دەست پێشخەر و ڕابەر بووە، چونکە

بیروباوەڕی سیاسی شاعیر لەگەڵ یەکسانیدا بووە و دژی جیاکاری بووە، هەر بەو هۆیەوە جەفەنگی بەکارهێناوە، هەروەها دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێ بێخەو بە شاعیری جـووتیـاران و چەوسـاوەکـان ناسـراوە و داکـۆکـیی لێ کـردوون، وێڕای ئەوەش لە بنەماڵەیەکی جووتیاری هەژاری ڕەنجدەردا گەورە بووە، بە دیدی خۆی زوڵمی چینی دەرەبەگایەتی و چینایەتی بینیووە؛ هەر بۆیە لە شیعرەکانیدا بە ڕاشکاوی وێنەی ڕاستی و ڕەسەنایەتی هەژاران دەنەخشێنێ، هەروەها بێخەو لە شیعرەکانیدا نموونەی خۆڕاگری بەرگری و شۆڕشگێری بوو، چونکە شاعیر هەر لە هەرزەکارییەوە درکی بە زوڵم، تاوان کردبوو، هەر بە هۆیەوە لە جموجۆڵی سیاسی پشکدار بوو.

١٠- مەدحەت بێخەو لە شیعرەکانیدا منداڵی کوردی پەراوێز نەکردووە و، هەستی بە بێ بەشی جگەرگۆشەکـان کـردووە، هەر لە پێناو دیدی منداڵانەوە چەندین سـروودی بۆ چڕیون.

**سەرچاوەکان**


سەرچاوە کوردییەکان:

- د. کامل بەسیر: ڕەخنەسازی (مێژوو پەیرەوکردن)، چاپخانەی کۆری زانیاری ئیراق، ١٩٨٣.
- نەوزاد ڕەفعەت، شیعری، ئێوان هەور دەسووتێ، ١٩٧٧-١٩٧٨.
- نەوزاد ڕەفعەت، دارستانی ئەو بنارە.
- فەرهاد پیربال، سیزف، ١٩٦١.
- عەتا قەرەداغی: کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد، ٢٠٠١.
- لەتیف هەڵمەت: وشەی جوان گوڵە گوڵ.
- دیوانی شێرکۆ بێکەس.
- ئازاد دڵزار: ڕێچکەی خوێن، چ١، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤.
- مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، چاپی بەغدا، ١٩٨٣.

مەدحەت بێخەو: ڕەگەکان، چاپی بەغدا، ١٩٨٧

-مەدحەت بێخەو: دیاری بۆ منداڵانی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٣.
- ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، بەشی یەکەم، ساڵی ٢٠٠١.
- پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی- کوردستان خواروو (١٩٧٠- ١٩٩١) نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ٢٠٠٢.


هەواڵنامەی کیبر

**گۆڤاره كوردییەكان:**

- كەریم دەشتی: ئێستا، ژماره ١٢، ساڵی ١٩٩٨.
- د. كوردستان موكریانی، گۆڤاری هەولێر، ساڵی ١٩٧١.
- كەمال غەمبار، گۆڤاری كاروان، ژماره ١٩.
- ئەم سەرچاوەیەم له گۆڤاری كاروان وەرگرتووه، بڕوانه (رباعيات الخيام ترجمة أحمد رامي)
- هەمان سەرچاوەی پێشوو، بڕوانه (دیوانی گوڵستان)

**دیدارەتایبەتییەكان:**

- دیدار لەگەڵ ڕەخنەگر كەمال غەمباردا له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١٢/١.
- دیدار لەگەڵ شاعیر كەریم دەشتی له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١١/٥.
- چەندین دیدار لەگەڵ شاعیر مەدحەت بێخەودا.
- دیدار لەگەڵ دكتۆر ئازاد ئەحمەد مەحموددا.
- دیدار لەگەڵ شاعیر سەباح ڕەنجدەردا له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١٢/٥.
- لەگەڵ چەندین دیدار و دانیشتن لەگەڵ مامۆستا ئیدریس عەبدوڵڵا سەرپەرشتیاری باسەكە.

**سەرچاوه عەرەبییەكان:**

- هنري بير: الأدب الرمزي، ترجمة: هنري زغيب، ط١، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٨١.
- د. محمد فتوح أحمد: الرمز والرمزية في شهر المعاصر، ط٢، دار المعارف القاهرة، ١٩٨٧.
- إبن منضور: لسان العرب، المجلد الخامس، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٦٨.
- محمد شفيق غربال: المرسوعة العربية، دار لشعب والنشر القاهرة.
- نصرت عبدالرحمن: النقد الحديث- دراسة في المذاهب نقدية، مكتب الأقصى، عمان، ١٩٧٩.
- مصطفى دندشللا: الأسس المثالة ورمزية الفعل الإجتماعي، مجلة الباص، ١٩٨٣.
- روز غريب: تمهيد في نقد حديث، ط١، دار المكشوف بيروت، ١٩٧١.
- د. درويش جندي: الرمز في الأدب العربي، مكتبة النهضة، قاهرة، ١٩٥٨.
- ستانلي هايمن: النقد الأدبي والمدارسة الحديثة، ترجمة د. إحسان عباس ومحمد يوسف،

جلد١، بيروت، ١٩٥٨.
- إبراهيم العريض: جولة في الشعر المعاصر، دار العلم ملاين، بيروت، ١٩٦٢.
- ميرايلياد: ملامح من الأسطورة، ترجمة: حسيب كاصوحة، وزارة ثقافة، دمشق، ١٩٩٥.
- د. عزدّين إسماعيل: الشعر الشعر العربي المعاصر، ط٢، دار العودة، بيروت، ١٩٧٢.
- القرآن الكريم، سورة نحل، الآية ٦٨.
- القرآن الكريم، سورة المائدة، الآية ٢٧-٣٠.

**پەراوێزەكان:**

(١) (مەدحەت بێخەو)، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١.
(٣) كەمال غەمبار، گ، كاروان، ژمارە ١٩، لا ٢٧.
(٤) مەدحەد بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣، لا ٨.
(٥) سەرچاوەی پێشوو، لا ٨.
(٦) سەرچاوەی پێشوو، لا ٦
(٧) مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣، لا ٩
(٨) هەمان سەرچاوە.
(٩) مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣، لا ١٠
(١٠) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠
(١١) مەدحەت بێخەو، ڕەگەكان، چاپی بەغداد، ١٩٨٧، لا ٦
(١٢) سەرچاوەی پێشوو، لا ٦.
(١٣) مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣، لا ١٦.
* لاك: كەلاك
(١٤) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦.
(١٥) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣
(١٦) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣
(١٧) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧
(١٨) مەدحەت بێخەو، داربەروو، ١٩٨٣، لا٢٣.
(١٩) سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦.
(٢٠) مەدحەت بێخەو، دیاری بۆ مندالانی كوردستان، هەولێر، ٢٠٠٣.
(٢١) مەدحەدت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣، لا ٢٦.ل

هەواڵنامەی كتێب

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧.

* ئەو قایشەیە کە بەژێر کلکی ولاغدا تێدەپەڕێ و بەکورتانەکەی دەبەستێتەوە.

(٢٣) سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨.

(٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

* سرووش: وەحی.

(٢٥) مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، ١٩٨٣،لا ٣٣-٣٦.

*زبر:دڕی، شەقال شەقال.

**زنج: کونج، یان کۆریت.

(٢٦) (مەدحەت بێخەو) داربەڕوو، بەغدا ١٩٨٣، لا ٧٣.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣.

(٢٨) کەمال غەمبار، گ کاروان، ١٩٨٤، لا ٢٨.

(٢٩). ئەم هۆنراوەیەم لە سەرچاوەی پێشوو وەرگرتووە (رباعيات الخيام ترجمه احمد رامی).

(٣٠)مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣، لا ٣٢.

(٣١) مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣،لا٦٢.

(٣٢) سەرچاوەی پێشوو، لا٦٢

(٣٣) مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٤، لا٤١.

(٣٤) مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا، ١٩٨٣، لا ١٣.

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩ - ٢٠.

(٣٦) مەدحەت بێخەو، دیاری بۆ منداڵانی کوردستان، چاپی دووەم هەولێر، ٢٠٠٣.

* کوردین: ئازاین، قارەمانین.

(٣٧) مەدحەت بێخەو، داربەڕوو، بەغدا ١٩٨٣، لا ٢٧

(٣٨) مەدحەت بێخەو، دیاری بۆ منداڵانی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٣

(٣٩) (سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣.

(٤٠) مەدحەت بێخەو، دیاری منداڵانی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٣، لا ٩). ** (ئەم هۆنراوەیە بە نووسراوی (بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بەشی چالاکی هونەری) ژمارە ٦٢٥٤ لە ١٣/٤/١٩٦٤ بڕیاری لەسەر دراوە و پەخش کراوە بۆ قوتابخانەکانی کوردستان بۆ گوتنەوە، هەروەها لەلایەن هونەرمەند (عەبدوڵڵا دڵسۆز) کراوە بەگۆرانی.

هەواڵنامەی کتێب

لێکۆڵینەوە



نەجات حەمید ئەحمەد

# ئارد دەکڕین، کەیەک دەکڕین، نانەڕەق دەکڕین

بنادییە زمانەوانییەکانی دەنگ لە نێوانی بانگەوازکردن و ڕاگەیاندندا



فرۆشیاری بانگەواز کاروکڕیاری بانگەوازکار هەموو ئەو سنوورانەی نێوان کبریای خۆی و ئەوانی دی دەشکێنێ، فرۆشیار و کڕیارە گەڕۆک و جێگرەکان و بانگەوازکار و بێدەنگەکان دوو چینی جیاوازن لە مرۆڤ کە خاوەنی دووباری دەروونی و کۆمەڵایەتیی جیاوازن

ئەوانەی گوێ لە بانگەوازەکان دەگرن هەموو هاوبەشن لە وەرگرتن و لێکدانەوەیان

بانگەوازکردن بە دەنگی بەرز، هێشتا لە ژیانماندا و لە هەموو شوێنەکانیدا ئامادەیە و ڕۆژانە ئێمە لە ڕێگەی دەنگی بەرز و ڕاگەیێندراوەوە ئاگادار دەکرێینەوە دەنگی بەرزی ڕاگەیاندن لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ و زارگرتنی هاتۆتە کولتووری بیرکردنەوەی ئەوەوە، ئێمە کە لە ماڵەوەداین گوێمان لە بانگەوازی بانگدان دەبێ، گوێمان لە دەیان فرۆشیار و کڕیاری جیاواز دەبێ کە دەنگیان بەرز دەکەنەوە و کەرەستەی خۆیان بۆ فرۆشتن ڕادەگەیەنن و بانگەواز بۆ کڕینی کەرەستەی جیاواز دەکەن، لە چاپخانەو چێشتخانە و شوێنە گەشتیارییەکاندا جگە لە فرۆشیاران لە ڕێگەی بڵندگۆکانەوە گۆرانی بە دەنگی بەرز لێدەدرێ.

لە کۆگاکان و شوێنەکانی فرۆشتنی کەلوپەل. بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە زۆر دیاردەی جیاواز تاکو ئەمڕۆ بە ئۆتۆمۆبێل و لە ڕێگەی بڵندگۆوە هاووڵاتیان گوێبیستی ڕێنمایی و زانیاری و هۆشیارکردنەوە دەبن ئەوەی لێرەدا لە ڕووی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پراکتیکیەوە بەلامانەوە گرنگە جۆرێک لە بانگەوازکردن ڕاگەیاندنە کە ئەویش دەنگ و بانگەوازی فرۆشیارە گەڕۆکەکانی ناو گەڕەکەکانەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە یاخود خۆی لەم تەوەرانە دەدات، ئاخۆ بنیاتی زمانەوانیی بانگەواز کردن خاوەنی دەلالەت و ئاماژەکانی بنیاتی خۆیەتی یان داڕشتن و ڕەزمی بانگکردن ڕوویەکی هونەریی زمانەوانییە یا تەنها دەنگ دەنگسازیە؟ ئاخۆ داڕشتنی زمانەوانی و مانادارى بانگەواز هێزی بەدەقبوونیان تێدایە یا نا؟ دەنگ توانای دەرخستنی هەموو ماناکانی هەیە یانا؟ تایبەتمەندییە دەروونی و فیکرییەکانی بانگەواز بە دەنگ چین؟ سیفەت و خەسڵەتی شێوازی بانگەواز کردن چییە؟

## بانگەواز و دەلالەتەکانی

بوون و نەبوونی شتەکان هەر لە ئاینەکانەوە تاکو ئایدۆلۆژیاوە کولتووری بنەچەکۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بانگەوازتیایاندا بوونێکی کاریگەری هەیە، کە بانگەواز ئاگادارکردنەوەی زۆرترین خەڵکە لە شوێنێکی گەورە یا بچووک، کراوە یا سنووردارکراو لە گەیاندنی مانایەکی نوێ کە ئاسایی نییەو تازەیە، کە زۆر جار ئەوەندە نا ئاساییە سەرمان سوڕ دەمێنێ و بەرەو پرسیارمان دەبات، ئەو دەنگانە جگە لەوەی ڕاگەیاندنی مانایەکی دیاری کراون هەروەها خاوەنی بنیاتی زمانەوانیی خۆیانن و مرۆڤ وا لێ دەکەن کە جووڵە و گواستنەوەو گەڕانەکانی سنووردار بن بەوەی بازاڕی بچووک بچووک

دەگەیێنێتە بەردەرگاکان بێگومان دەلالەتەکانی یا ئاماژە بۆ کردنەکانی بانگەوازکردن بۆ کڕین و فرۆشتن زۆر لەم سنوورانەش دەچێتە دەرەوە تاکو ئەو ئاستەی وامان لێ دەکەن بە دووی بنیاتە شاراوەکانیدا بگەڕێین. گرنگترین ئاماژەکانی بانگەوازکردن شکاندنی بێدەنگبوونی مرۆڤ لە کولتوورێکی ڕەگاژۆی کۆمەڵاتییدا، ئەو کولتوورەی شوێنەکان لێکدووردەکاتەوە سنوورەکان فراوان دەکاتەوە بەمەش دەنگ و بانگەواز هاوبەشیبوونێکی بە کۆمەڵیتی مرۆڤە لەمانایەکدا کە پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەوەی و ڕۆژاندنی مرۆڤو گرفتارکردن و سەرنج ڕاکێشانییەتی لەناو شوێنی ژیانی خۆی، ئەوانەی گوێ لە بانگەوازەکان دەگرن هەموو هاوبەشن لە وەرگرتن و لێکدانەوەیان، کەسی بانگەواز کار کەسێکی هونەرمەندە لە ڕێکخستنی دەنگی خۆی و بە ئاوازکردنی ڕستەو بەرزی و نزمیی دەرکردن دەنگەوە کە زۆر جار ڕەهەندێکی ڕەزم داری ئیستاتیکی باڵ بەسەر دەنگەکاندا دەگرنی، دووبارە کردنەوەی دەنگەکان بە هەمان ڕەزم یا بە هەندێک گۆڕانکارییەوە گەڕانە بە دوای جوانییەکانی گوتن بە دەنگی بەرز، هەروەکو چۆن گۆرانی بێژ، قورئان خوێن و بانگدەر و ڕیکلام کاری سیاسی لە بڵندگۆکانەوە بە ئاستی جیاواز بایەخ بە خۆشخوانی و دەنگی خۆیان دەدەن، هەروەها کڕیار و فرۆشیارەکانی ناو جادەکان، جۆرێک لە ڕێکخستنی دەنگ و ڕستەی هەڵبژێردراو و ڕەزمی دیاری کراو بەکاردێنن تاکو سەرنجی بەرامبەرەکان بۆ خۆیان ڕاکێشن. هەروەکو چۆن بانگەوازکردن شکاندنی ئەو بێدەنگی و مات بوونەیە کە لە ناخی مرۆڤدا دەگاتە ئاستی زمانێکی مردوو لە بیرو ژیانی ڕۆژانەدا کەسی هاوارکار و بانگەواز کار کەسێکە بێدەنگییەکانی ناوەوەی دەشکێنێ کە لە پاشاندا ئەو کەسانە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەریی بوێری بوون لە گوتن کرانەوە لە قسەکردن چوونە پێش لە گونجان و تێکەڵ بوونە کۆمەڵایەتییەکان فراوان دەکاتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا مۆرکی تراژیدیی ژیانی کەسایەتیی فرۆشیار و کڕیارەکان جگە لەوەی هاندەری هاتنە گۆی ناخەکیی مرۆڤەکانن، هەروەها ڕاگەیاندنی ئازار و خەمەکانی چینێکی هەژاری فرۆشیاران کە مەرجەکانی یا هۆیەکانی فرۆشتن و هەژاری فرۆشیارن کە مەرجەکانی یا هۆیەکانی فرۆشتن و کڕیاریی شیاو و مۆدێرن شک نابەن ئەمە هەروەکو هێرش و کەوتنە ناو جادەی چینێکە کە بەدەنگی بەرزەوە دەیەوێ دژی هەموو ئەو بە دیسیلپین کردن و کۆنترۆڵ کردنانەی بازاڕ بشکێنێ کەوا لە کڕیار دەکەن ئەوان بچنە دەرەوە بۆ کڕینی شت و مەک و کەلوپەل لەو کاتەی ئەوە ئەو چینەی ناو جادەکانە کە بازاڕەکان بە جۆراو جۆریی خۆیانەوە دەیان هێنێتەوە بەر دەرگاو جادەی ماڵەکان و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی

ڕۆژانەیان بۆ دەخاتە بەردەست و لە ماڵی خۆیان دەیانهێڵێتەوە دەنگەکان تراژیدین یاخود مۆرکی تراژیدی بە خۆیانەوە دەگرن ئەمەش جۆرێکە لە ڕاگەیاندنی ئەو ژیانە ساکار و نەدارەی کە تاکی فرۆشیار هەیەتی، ڕاگەیاندنی تراژیدیا ناخەکییەکانی ئەو مرۆڤانەیە کە ڕۆژگار و کۆمەڵگەکانیان پەراوێزیانی کردووە لەم ڕووەشەوە دەنگی فرۆشیار و کڕیارەکان لە ناخەوە یا لە گەوهەردا ڕەتکردنەوەی چەسپاوی و داسەپاندنی ژیانێکە و هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی دیکە هەروەها لە رووی بنیاتە زمانەوانییەکانەوە، ڕستەکان بە شێوازێکی ڕەزمدار دەگوترێنەوە یا بانگەوازیان بۆ دەکرێ کە وشە تیایاندا دەورێکی گەورەی لە دەنگ و مانا و گوتندا هەیە، ئەم ڕێکخستنە زمانەوانییانە هەروەها دەوریان لە بەرهەم هێنانی شێوازێکی پوخت و تەباشدا هەیە کە ئاستی دەنگ و ڕەزمی وشەکان شێوەیەک لە بەدوورییەکدا هاتنی ڕێکوپێکی دەنگ دەکەن فرۆشیار و کڕیاری گەڕۆک بەلایەوە گرنگە بە دەنگ و سەدایەک بانگەواز بۆ شتەکانی خۆی بکات لەمەشدا بانگەواز لە ساکاریی زمان و دەنگی خۆیدا ڕووبەرێکی هونەریی تێدایە.

## هونەری گوتن و بانگەوازکردن

بێگومان بانگەوازی کڕین و فرۆشتن لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە سیماو خەسڵەتی هونەریی خۆیان هەیە و هەروەک گەیاندنی گوتارێکی یەک دەلالەتیی دەنگ وایە لەگەڵ جیاوازیی جۆرەکانیدا کە دەتوانین بەم خەسڵەتانەی خوارەوە دیاریان بکەین، یادەست نیشانی ڕەگەزە هونەرییەکانی بکەین:

١- دەگمەنیی مانا

ئەو کەرەستەو خۆراک و کەلوپەلانەی بۆ فرۆشتن و کڕین کەرەستەیەکن لە بانگەوازدا مۆرک سیمایەکی تایبەتیان هەیە و زۆرجار لە کەرەستەی باوی بازاڕ و فرۆشگاکان دوور دەکەونەوە بۆ نموونە بڕوانە ئەم بانگەوازانە:

١- تەنزیلات هەزار دنیار

٢- کەنگری مەخمووری، کەنگر...

٣- تەماتە، کەنگر، کەلەم، تەڕەپیاز.. کەرەویز، تەڕەپیاز - کودی

٤- هەزار دنیار، هەزار دنیار...

٥- ئاردی دەکڕین، نیسکی دەکڕین، شیری دەکڕین پەلکەنانی دەکڕین، برنجی بایعی

دەکرێن...

لە یەکەمین بانگەوازدا کەرەستە بۆ فرۆشتن دەخرێنە ڕوو، بەڵام نازانین کەرەستەکان چین ئەمە گرفتارکردنی گوێگرە بۆ زانینی ئەو کەرەستانەی کە بە هەزار دنیارن کە لە وانەیە خۆیان لە هەزار جۆر کەرەستە بدەن.

٢- لە دووەمین بانگەوازدا فرۆشتنی جۆرێک لە کەنگر ڕاگەیاندراوە کە دەگمەنەو تەمەنێکی کورتی هەیە و بەدەیان کیلۆمەتر و لە شوێنێک دیاری کراوەوە هێنراوە کە بانگەواز کار دەیەوێ بڵێ کەنگری مەخموور باشترین و ناسکترین کەنگرە لە هەموو شوێنەکانی دیکە و ئەمەش هۆیەکی گرفتاریکردن و ڕاکێشانەو سەرسوڕهێنادنە.

٣- ڕاگەیاندنی زۆرترین جۆر لە سەوزە و میوە و بەرهەمی گشتوکاڵی کە دەگمەنە هەموو ئەو جۆرانە لەیەک کۆگای فرۆشتن و یەک شوێندا بدۆزێتەوە ئەمەش گرفتاریکردنی گوێگر و کڕیارەکانە بەوەی هەموو شتێکی هاتۆتە بەردەست کە پێداویستی دروستکردنی خۆراکن.

٤- لەم ڕاگەیاندندا بانگەوازکار بانگەواز بۆ فرۆشتنێک و کڕیارییەک دەکات کە بە نرخێکی زۆر هەرزان ئاخۆ دەبێ چ کەرەستە و کەلوپەلێک بکڕێ کە نرخەکەی تەنها هەزار دینار بێت؟! ئەوە جۆرێک لە ڕاکێشانی خەڵکین بۆ کڕین و دەرچوون لەماڵەوە و دروستکردنی یا خۆڵقاندنی گوفتاری و سەر بەسوڕهێنان.

٥- لێرەدا بانگەواز کار بۆ هەموو ئەو جۆرە خۆراکانە دەکات  کە جۆرێکن لەوانەیە لە ڕوویەک لە ڕووەکانەوە خراپ بن بەڵام ئەو ئامادەیە بیانگرێتەوە ئەو کەلوپەلانەی هاوڵاتی لە ڕێگەی دابەشکردنی خۆراکی مانگانەوە وەریان دەگرێ و جۆری خراپ و بێ کەڵکن ئەمەش جۆرێکە لەسەرنج ڕاکێشان و داواتکردن.

بەرهەمهێنانی گرفتاری و سەرسوڕمان و دروستکردنی دەنگێکی سەرنجڕاکیش بە جۆرێک لە جۆرەکان دەچێتە قاڵبی بنیاتێکی دیاری کراوەوە و بەمەش دەچێتە نێو بوارێکی هونەریی سەرەتاییەوە و بەمەش دەبێتە دەقێکی بچووکی تاک بنیات. دەقی تاک بنیات هەموو ئەو دەقانەن کە تەنها خاوەنی بنیاتێکی یەک مانایین و ناتوانین لە ئاستە ڕووکەشەکەی زماندا بە دووی چەند بنیاتێک لەمانادا بگەڕێین، بەڵام لە ئاستە نەگۆتراوەکانیدا واتە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی نەگوتراوی ئەو دەقەدا ئەوا دەچینەوە سەر چەند مانایەکی جیاواز کە گوتن و بانگەواز دەیانهێننە بوونەوە بانگەوازی کڕین و فرۆشتن

ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە جیاوازەکانە کە تەشەنە سەندنی لە زۆرینەی گەڕەکەکاندا ئاماژەیەکە بۆ هاوبەشی بوون و نزیکبوونەوەی ئەو کۆمەڵگانەی لە یەکتری لە ڕووی ژیان و چۆنیەی گوزەراندنەوە، ئەو کۆمەڵگانە لەگەڵ جیاوازیی باری ئابووری و ژیانی و شوێنی حەوانەوەدا چونکە گەڕەکی خاوەن خانووی گەورە و تازە دەلالەتێکە بۆ جیاوازی لەداهاتدا بەڵام بڵاوبوونەوەی فرۆشیارییانە بە جیاوازیی کاڵاکانەوە ئاماژەیەکە بۆ هاوژیانیەکی کۆمەڵایەتی لەوەدا کۆیان دەکاتەوە کە چۆن دەژین و بایەخ پێدانی ژیانیان چۆنە! کە هەر لەوێوەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە جیاوازیەکی زۆر گەورە لەنێو بیرکردنەوەکانیشدا نییە لە گەڕەکێکی میللیەوە بۆ گەرەکێک کە هەموو خانوەکانی نوێن ئەوە پەیوەندیی بە داهات و جیاوازیی ئابووری کەسەکانەوە نییە بەڵکو پەیوەندیی بەبیرکردنەوەوە هەیە بەباوەڕ بوون بە جۆرێک لە ژیانەوە. لە ڕوویەکی دیکەوە بەدەقبوونی سەرەتایی و. بچووکی بانگەواز هەر لەم ڕووەوەیە کە مانای جیاواز لە دەرەوەی زمانی خۆیدا بەرهەم دێنێ لێرەوە پێمان چاکە بچینە نێو کەسایەتیی بانگەوازکاری فرۆشیارەوە کە بەرهەمی ئەم جۆرە دەقانە دێنێ:-

**فرۆشیار هەروەکو گۆرانی بێژێکی هونەری خۆی دەنوێنێ، کە برگەیەک لە گۆرانییەک بلێتەوە، دەنگەکان ڕەزمی خۆیان هەیە**

فرۆشیاری بانگەوازکار کەسێکە توانای شکاندنی قەدەغە کردنەکانی داب و دەستووری ئاخاوتنی هەیە، چونکە لەوشکاندنەدا مرۆڤێکی پاساودارە، مرۆڤێکە ترس و شەرم و قەدەغەکردنەکان تێکدەشکێنێ و هەروەکو چۆن کەسایەتیی فرۆشیار

**گەر لەنێو خەویشدا بیت بێزارت دەکەن و ناچاری گوێ گرتنت دەکەن، چونکە ئەوەی بەلای فرۆشیارەوە گرنگە ئەوەیە کە زۆرترین گوێگری هەبێت**

کەسایەتیەکە لەژێر گوشارێکی گەورەی چۆنێتی ژیان و بەرهەم هێنانی ژیان وەکو بەهایەکی ئابووری ئامادەیە لە بەیانیەوە تاکو ئێوارە عەرەبانەکەی پاڵ ناو هاوار بکات بانگەواز بۆ خەڵک بکاو داوەتیان بکات بۆ کڕین. کەسی خاوەن کۆگاو شوێنە ڕەسمییەکان کەسێکە ترس و شەرم و قەدەغەکردن و کبریاکانی خۆی دەپارێزێ، چونکە ئەوە خەڵکە کە بۆ لای ئەو دەچن و بەبێ ئەوەی بانگیان بکات، ئەوە خەڵکەیە بۆ لای ئەو دەچن، بەڵام فرۆشیاری بانگەواز کاروکڕیاری بانگەوازکار هەموو ئەو سنوورانەی نێوان کبریای خۆی و ئەوانی دی دەشکێنێ، ئەمە حاڵەتێکە لە تێکشکاندن و خۆتێکشکاندن لە ژێر گوشارێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەهێز، فرۆشیار و کڕیارە گەڕۆک و جێگرەکان و بانگەوازکار و بێدەنگەکان دوو چینی جیاوازن لە مرۆڤ کە خاوەنی دووباری دەروونی و کۆمەڵایەتیی جیاوازن.

## ڕووی هونەریی ڕەزمی بانگ وازکردن و بەهاکانی

سەرەتا با لەم بانگەوازانە وردبینەوە ئینجا دێینە سەر شیکردنەوەی ڕەزم و بەهاکانی:-

١- کشمیش، خومرە.... پاقلە قەزوان.... بنێشتی کوردی، کونجی

٢- ئاردی دەکڕین.... پەلکەنانی دەکڕین.... نیسکی دەکڕین..... نۆکی دەکڕین....

٣- ئاردی بایعی دەکڕین.... پەلکەنانی دەکڕین..... شیرِی دەکڕین....

٤- ماڵە بەکەونە فافۆن... بەکەونە سفر..... مزەخەی دەکڕین.... پاتری سەیارەی دەکڕین...

٥- نەفت... نەفت... غاز

٦- مافووری دەکڕین..... فەرشی ناوماڵ... دەگۆڕینەوە

سەودای دەکەین....

٧- تەماتە، کەلەم، کەنگر.... تەرەپیاز.

٨- ئارد دەکڕین.... نیسکی دەکڕین..... پەلکە نانی دەکڕین

٩- تەنزیلات هەزار دینار....

ئەو هۆکارە دەنگییەی کە تایبەتمەندێتیەکی هارمۆنیا و ڕەزمدا بە بانگەواز دەبەخشێ، ئەو شەپۆلدانە دەنگیەیە کە ڕێکخستنێکی نموونەیی دانسقە بەدەرچواندنی یاخود بەرازەککردنی وشەکان دەبەخشن، کە زۆرینەی جارەکان ڕەزمێکی تاک جووڵەیان هەیە و

هەولانامەی کتێب

لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی دیکە دەگۆڕێت، فرۆشیار و کڕیار و سەودا کاری خۆراک و کەلو پەل سەرەتای ڕستە بەدەنگێکی بەگوڕو بەهێز دەست پێدەکات لە ڕستەی دووەم یا وشەی دووەم گوڕیەکەی کەمتر دەبێتەوە و ڕەزمی گوڕیەکەشی خاو دەبێتەوە.. ئەوە لە دوا وشە یاخود لە دوا ڕستەدایە کە بانگەواز کار قفڵی ڕەزم دەدات بەشێوازێکی جیاواز لە ڕەزمی وشە و ڕستەکانی دیکە.

فرۆشیار هەروەکو گۆرانی بێژێکی هونەری خۆی دەنوێنێ، کە برگەیەک لە گۆرانیەک بڵێتەوە، دەنگەکان ڕەزمی خۆیان هەیە، هەر خۆی دانەری ڕەزم و نووسەری دەقە هەر خۆی بانگەواز کار و بەرهەمهێنی دەنگەکانە کە دەتوانین بە شێوەیەکی هێڵکاری ئەو دەنگانە بەپێی ڕستەو وشەکانیان هاو وێنە بکەین و لەوێوە تێدەگەین کە چۆنیەی دەرکردنی دەنگەکان خاوەنی ڕەزمی خۆیانن بۆ نموونە بانگەوازی یەکەم (کشمیش، خومرە

١- کشمیش، خومرە – وەستان – ٢- پاقلە، قەزوان

ئاستی دەنگە و ڕەزم — ئاستی دەنگەو ڕەزم

١+٢+٣ ___ ١+٢ — ١+٢ ___ ١+٢

١ ← کش ← کورت — ١ ← پاق ← درێژ

٢ ← می ← درێژ — ٢ ← لە ← کورت

٣ ← ش ← کورت

___ وەستان ___

<u>٣- بنێشتی کوردی</u> — <u>وەستان</u> — <u>٤- کونجی</u>

ئاستی دەنگەو ڕەزم — ئاستی دەنگ و ڕەزم

١+٢+٣ ___ ١+٢ — ١+٢

١ ← بنێ ← درێژ — ١ ← کون ← درێژ

٢ ← ش ← کورت — ٢ ← جی ← زۆر درێژ

٣ ← تی ← کورت

کەواتە گەر ئەم ئاستانەی دەنگ و ڕەزم لە شێوازی شیکردنەوە هێمادارەکانی کە ژمارەکانی (١ – ٢ – ٣)ن دەرکەینە دەرەوە بەم جۆرەی خوارەوەیان لێ دێ.

هەواڵنامەی کتێب

١- کشمیش خومره ⟵ کورت - درێژ - کورت

٢- پاقله قەزوان ⟵ درێژ - کورت

٣- بنێشتی کوردی ⟵ درێژ - کورت - کورت

٤- کونجی ⟵ درێژ - زۆردرێژ

بڕوانە جیاوازیی ئاستی دەنگەکان کە لە تەنها وشەی یەکەمداشیمان کردۆتەوە، لە ڕوویەکەوە دەنگەکان هیچیان لە وشەیەکی دیاری کراودا بەیەک ناگەن، هەر وشەو ڕستە خاوەنی دەنگی خۆیەتی لە ڕوویەکی دیکەوە لەبەرزبوونەوە سەرکەوتن کە بە «کورت - درێژ» دەست نیشان کراون، هەروەها جیاوازن لە ئاستی بەهادەنگینیەکانیان - ئەم جیاوازی و گۆڕانکارییانە لە دەرکردنی دەنگی ڕەزمەکاندا جۆرێک لە هۆنینەوەو دانانی ئاوازێکی بچووک سنووردار دەگرنە خۆیان و دووبارە دەبنەوە، زۆریی دووبارەبوونەوەی ڕەزمەکان وەکو خۆیان ئەو بانگەوازانە بەرە و ئاوازێکی فۆلکلۆری دەبات، لەبەر ئەوەی مۆرکێکی چەسپاو بە هەموو ڕزمەکان دەبەخشێت و یەک سیفەتی دیاری کراویان پێدەبەخشێت و لە دەنگدا ئەوەی مسۆگەریی چەسپان و نەگۆڕایی ڕەزمەکان دەکات دووبارەبوونەوەیە، دووبارەبوونەوە وا دەکات فرۆشیار وریا بێت لەوەی هەڵە نەکات لە دەرکردنی دەنگەکان بەو ڕەزمەی ئاستی بەرزی و نزمیی شەپۆڵەکانی دەنگ دەپارێزن لە بۆنەی بە دووییەکدا هاتن و وەستان و دووبارەبوونەوەی دەنگەکاندا جیاوازیی دەنگەکان ڕەزمێکی ناخەکی فرۆشیار هەڵدەگرن لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆشی و ناخۆشیی دەنگەکان بایەخ و بێ بایەخیی جوانکاریی ڕستەکان و وشەکان گرنگ و پڕبایەخ نین، بەڵکو بەرزی و تیژیی دەنگەکان گرنگ و پڕ بایەخن، تەنانەت هەندێک جار گەر لەنێو خەویشدا بیت بێزارت دەکەن و ناچاری گوێ گرتنت دەکەن، چونکە ئەوەی بەلای فرۆشیارەوە گرنگە ئەوەیە کە زۆرترین گوێگری هەبێت کە کەرەستە و خۆراک و کەلوپەلەکانی بەلایان گرینگ نییە و هەر ئەویش هۆکاری بانگەواز و هاتنە دەنگن، نەک جوانیی دەنگ و ڕستەو وشەکان. لەڕووی دەروونییەوە بانگەوازکار کەسێکی خاوەن دەنگێکی تێکشکاوە چونکە ئەو خاوەنی بنەمایەکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی تێکشکاوە لەو کارەی هەڵی بژاردووە بۆ ژیان گەڕۆکی و هاوارکردن دووڕێگەن کە جێگرەوەیان نییە و لێرەوە بەهای ئاستەکانی دەنگ و زۆرترین دووبارەکردنەوەیان بەهایەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەروونیشی بەخۆوە دەگرن، گەر بێتوو دەرکردنی دەنگی کۆمەڵە وشەو ڕستەیەک کە خاوەنی ڕەزمی خۆیان بن و فرۆشیار

ڕۆژانە ئەو ڕەزمانە بپارێزێ و دووبارەیان بکاتەوە و هەر فرۆشیارێک خاوەنی دەنگ و ڕەزم و وشەی خۆی بێت ئەوا بە هونەربوونی بانگەوازی فرۆشیاری و کڕیاری و سەودایی جۆرە هونەرێکی ساکاری سەربەخۆیە لە بنیاتی دەنگ و ڕەزمەکانیدا، لە ئاوازەکانیدا کە هەر بە ئاوازکردنی دەنگ لە شێوە توند و سەدا دارەکەیدا هەر خۆی گەیاندنی وشە و ڕەزمە بەوجۆرە هونەرە... لەگەڵ ئەمەشدا بانگەواز کار لە دەنگ و ڕەزمەکاندا گۆڕانکاری دێنێتەکایەوە لە کاتی جۆش سەندنی دەروونیدا هەروەکو چۆن گۆرانی بێژ لەگەڵ جۆشی سەندنی ناخەکیی سۆز و هەستەکاندا چ جووڵەی دەست و دەم و چاوو چ جووڵەی لەشی زیاتر و زیاتر دەکات، هەر بەو شێوەیەش زۆریی فرۆشیاری و مامەڵەکردن، بەهیوابوونێکی کۆمەڵایەتیی فرۆشیار و بانگەوازکاردا تاوێکی گەورەی پێدەبەخشێ کە توانای درێژکردنەوە و کورت کردنەوەی دەنگ و دەرکردنی ئاستی جیاوازی بەرز و نزمی ڕەزم توندی و خامۆشیی دەنگەکان هەموو بەرە و گۆڕانکاری دەبات هەر بۆیە ئەو دەنگ و ڕەزمانە هەروەکو فانتازیای سەردەمن، لەوکاتەی لوورەی گورگ و چەقەڵ غوربەت و نامۆییەکی شاراوەیان تێدایە، هەروەکو دەنگی بەیانی زووی بڵندگۆکان جۆرێک لە کەسەرو غەریبیان تێدایە، هەروەها بانگکردنی فرۆشیارەکان کاردانەوەیەکی دەروونیی چەوسێنەرەوەیان تێدایە لەو ناخ و بیرکەرەوانەی کە دڵیان پڕ لە بەزەیی و خوێندنەوەیە کە لە ناخەوە جیاوازیی ئاستی ژیان و ناداد پەروەریی و چارەنووسی نایەکسان لە ناوەوە دەیان چەوسێنێتەوە ئەوە فانتازیایەکی کۆمەڵایەتییە کە بەرهەم هێنی هوشیارکردنەوەیە لە ژیانی چینێکی بەربڵاو لە جۆرێک لەو مرۆڤانەی کە ژیانیان بەندە بە زۆرترین گەڕۆکی و پەراگەندەیی نێو جادەکان، بە زۆرترین و دووبارەترین دەنگ و ڕەزم و وشە بەڵام هەموو ئەم سیفەتانە ئەو فرۆشیارانە لەبیرکردنەوە نووچ خواردن، لە دیلی و کۆیلەیی دەروونی ئازاد دەکات فرۆشیاری گەڕۆک مرۆڤێکی زۆر ڕاشکاوە.

## دەنگ و مانا

لە بانگەوازدا دەنگ و کاریگەرییەکانی دەنگ هەروەک باسمان کرد سەرچاوەی هاتنە گۆیەتی، بەوەش دەنگ و مانا تێکەڵ بەیەک دەبن و دەنگ بەشێکی گەورە لە کاریگەرییە بنیات گەرییەکانی زمان بۆ خۆی دەبات بە جۆرێک بەبێ دەنگ مانا هێزێکی ئەوتۆی نابێت لەخۆ دروستکردن و خۆپێکوەناندا بانگەواز هەروەکو شێوازێکی ڕێکلام کردنەو هەموو کاریگەرییە جیاوازەکانی ڕیکلامکردنی تێدایە بەڵام تاقە جیاوازی ئەو جۆرە ڕیکلامە لە

خۆکردنە واتە دەبێتە شێوازی ئاخاوتن، بەڵام لە تابلۆکانی ڕیکلامکردندا تەنها ڕستەی دانسقەو تیشک و جوانییەکانی شێوە و ڕەنگ دەوریان دەبێ لە خولْقاندنی دەقێکی هونەریدا کە هەموو پەیوەست دەبن بەیەکترەوە و یەکتری تەواو دەکەن بەڵام لەلای فرۆشیارە گەڕۆکەکاندا ئەوە دەنگ تەنها دەنگە سیفەتی بەڕیکلامکردن و بەڕیکلامبوون بە دەق دەبەخشێت لە ڕیکلامی تابلۆکاندا مانا هەر خۆی بەرهەمهێنی خۆیەتی لەو ڕستانەی کە ڕاستەوخۆیی گوتنیان تێدا نییە کە زۆر لە هێما و مانای شاراوە لە چوارچێوەی ڕستەکاندا کاریگەرییەکانی دیکەی وەکو ڕەنگ دەوریان هەیە لە دروستکردن و بنیات نانی مانادا، لەو کاتەی لە بانگەوازدا دەنگ بە ڕاستەوخۆیی دەربڕین لە ماناکانی خۆی دەکات بەبێ هیچ کاریگەریەکی دیکە، لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرجار ڕستەی وروژێنەرو کاریگەرمان بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە:-

- سێوی کارەبایی... سێو.

بەخشینی سیفەتی کارەبا بە سێو بە جارێک و ڕۆژاندن و کاریگەری خستنە سەرگوێگرە هەست بە جوانییەکانی سێو دەکات، گەر بریسکانەوە سیفەتێکی خۆ دەرخستنی کارەبا بێت، ئەوا سێوپاش شوشتن و ووشککردنەوەی ئەو بریسکەیە دەردەکاتە دەرەوە، گواستنەوەی سیفەتی نەبینراو بۆ سیفەت و سیمای بینراو ئەو فانتازیا وێنەییەیە کە بانگەوازکار کاری بۆ دەکاو بەرجەستەی دەکات، خۆڵقاندنی فانتازیا خولْقاندنی سەرسوڕمان و تەلیسمی و ڕۆژاندنێکی هونەریی بچووک و سادەیە کە کار لەسەر ماناکانی دەنگ دەکات و بەشێکی سەرەکیی ماناکانی خۆی بە ڕستەیەکی دانسقە دەبەخشێ، ڕستەیەک بۆی هەیە مانایەک بەرهەم بێنێ لە نێو خۆیدا بەڵام لە دەرەوەی خۆی چەند مانایەکی جیاواز بەرهەم دێنێ کە پەیوەستە بە کەرەستەی بەرچاوخراو لە چوار چێوەی کڕین و فرۆشتندا، ڕیکلامکردن لە ڕێگەی بانگەوازەوە هەروەک فێڵکردنێکی نوێی سەردەمێکە کە پێشبڕکێکردن و پەیداکردنی زۆرترین کڕیار وا پێویست دەکات ئەو جۆرە فێڵکردنە بەو هۆیەوە بێ کە باوەڕ بە گوێگربێنێ کە ئەو کەرەستەیەی ئەو هەیەتی سیفەتی زۆر ناباوو نائاسایی و فانتازیی هەیە و بۆ نموونە بانگەوازی:

- هەرمێ... هەرمێ، بە لێوان دەخۆرێ.

هەموو خواردنێک بە لێوان ناخۆرێ، ئەوە هەرمێیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر زۆر نەگەیێ و نەرم نەبێ بە ددانێکی ساغیش نەبێ ناخۆرێ و بەڵام هەرمێکەی ئەو بە لێوان دەخورێ بەرهەمهێنانی لەم بابەتە خولْقاندنی مانایەکی فانتازیە لە ڕیکلامکردندا بە لێوان خوران

هەواڵنامەی کتێب

لە کارخستنی، و وەلاوەنان و بەڵکو سڕینەوەی کاروکرداری بەشێکی گرنگی ووردکرین و جوینەکە ئەویش ددانەکانە، ڕیکلام بە جارێک مرۆڤ لە سروشت هۆی دەردەکاتە دەرەوە بە جارێک دەورو وەزیفەی نوێی پێ دەبەخشێتەوە کە ئەویش کورت کردنەوەی ئەو وەزیفە پێویستانەیە بۆ خواردنی «هەموو شتێک. نا» بەڵکو شتێکی دیاری کراو زۆر بە ئاسانی و بەبێ گرفت دەجاورێ و دەخورێ و ناگاتە ددانەکان ئەو میوەیە لەسەر لێواندا دەتوێتەوە و نەرم دەبێتەوە ئەوانەی گرفتی ددانیان هەیە دەتوانن ئەو هەرمێیە بکڕن، ئەوانەش دەم و ددانیان ساغە دەتوانن بەبێ بەکارهێنانی ددان ئەو هەرمێیە بخۆن لە ڕووی دیکەوە ماناکانی بانگەواز هەروەها لەڕێگەی گۆڕینی دەنگی وشەکانەوە ئەو فانتازیایە دەخولقێنێ، بۆ نموونە لە بانگەوازی «مۆز» کەسبی بانگەواز بۆکاری دیاریکراو دەڵێ:

– مۆزگێ، مۆزگێ....

وشەی «مۆزگێ» دەرکردنی وشەی مۆزە لەناوی ئاسایی خۆی وشەکە دەڕازێنرێتەوە، ئاستی دەنگ و مۆرفیمەکانی درێژتر و گەورەتر دەکرێنەوە مۆز وەکو میوەیەکی ناوی بچووک دەکرێتەوە، بچووک کردنەوە بە جارێک دەربڕین کردنە لە جوانی و ناسکیی میوەکە ئەم سیفەتە پێ بەخشینە بەهادار کردن و بە گەورە سەیرکردن و جوانی و ناسکی نیشاندانی میوەیەکە کە خاوەنی ئەو واتە فرۆشیارەکە دەیەوێ پێمان بڵێ کە میوەکەی ئەو میوەیەکی دەگمەن و ناسک و بێ وێنەیە و تەنها ئەویشە کە ئەو میوەیەی هێناوەتە بەردەم دەرگاکانیماڵتان تۆ بە تەواوەتی لەوە دڵنیانیت کە چ جۆرە میوەیەکە کە بانگەوازی بۆ دەکرێ بەڵام ئەوەی ئەم جۆرە دڵنیانەبوونە لەلادا دروست دەکات ئەوەیە کە بە هۆی گۆڕینی جوانکارانەی ناوی میوەوە تووشی گرفتاری و سەرسامی دەبێت.

کەواتە مانا و بەرهەمهێنانی مانا لە بانگەوازدا لە زۆر ڕووی جیاوازەوەیە کە دوو ڕووی گرنگیان هەیە ئەوانیش ئەو مانایانەی دەنگ و وشە بەرهەمیان دێنن، هەروەها ئەو مانایانەی کە لە دەرەوە بێدەنگ وشەدا بەرهەمیان دێنن کە هەردووکیش بەیەک ئاراستە و بەیەک ڕەزم دروستیان دەکەن

## تایبەتمەندیە دەروونی و فیکریەکانی بانگەواز

هەروەک لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد بانگەوازکار کەسێکە کە هاوار دەکا زۆر جار زۆر لە دەنگی هاوارکردنیش زیاتر هاوارکردن بۆ مەبەستی فرۆشیاری و لەنێو کۆڵان و گەڕەکەکاندا گەیاندنی مانایەکی ڕووکەشە، بەڵام لە ناوەوەی هەموو پێکهاتەکانی ئەو

زمانەدا دەلالەت و مانای نەبینراوو شاراوەیان لەخۆگرتووە، هاوار کردن شکاندنی یاساو رِەزمی ژیانێکی باوو بەردەوام بووە هاوارکردنە بۆ ئازارەکانی چینێک لە مرۆڤ کە تاکو رِادەیەکی دەروونیی دیاریکراو ژیان و گوزەرانیان پەراوێزکراون کۆمەڵگەیەک کە بەئاراستەیەکی ژیانی و گوزەرانیی دیاری کراودا دەروات لە پشت خۆیەوە چەندین دیاردەی کۆمەڵاتیی جیاواز بەرهەمدێنێ وەکو دەرەنجامێکی گەورەی پشت گوێ خستن و لەبیرکردنەوە ئەوانەی بانگەوازدەکەن و لەبەیانیەوە تاکو نیوەرِۆ و ئێوارەش هاوار و بانگەواز دەکەن ئەوان لە ناخی هەرە ناخیانەوە بانگەواز بۆ باری ژیانی سادەو پێویست بوونی خۆیان دەکەن بە ژیانێکی شایەن بە مرۆڤ کە ناچاریان نەکات مرۆڤی گەرِۆک و هاواریان لێ دەرچێ کە بە ناچاری و لە ژێر ئەو گوشارە ژیانیانەدا دەکەونە نێو جادەکان هەروەکو چۆن هاوارکردنە دژی چارەنووسێک کە ئەوانی ناچار کردووە بکەونە نێو کۆڵانەکان و بە دەنگی بەرز هاواربکەن هەروەکو چۆن لە خۆنیشاندانەکاندا دروشمەکان بۆ بەرهەمهێنانی پێگەیەکی بەهێزی ئیرادە و دووپات کردنەوەو سوورِبوون بە کۆمەڵ و بەدەنگی بەرز دەگوترێنەوە ئەوانیش فرۆشیارانی گەرِۆک بەبێ ئەوەی پێکهاتن و رِێکەوتنێک لە نێوانیاندا بیت ئەوان وشەکانی خۆیان دەردەبرِن و....... ئەو ئیرادەی کەسایەتیەی خۆیان بەیان دەکەن کە ئەوانیش شایەنی ژیانێکی گونجاو و رِێک و پێکن و ژیانی پەراوێزکردن و چەوساندنەوەی دەروونی لەلایاندا نە شەرم و نە ترس بەرهەم دێننی و ئەوان دەیانەوێ ئەو رِێیمەی ژیان تێکبشکێنن لە پێناوی گەیشتن بە زۆر لەو چینە مام ناوەندانەی خاوەنی ژیانێکی ئاساین ئەوان وزەی لەش و توانای گەروو دەم و بەرگەگرتنی بارە دەروونییە ناخۆشەکان قەبووڵ دەکەن و بەرگەیان دەگرن چونکە ئەوان لە ناخەوە ئەگەر چی تێکشکاون بەڵام هەروەها لەو ناخەوە ئومێدێک لە دەروونیاندا گەشە دەکات.

## شێوازی بانگەواز

هەروەک لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد بانگەواز خاوەنی شێوازی خۆیەتی، چ لە رِووی هەڵبژاردنی وشەکانەوە چ لە رِووی رِیتم و هۆیەکانی گوتنەوە چ لە چۆنێتی دارِشتن و چۆنێتی دەرچواندنی دەنگەکانەوە، دەنگەکان شێوە گۆرِدەکرێن هەر چەند ئەو شێوە گۆرِینە زۆر جار لە ژێر گوشاری دووبارەکردنەوەدا دێنە دی کە هەندێک جار تۆ نازانی بە تەواوتی وشەکان لێکجودا بکەیتەوە لەگەڵ ئەمەشدا شێوازی بانگەوازکردن لە دارِشتنی رِستەدا خاوەنی خەسڵەتی زمانەوانیی خۆیەتی کە پشت بەو پەرِی چرِکردنەوە و

کورتکردنەوەی ڕستە دەبەستێت و بە جۆرێک ڕستەکان هەڵدەبژێردرێن کە بە تەواوەتی ماناکانی خۆیان بوونە دەستەوەو گوێگر هیچ گرفتێکی نەبێ لە وەرگرتن و تێگەیشتنیان شێوازی بانگەواز کە لە بیرێکی کۆنی مرۆڤەوە پەیدابووە، بەرهەمهێنانی ئاماژەوپێک گەیاندنەوەی دوو لایەن بەیەکتری بانگەواز کار هیچ پەیوەندیەکی عەقڵی و کۆمەڵایەتی بەلایەنەکەی دیکەی نابەستێتەوە ئەو تەنهایە لەبیرکردنەوە و باری کۆمەڵایەتیی خۆیەتی، لایەنی دووەمیش کۆمەڵە خەڵکێکن لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیدان ئەوە هەر لە خۆیدا شێوازێکی تایبەت بە بانگەواز دەبەخشێ ئەو شێوازەی دەنگ دەورێکی سەرەکی و بناغەیی تێدادەبینێ زاڵبوونی دەنگ وا دەکات بانگەوازکار پەنا نەباتە بەر ڕستەی جوانکاری و ئاڵۆز و هێمادار بەڵکو ئەو بە دوای ڕستەی سادە و ساکاردا دەگەڕێ، چونکە ئەو ڕستانە مەبەست و ئامانج لە دەرکردنیان تێگەیاندنی بەرامبەرەکانە لەوەی کە ئەو ئەوجۆرە کەرەستانەی پێیە لەڕووی شێوازی ڕەزمەوە بانگەواز کار ئازادیەکی تەواوی هەیە لە گۆڕینی برگە دەنگیەکان و یاریکردن بە تۆنەکانی وشە هەندێک جار وشەکان زیاد لە دەنگی خۆیان توانای دەنگیان زیاد دەکرێتەوە بەڵا ئەوەی جێگیرەو زۆر دووبارە دەبێتەوە ئەوەیە کە وشەی کۆتایی هەمیشە درێژ دەکرێتەوە و جەختی لەسەر دەکرێتەوە وەکو قفڵدانی گفت و گۆیەکی تاک لایەن کە هیچ وەڵامێکی نییە لەلای گوێگردا ڕستەکان هەموو وشەکان دەبێ بە تەواوەتی و بە ڕوونی دەوری خۆیان ببینن بە تەواوەتی توانای دەنگینی خۆیان بخەنە ڕوو هەر چەندە لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ ئەوەکرد کە بە هۆی دووبارەکردنەوەی زۆری وشە و ڕستەکانەوە بانگەوازکار ئەو وردکاریەی پاراستنی دەنگ و بەرازەکیکردنی وشەکان و دەرکردنی توانا دەنگیەکانیان لە دەست دەدات. وەکو شێوەیەک لە هونەری ڕیکلامکردن بێگومان بانگەواز هونەرێکە کە دەربڕین لە جۆرێکی هونەری – ئەدەبی دەکات و شێوازێکە لەشێوازەکانی دەربڕین لەخۆکردن. گەر بێتو گورک و لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ نەزانراوەدا بکەن گەربێتوو خۆنیشاندانەکان و خۆنیشاندەران بە گوتنەوەی دروشمەکان دەربڕین لە ساتی ئامادەیی و ڕووبەڕووبوونەوە و بوێریی خۆیان بکەن و بەمەش بیر لە دەرەنجامەکانی کارەکانیان نەکەوە گەر بڵندگۆ گەڕۆکەکان کە ڕیکلام بۆ هەڵبژاردن دەکە دەربڕین لە گوفتارکردن کارتێکردن بەرامبەرەکانیان بکەن و بەمەش باری ئایدۆلۆژیی خۆیان بەیان دەکەن ئەوا بانگەوازکار لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ فرۆشتنی کەلوپەل و خوراکەکانیانەوە دەربڕین لە باری کۆمەڵایەتی و ژیانیی خۆیان دەکەن.

# ئەمبرتۆ ئیکۆ و ڕۆمانی "بۆدۆلینۆ" پێکگەیشتنی کولتوورەکان

## - هونەر و دەسەڵات - ئاوێتەبوونی حەقیقەت و ساختە

و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە




**لە ڕۆمانە نوێکەیدا " بۆدۆلینۆ"، ئەمبرتۆ ئیکۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی لای ئەو شیرینن و لەوێوە باس لە مێژوویەکی چاوەڕوان نەکراو و پێکگەیشتنی کولتوورە لە یەک جیاوازەکان و گەمەی نێوان حەقیقەت و ساختەدا دەکات.**

هەر چوار دواین ڕۆمانەکانی ئەمبرتۆ ئیکۆ لە ماوەی بیست ساڵدا دەرکراون. هاوکات لەگەڵ چالاکییە زۆرەکانی وەک مامۆستای زانکۆ، وتار نووسین، مێژوونووسی لە ڕۆژنامەکاندا، ئیکۆ دەستبەرداری ڕەوتی خۆی نەبووە لە ڕۆماننووسیندا. لە ساڵی ١٩٨٠ـەوە بەسەرکەوتن و ناودەرکردنی بە هۆی ڕۆمانی (ناوی گولەکە)وە دەستبەکار بووە. دوای ڕۆمانەکانی (بەندۆلەکەی ڤۆکۆ) ساڵی ١٩٨٨ و (دوورگەکەی دوێنێ) ١٩٩٤ ڕۆمانی (بۆدۆلینۆ)ی بڵاوکردەوە، کە ڕۆمانێکی دەوڵەمەندە بە ڕووداو و گەشت و کوتوپڕی و گاڵتەجاڕی. ناوی ڕۆمانەکەش لە ناوی پاڵەوانەکەیەوە وەرگیراوە، کە جووتیارێکی درۆزنی ئەندێشە فراوانە، کە لە سەدەی دوانزەوە دەستدەکات بە دۆزینەوەی ئەو مەملەکەتە داستانییەی قەشە (جان) لە پەیامە ناودارەکەیدا باسی کردووە. ڕۆمانەکە ساڵی ١٢٠٨ لە ژێر شوراکانی قوستەنتینیەی ئابڵووقەدراودا دەست پێ دەکات، کە تیایدا (بۆدۆلینۆ)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، دوای ڕزگاربوونی لە مەرگ، بەسەرهاتی ژیانی پڕ سەرچڵیی خۆی بۆ (نبستاس کۆنیاتس)ی فەیلەسووفی بێزەنتینی دەگێڕێتەوە و بەو جۆرەش شەست ساڵ مێژوو بە دوای یەکدا دێن، لە کاتێکدا ئەنجوومەنەکانی شارەوانی لە ئیتالیادا لەگەڵ (فردریکی یەکەم باربرۆس) لە ململانێدان و خوێنەر جەنگ و شەڕی خاچپەرستی و مشتومڕی لاهوتی و دیمەنی خەیاڵی و مردنی تەمومژاوی و عەشقی گەرموگوڕ و تەنانەت دروست کردنی شاری ئەسکەندەرییەی شوێنی لە دایکبوونی ئەمبرتۆئیکۆ دەبینێت، کە بە شاری (بیامۆنتێ) ناودارە و دەکەوێتە پێدەشتێکی نزیک بە زنجیرە چیایەک لە وڵاتی ئیتالیادا. کەواتە ئەمە دووهەمین جارە ئەم

**ئیکۆ هەر لە سەرەتاوە باس لەو بابەتانە دەکات، کە لای خۆی شیرینن و کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی دەخولقێنێت، کە چاوەڕێ نەکراون**

**هەر زوو هەستم کرد ئەم ڕۆمانە هاوشێوەی ڕۆمانی بەندۆلی ڤۆکۆ دەبێت، کە لەو ڕۆمانەشدا سێ بڵاوکەرەوە پیلانی ساختە دادەنێن**

ڕۆمانـنووسـە تەمـەن حـەفـتـا سـاڵە دەگـەڕێتـەوە ڕابردووی دوور و ڕاسـتـەوخـۆ دەگـاتە ئاڵۆزی و بارودۆخی پڕ ئاشووبی ئەم سەردەمە، بۆ ئەوەی پشوویەکی ڕۆحی بە خوێنەرانی بدات.

ڕۆمانـەکەی کردووە بە چـەند گەشتێک و (بۆدۆلینۆ)ی پاڵەوانی دەنێرێتە چەندین دنیا و ژیاری جیـاواز و بەوەش لێـهاتوویی خـۆی دەسـەلمێنێت لە بەکارهێنان و ئاوێتـەکردنی کـەرەسـتـەکان و زمانە خۆرئاواییەکان، بێ ئەوەی دەستبەرداری مەعریفەی ئینسکلۆپیدیایی و بەڵگە شاراوەکان و وێنە سـەرنج ڕاکێشـەکانی بێت، بەو جۆرەش بە گەمەیەکی ڕۆمـانووسانە ئیکۆ هـەر لە سـەرەتاوە باس لەو بابەتانە دەکات، کە لای خـۆی شیـرین و کۆمـەڵێک ڕووداوی مـێژوویی دەخـوڵقێنێت، کە چاوەڕێ نەکراون، وێڕای ململانێکانی لێبووردەیی و پێکگەیشتنی کولتوورە لە یەک جیـاوازەکان و پەیوەندییەکانی هونەر و دەسەڵات و ئاوێتەبوونی حەقیقەت بە ساختەوە.

*** دوای بیـست سـاڵ لە ڕۆمـانی (ناوی گوڵەکە)، ئەوەتا لە ڕۆمـانی (بۆدۆلیـنۆ) دا دەگـەڕێیتـەوە سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتاکانی ڕۆماننووسینت.. بۆچی؟**

– تا ڕادەیەک ڕێکەوتە. سەرەتا دەمـویست ڕۆمانێک لەبارەی کۆمـەڵێک ڕۆژنامەنووس بنووسم، کە دەیانەوێت ڕۆژنامـەیەکی نوێ دەربکەن، جـا بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکەن هەواڵی جێ سـەرنج و ساختـە دروسـت دەکـەن، بەڵام هـەر زوو هـەسـتم کـرد ئەم ڕۆمانە هـاوشـێوەی ڕۆمـانی (بەندۆلی ڤـۆکـۆ) دەبێت، کـە لەو ڕۆمانـەشـدا سێ بڵاوکـەرەوە پیـلانی سـاختـە دادەنێن، لە گـەرمـەی بیرکردنـەوەمدا لەم تەڵزگانە لەبەر خۆمـەوە وتم هـەواڵی ساختە و جێ بایەخ لە مێژووی ئەورووپادا ئەوانەیە لە پەیامەکەی قەشە (جان) دایە، کە دەقێکە خۆشەویستە بەلامەوە. ئەو نامەیەی قـەشە (جـان) باس لە وڵاتێکی ئەفسانـەیی سەرسووڕهێنەر دەکات، کە لە سـەردەمی (فـردریکی یەکـەم باربرۆس) دا بـڵاوبۆتەوە، بەڵکو دەڵێن نامـەکـە هـاوکـات بووە لەگـەڵ دروست کـردنی شـوێنی لە دایکبـوونم، واتە ئـەسکەندەرییـە، کـە لە پێناوی بەرگـری کـردن لە دژی ئەو خـۆی دروسـتکراوە. ڕۆمـانـەکـەش لەسـەر کـۆی ئەو ڕووداوانـە بونیـادنراوە و لە هـەمـان کـاتیـشـدا گـەڕانـەوەیە بۆ ڕەچەڵەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر شارەکەم لە سەدەی دوازدەهەمدا دروست بکرایە، ئەوکات ڕۆمانەکە زۆر جـیاواز دەبوو، هەرچەندە سـەدەی ناوەڕاست بەردەوام ماوەیەکی خۆشـەویسـتە بەلامەوە و لەوێدا هەست بە ئارامی دەکەم. بەڵام پرسە واقیعی بنچینەیی ڕۆمانەکە نییە.

*** لە ڕۆمـانی (بۆدۆلینۆ) دا سـەدەکانی نـاوەڕاست تاریک و دژوار نین، بەڵکو مـاتەمـینییـەکی سووکمان پیشان دەدات، کە لە هـەندێ باردا سـەرچڵییەکانی (ئریۆست) مان دەهێنێتەوە یاد..**

– لە ڕاسـتـیدا، (بۆدۆلینۆ) تەواو پێچـەوانەی (ناوی گـوڵەکـەیە). لە ڕۆمـانی یەکـەممدا باسم لە سەدەیەکی ناوەڕاستی ڕەهبانییەت کردووە، کە سەردەمێکی ڕۆشنبیر و سەرنج ڕاکێشە، لەوێدا، کـە (دێر) دنیـای سـەرلە بەری ڕۆمـانـەکـەیە. لە ڕۆمـانی (بۆدۆلیـنۆ) دا باس لـە سـەدەیەکی

ناوەڕاستی نزیک لە عەلمانییەت دەکەم و پاڵەوانەکانی جەنگاوەر و جووتیارن، سەدەیەکی ناوەڕاستی (......) ە کە پڕە لە سەچڵی و گەشت.

بێگومان دەکرێت بیر لە (ئەریوست)یش بکرێتەوە و هەروەها (تیل ئۆلانسبیجل) و ڕۆمانی سەرچڵەکانیش، ئەو جیهانە تایبەتە خواستە زمانەوانییەکانیشی دیاریی کردووە، لە ڕۆمانی (ناوی گوڵەکە) دا زمانێکی زۆر ڕۆشنبیرانەی شێوازی لاتینیم بەکارهێناوە، بەڵام زمانی دوایین ڕۆمانم زمانێکی لۆکاڵ و میللییە زیاتر.

*** لەم ڕۆمانەتدا جەنگەکانی نێوان شارەکانی ئیتالیامان دێنێتەوە بیر لە سەدەی دوازدەهەمدا وەک ئاماژە بۆ بارودۆخی ئاڵۆز و تەمومژاویی ئەو سەردەمەی ئیتالیا، کە (فردریک باربۆس) سوودی لێ وەرگرتووە.**

– لە ڕاستیدا ئیشارەتم بەو ئاڵۆزی و تەمومژە داوە، کە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئیتالیادا هاتبوو، مەبەستم ئەو کاتەیە دەوڵەتێکی یەکپارچە دانەمەزرابوو و شارەکان لە نێو یەکتریدا بەردەوام لە شەڕدا بوون، ئەو ئاشووبە سیاسییە ئاسەواری ئەو تۆی جێهێشت، کە لەمڕۆشماندا دەکرێت لە زۆر دیاردەی ژیانی سیاسیماندا بە دییان بکەین، ئێمە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا بووینە دەوڵەتێکی یەکپارچە و تا ئێستاش لە نێو هەیکەلیەتی ئەو دەوڵەتەدا هاوشێوە نیین، لە بەرانبەریشدا، ڕەنگە بە هۆی ئەو کەلەپوورەوە بتوانین لە بارودۆخی ناهەمواردا گوزەران بکەین بێ ئەوەی ڕاوەستی هەڵچوون و خۆخواردنەوە بین لە ناخەوە.

*** بۆ دۆلینۆ بەردەوام چیرۆکی تر دروست دەکات، بێ شەرم و ترس درۆ دەکات و فەنتازیایەکی باڵادەست دەسەلێنێت، ئایا مەبەست لەوە ئاماژە کردنە بە**

**ئێمە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا بووینە دەوڵەتێکی یەکپارچە و تا ئێستاش لە نێو هەیکەلیەتی ئەو دەوڵەتەدا هاوشێوە نیین**

**هەر کەسێک دەرهەق بە دواڕۆژ درۆ بکات، کەسێکی یۆتۆپییە و دەتوانێ بۆ درۆکەی تەنانەت قەناعەت بەخۆیشی بهێنێت، چونکە ڕووداوەکان هێشتا ڕوویان نەداوە و ناتوانیت پارادۆکسییان بکەیت**

**خـەسڵـەتی تایبـەتی داهێنان و فـەنتـازیا، کـە هەندێ ئەو دوو حـاڵەتە بە دیاردەیەکی نموونەیی ئیتالی دادەنێن؟**

– نابێ بکەوینـە ناو کێشـەکانەوە، لە میـانەی (بۆدۆلینۆ)وە تەنهـا وەسـفی (یۆتۆبیـا) کراوە بە کـەرەسـتـەی کـولتـووری سـەدەکـانی ناوەڕاست کـە زۆرێـک وڵاتانی ئەوروپـا و خـۆرهـەڵاتەوە وەرگیـراوە. کەواتە خەسڵـەتێکی نموونەیی ئیتالی لە ئارادا نییە، تەنها ئەوە نەبێت کەسێتییـەکەم درووست کردووە کە سەر بە شوێنی لەدایکبوونی خۆمە و دواجار ئەو وتارانەم پێ سپاردووە کە ئەو کاتە وتاری وڵاتانی تر بوون.

*** لە بڕگـەیەکی ڕۆمانەکـەدا بۆدۆلینۆ ڕایدەگـەیەنێت کە بەهۆی بیـرکردنەوەمـانەوە لە وڵاتانی تر هێنانە خـەیاڵی ئەو وڵاتانە، دواجـار دەگەینە گـۆڕینی ئەو جیهـانەی کە ئێسـتا تیـایدا دەژین. ئایا لێرەدا مەبەست بڕیاردان نییە لە پەیڕەوێکی شیعری کە بۆ ئیشی ڕۆماننووسییەکەت لەباربێت.**

– لە ڕاستیدا ئەوە پێناسەیەکە بۆ (ئیتۆبیا)، بڕوانـە (کریستۆف کۆلۆمبس) جیهانێکی هێنایە خـەیاڵی بەڵام لە میـانەی هەوڵی دا بۆ بەدیهێنانی خـەونەکـەی فریودرا، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کـە فـریوی خوارد ئـەمریکای دۆزییـەوەو بەوەش جیـهانی گۆڕی، لە هـەمـوو یۆتۆبیـاکانیـشـدا هـەر ئەم حـاڵەتـە ڕوودەدات. دەرەنجـام (بۆدۆلینـۆ)ش درۆزن نییـە، چونکە درۆزن ئەو کـەسـەیە دەرهـەق بە ڕابردوو و ئێستاش درۆ دەکات، ئەو کەسـەی من خوڵقـاندوومە لە بارەی داهـاتـووەوە درۆ دەکات، هـەرکـەسیش دەرهـەق بە ڕابروو و ئێسـتـا درۆ بکات، دەکرێت ڕووداوەکان دژی بن، هـەرکـەسـیش دەرهـەق بە دوارۆژ درۆ بـکات، کـەسـێکی (یۆتـۆبی)یە و دەتوانـێ بۆ درۆکـەی تـەنانەت قـەنـاعـەت بەخۆیشی بهێنێت، چونکە ڕووداوەکان هێشـتا ڕوویان نەداوە و ناتوانیت پارادۆکسییان بکەیت. بۆیە (بۆدۆلینۆ) بۆ سەلماندنی سووسەکردنەکانی، بۆ خێرا تێگەیشتن دوورتر لەوە دەڕوات.

*** ئا خـۆ ئەم پێناسـەیە بۆ کـەسی (ئیـتـۆبی) هـاوکـات لەگـەڵ گـەڕان بەدوای ڕۆمـاننووسـدا دەگونجێت؟**

– وای دەبینم، لەبەر ئەوەی ڕۆمان بەردەوام نموونەیە بۆ دروستکردنی جیهانێکی شیمانەکراو و چەندین شاکاریش هەن دەتوانن ئەم واقیعەمـان بگۆڕن. بەڵام وریابە! نابێت بۆچوونت وابێ کە هەموو ئەم بیرکردنەوەیە لـە پێناوی داڕشتنی ڕۆمانەکەمدا داڕێژراوە، بێگومان وانییـە، بەڵکو تەنها ویستوومە بەسـەرهاتی نامەکانی قـەشـە (جات) بگێڕمـەوە.. ئەگەر بمویستایە باس لە ئیتۆبیا بکەم ئەوکات دەکرا بابەتێکی زانستی بنووسم نەک ڕۆمانێک. لەو حاڵەتەشدا دەمووت ئیتۆبیاکان تا ئەو ساتە وەختە جوانن کە واقیعیان تێدا بەدی دێن.. چونکە کاتێک هەر خۆیان بەدی دەهێنن بەردەوام تراژیدیا دەکەوێتە ئیتۆبیا بەوە لە خزمەتماندایە کە بۆ پێشکەوتن بانگمان دەکات لەگەڵ باوەڕیشماندا بەوەی کە بەدی نایەت.

*** لە میانەی گەشتەکەیدا بەرەو مەملەکەتی قەشە (جان)، (بۆدۆلینز) ڕووبەڕووی چەندین دنیای نامۆ دەبێتەوە، هەروەک چەندین کەسێتی سەیر و نامۆ دەبینێت، هەڵوێستیشی لە ئاستی ئەم فرەییە لە داکۆکیکردندا دەردەکەوێت لە لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان، مەبەست لەو زەرووڕەتەیە کە سات لە دوای سات تۆ داکۆکی لێ دەکەیت.**

– بێگومان ئەمجارە رەگەزی تریشم بۆ زیاد کردووە. لەم ڕۆمانەدا جەختم لەوە کردووەتەوە کە کۆتاییەک بۆ ڕەگەزپەرستی نییە. ئەوەتا (بۆدۆلینۆ) لەنێو هەرێمێکی پڕ لەو کەسە دزێوانەدا گەشت دەکات کە لە کتێبی گیاندارانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە هاتوونەتە دەرێ، کاتێک تەماشایان دەکات، تێدەگات ئەو دزێو و شێواوانە لەبەر ئەوەی لە یەکتری جیاوازن کەسیان لە حەقیقەتی جیاوازیی ڕەگەزی تێناگەن. هەروەک لە جیاوازییە لاهوتیەکانیش دەگات مادامەکی هەریەک لەو شێواوانە سەر بە یەک لە گەورەترین (هەرتەقە)کانی سەدە بەراییەکانی مەسیحییەتە، بەو پێیەش ئەوان بە هۆکاری ئاینییەوە یەکتری دەکوژن و ئەو کاتەش (بۆدۆلینۆ) تێدەگات کە شانبەشانی ڕەگەزپەرستییەکان بەهۆی ڕەنگی پێستەوە، رەگەزپەرستی تریش هەیە کە لەسەر بنەمای فیکری و ئایینەکان بەرقەرارە.

*** باست لەوە کردووە کە جیاوازییەکان لە جەستەدا هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێت تا حیساب کردن هەبێت بۆ جیاوازییە فیکریەکان، ئاخۆ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ بەردەوام بۆ داکۆکیکردن بە فیکر و بەهاکان ململانێ هەبێت؟**

– لە رۆمانەکەمدا، شێواوەکان لە پێناوی وردەکارییە مەزهەبییەکاندا بەشەڕدێن و یەکتر دەکوژن نەک لە پێناوی فیکرە بنچینەییەکاندا. ئەمەش کارێکی باش نییە بەگشتی، دەبێ لە پێناوی بەها گەورەییەکاندا تێبکۆشین و نابێ لە ئاستیاندا کەمتەرخەم بین. من لە ڕۆژنامەی (لۆمۆندا) وتارێکم نووسیوە و باسم لەوە کردووە کە لێبوردەیی و لە بەرامبەرگەیشتن حاڵەتە چەسپاوەکان بەدوور ناگرێت لە خواست و ئەو بەهایانەدا کە دەبێ داکۆکییان لێ بکرێت.

*** لە خوێندنەوەی " بۆدۆلینۆ"دا هەستێکمان لادروست دەبێت بەوەی تۆ لە نووسینەوەیدا چێژ و خۆشییەکی زۆرت وەرگرتووە؟**

– بێگومان و بەردەوامیش، لە ماوەی پێنج شەش ساڵی رەوتی ڕۆمانەکەدا خۆشیی زۆرم لە نووسینی وەرگرتووە، بەڵام لە کۆتاییدا خەمبار دەبم لەبەر ئەوەی گەمەکە لەدەست دەدەم.

سەرچاوە: سایتی (الركن الاخضر)، ئا/ فابیۆ گامبارۆ لە فەرەنسییەوە.

پیربال مەحموود:

# من یەکەمین شاعیری نوێخوازم لە هەولێردا

ئامادەکردنی: گوڵستان

**لەنێوان شێتی و بلیمەتیدا تەنیا تاڵەموویەک هەیە**

پیربال مەحموود پێویستی بە ناساندن و ناسین نییە. ڕۆحێکی بێگەرد و ناوێکی پەیامدارە لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی، بەتایبەتیش لە هەولێردا. کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و هەیە. بە کوردی، عەرەبی، تورکمانی. کار و بەرهەمی خستووەتە ڕوو. لە ئاداری ٢٠٠١ ئەم دیمانە کورتەم لەگەڵ ئەنجامداوە. بەهیوام بڵاوکردنەوەی سوودی خۆی بگەیەنێت.



پیربال مەحموود

**لە دایکەوە قەڵاتیم و لە بنەماڵەی ئاڵتی بەرماغم، بەڵام لە باوکەوە لە بنەماڵەی بابانم**

*** لە هەولێردا بە شاعیری نەوەی پەنجایەکان دەناسرێیت، حەز دەکەین باسی بارودۆخی ئەدەبی ئەو سەردەمەمان بۆ بکەیت؟**

– بەڵێ زۆر ڕاستە من بە شاعیری پەنجایەکان ناسراوم و دەناسرێم. لەم قۆناغەدا جموجووڵی شیعریم دەستی پێکرد.

*** شاعیرانی ئەو سەردەمەی هەولێر کێ بوون؟**

– "بورهان جاهید" لەو سەردەمەدا کاریگەری ئێجگار زۆری هەبوو، وەک دیاردەیەکی گرینگ دەهاتە پێش چاو. بە کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکمانی شیعری دەنووسی، بەڵام زۆر مخابن زۆربەی شیعرەکانی لەناوچوون، هەروەها "کانی، ناسیح حەیدەری، ئیبراهیم هۆشیار، عەلی فەتاح دزەیی. ئەمانە شاعیری دیاربوون. پاشان "مەدحەت بێخەو"یش ناسراو باش بەردەوام بوو، لە بەردەوامییەکەشیدا گەشەی کردووە.

*** بارودۆخی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب لە هەولێردا چۆن بوو؟**

– لەو قۆناغەدا ڕۆشنبیری لە هەولێردا کزبوو، خوێندەوار زۆر کەمبوون، بەڵام بە هاتنی "گیوی موکریانی" و دەرکردنی گۆڤاری "هەتاو" و دامەزراندنی "چاپخانەی کوردستان". تین و بزاوێک کەوتە ناو ڕۆشنبیری کوردییەوە و خۆرێک لە هەولێر هەڵات.

*** ئەو کتێبانەی کە لەو ماوەیەدا چاپ دەکران و لە ناو خوێندەواران ڕەوەجیان هەبوو؟**

– کۆمەڵێک دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی هەبوون. وەک: حەریق، حاجی قادری کۆیی، وەفایی، نالی... تاد.

*** دەڵێن بەرلەوەی بە کوردی شیعر بنووسیت. بە تورکمانی و عەرەبی نووسیوتە؟**

– بەڵێ وایە، من سەرەتا زمانی زگماکی خۆم کوردی باش نەدەزانی. چەندین شیعرم بە تورکمانی نووسیوە. ئاشکرایە من لە دایکەوە قەڵاتیم و لە بنەماڵەی ئاڵتی بەرماغم، بەڵام لە باوکەوە لە بنەماڵەی بابانم.

*** ناوی یەکەمین کۆمەڵە شیعرت و ساڵی چاپکردنی؟**

– یەکەمین کۆمەڵە شیعرم "بەهەشتی دڵداری" بوو، لە ساڵی ١٩٥٨ چاپکرا، دواتریش نامیلکەیەکم بە ناوی "لافاو" بە چاپ گەیاند، کە دەربارەی لافاوەکەی شاری سلێمانی نووسیبووم. لەو سەردەمیشدا زۆر دەنگی دایەوە.

*** دەڵێن زۆر ئاشنای "گۆران" بووی و لەژێر کاریگەری شیعرەکانی دایت؟**

– بەڵێ بەرلەوەی "گۆران" وەک شاعیر بناسم لە فەرمانگەی ئەشغالی هەولێر بەیەکەوە کارمەند بووین. دواتر لە ڕێگای کارەوە زانیم ئەوە "عەبدوڵڵا گۆران"ی شاعیرە. بێگومان

زۆر کـــاری تێکردووم و لەوەوە فـــێـــری کـــوردییـــەکی پەتی و ڕەوان بووم. لە هونەری شیعرنووسینیش ڕێنمای زۆری کردووم و سوودم لێی بینیوە.

*** بە شاعیرێکی لیریکی ناسراویت، پێناسەت بۆ ئەم هونەرە چییە؟**

شیعری لیریکی دەبێت ناسە و سۆزێکی ناسک و زۆر گەرمی تێدابێت. بە گوڕ و گەشبین بێت. ڕەزم و سەودا و نەوای خۆش بێت. بڕگەکانی درێژ نەبن. لە ناوەڕۆک و ڕووخساردا یەکسانییەک هەبێت.

*** تا چەند بە شیعری عەرەبی کاریگەر بوویت، بەتایبەتی شاعیرانی مەهجەر؟**

– لە سەرەتای لاویمەوە زۆر بە شاعیرانی مەهجەر کاریگەر بووم، لەوانەش: "ئیلیا ئەبوماری، جبران خەلیل جبران، میخال نیعمە، ئەمین مەعلووف". ئەمانە هەموویان شاعیری لیریکی و ویژدانی بوون.

*** کامە گۆرانیبێژ شیعرەکانی کردوویت بە گۆرانی؟**

– زۆر لە شیعرەکانم بوونەتە گۆرانی. "عەلی مەردان" شیعری "لەبەرچی ئەی گوڵی ڕەعنا، دەروونت پڕ لە گریانە"، هەروەها گۆرانیبێژانی وەک: "فوئاد ئەحمەد، ڕەسووڵ گەردی، محەمەد قەدری، عوسمان سابوونچی". چەند گۆرانیبێژێکی تورکمان و عەرەبیش شیعری منیان کردووە بە گۆرانی. کە گوێم لە گۆرانییەکان دەبێت زۆر دڵخۆش دەبم و کەشێکی ئەفسووناویم بۆ دروست دەبێت.

*** دەڵێن بە نوێخوازی سەردەمی خۆت ناسراویت، تا چەند ئەم بۆچوونە ڕوون دەکەیتەوە؟**

– لە ڕاستیدا من یەکەمین شاعیرم لە هەولێردا هەوڵمداوە سوود لە ئەزموونی شاعیرانی نوێخوازی عەرەب وەربگرم و کاری پێ بکەم. لە هەولێردا پێشە من کەس بوێری ئەوەی نەکردووە کۆت و پێوەندی شیعری کلاسیکی بشکێنێت، بەڵام بەداخەوە کەس باس لەم دەستپێشخەرییەی من ناکات. تەنانەت دیوانی یەکەمم کە لە سەر ئەرکی "عەلائەدین سەجادی" چاپکرا، قبووڵم نەکرد کەس پێشەکیم بۆ بنووسێت. "کاکەی فەللاح"یش، کە کتێبی "کاروانی شیعری نوێی کوردی" چاپکرد. چەندین جار پەیوەندی پێوەکردم، کە لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعرەکانم بنووسێت. داوای زانیاری و ژیاننامەی لێ کردم نەمدایە. بێدەنگیم پێ لە هەموو شتێک جوانتربوو. شیعر لە بێدەنگیدا لە هەموو گەوهەرێک درەوشاوەترە.

*** کەواتە لە ڕەخنە دەترسێیت؟**

– نەخێر وانییە. وەکو ئاماژەم پێدا جاران لە هەولێر خوێندەوار و ڕۆشنبیر کەمبوون، ئیدی دەبێت بارودۆخی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە چۆنبێت. خەڵکی لای ئێمە ڕەخنە بە شیکردنەوە نازانێت، بە تیر و توانجی تێ دەگات لە کرۆکدا وانییە. ئەمەش ئاست نزمی ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە.

*** گوتت شیعری لیریکی دەبێت گەشبینبێت، کەچی خۆت لە شیعرەکانتدا ڕەشبین و تراژیدیت. بەتایبەتی ئەو شیعرانەی بۆ دەسگیرانە کۆچکردووەکەت نووسیون؟**

– ئەمەیان حاڵەتێکی زۆر جیاواز و تایبەتە، هەڵبەتە ئەم کۆچە کتوپڕەش حاڵەتی خۆی زاڵکرد و ڕەنگی دایەوە، هەولێریش هەموو باس لەم ڕووداوە جەرگبڕە دەکەن و پێی کاریگەرن.

*** ئەوسا خەڵکی هەولێر چۆن تەماشای ئەدیب و شاعیرانیان دەکرد؟**

– بە چاوێکی سووک تەماشای شیعر و شاعیرانیان دەکرد.

*** بۆچوونتان بەرانبەر ئەم گوتەزایە چییە کە دەڵێت: لەنێوان "بلیمەتی" و "شێتیدا" تاڵەموویەک هەیە؟**

– بەڵێ لەنێوان شێتی و بلیمەتیدا تەنیا تاڵەموویەک هەیە، زۆربەی شاعیران و هونەرمەندانی وەک: "بیکاسۆ، نیرۆدا، کافکا، پووشکین، گۆران". مرۆڤی نائاسایی بوونە و بە شێت لە قەڵەم دراون. دۆزینەوە ئەم تاڵەمووە گرێنکە. داهێنان تاڵەمووەکەیە هەوڵدەین بیدۆزینەوە، بیری گوتەزایەکە دەردەکەوێت و ئاگایی کۆمەڵگا دەگۆڕێت.

*** بە کام شاعیرانی جیهانی کاریگەر بوویت؟**

– لامارتن، شیللی، بۆدلێر، پووشکین.

*** ئەی شاعیرە کلاسیکییە کوردەکان؟**

– وەفایی، ئەدەب، نالی، سالم، کوردی، مەحوی.

*** ئەدی شاعیرانی هاوچەرخ، کامەیان پەسند دەکەیت؟**

– عەبدوڵڵا پەشێو، سەعدوڵڵا پەرۆش، هاشم سەڕاج، عەباس عەبدوڵڵا یووسف، کەریم دەشتی، سەباح ڕەنجدەر... تاد. ئەمانە شاعیری پاک و نوێخوازی ئەمڕۆی شیعری کوردین.

*** زۆر سوپاس ماندوومان کردیت؟**

– من سوپاسی ئێوە دەکەم ئەگەر بۆچوونەکانم بێ هەڵە بگوازنەوە.

سۆران مامە حەمە:

# پەرستۆ ریشاڵەکریستاڵییەکانی خۆشەویستی و عیشقی نێو نلخی من بوو، شەونخونی و بیرکردنەوەکانم دەریانهێنا

دیمانە: فریاد ئەحمەد

هەواڵنامەی کتێب



## تاریکی ئێوارەیەک هەر لە دوور ڕا دیارە

جێی داخە فیشەک لە وڵاتی ئێمەدا، سەدان دایلۆک و خەونی ڕەنگاوڕەنگی پچڕاندووە، ئێمە نەمانتوانی لە شوێنە بۆگەنەکانماندا گوڵ بچێنین، نەمانتوانی سوتماکی خاکی ماندووی وڵاتەکەمان چیمەن کەین و دڵە تاریک و ئەنگوستەکان ڕۆشن بکەینەوە. ئێمە کاروانێک بووین بەتریفەی مانگ دەڕۆیشتین و ڕوومان لە خۆر، بۆ زەردەیەک دەگەڕاین لەکەل هەڵبێ... کەچی هات و هەیهات... هەیهات نەمانتوانی واز لە ڕاوکردنی پاساری و پەپوولە ئاڵەکانی باخچەکان بهێنین... ئێمە ڕاوچین کۆساران تەی دەکەین...

**بگرە پێش لەدایکبوونیشم، کەشێکی نائارام و پڕ لە تراژیدیام هەبووە**

**ئەو ئێوارەیەی تەواو تاریکی کردبوو بۆ مەرگێک مەرگی ناوادەی سۆران... کەچی سۆران لەمێژبوو بۆنی مەرگ و سامی مەرگی لێ نیشتبوو. لەو دیمانەیەیدا لەگەڵ هەر وشەیەکیدا هەستکردن بە مەرگ و نەگونجانی لەگەڵ بەهای شتەکان مەرگێکی ترە... ئەو شیعرەی کە پێشتر نووسیبووی و دوو سێ ڕۆژ پێش مەرگی ناوادەی بۆی ناردبووین بە بەردەوامی هەستی بە مەرگ کردووە و ناردنیشی وەک ئەوەی کاژی ئەو مۆتەکەیە فڕێ بدا... کە بە بەردەوامی لە ناوەوە و دەرەوەیدا ژیاوە. ئەو دەیزانی مەرگ لە دەماری ملی نزیکە و بەو خەونانەی لەم شیعرە دەڵێ: " مێرووڵە تێی داوم و دەمخوا مێرووڵەی گچکە گچکە" . کەواتە ئەو دەیزانی مرۆڤی بچووک... خەونی گەورە دەکوژێ.**

**سەرنووسیار**

*** سۆران مامە حەمە بە کورتی باسێکی خۆت بکە؟**

– سۆران محەمەد، بەسۆران مامەحەمە دەنووسم و بڵاو دەکەمەوە، لە گەڕەکێکی پیس و بۆگەن و داتەپیوی کەرکووکدا بەناوی "لەتیف ئاوا" لەدایکبووم، خانووەکەمان زۆر کۆن و بچووک دەهاتە پێشچاوم، من هەمیشە هەستم بەتارماییەک دەکرد لەو ماڵەدا، ئەویش بەهۆی بچووکی ئەو شوێنە و بەرزی دیوارەکانیەوە!، ئێستاش کە دەچمە ئەو ماڵەوە هەمان هەستم بۆ دروست دەبێت، دوای ڕاپەڕین ئاوارەی سلێمانی بووین و لەنێو کەلاوەکانی سەربازگەیەکدا، کە ئێستا "پارکی ئازادی" لەسەر دروستکراوە دەژیاین، پاش ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام گەڕاینەوە کەرکووک، ژیانی من هەر لە منداڵییەوە، بگرە پێش لەدایکبوونیشم، کەشێکی نائارام و پڕ لە تراژیدیام هەبووە، بەهۆی ئەوەی خانەوادەکەمان لە شۆڕش کۆن و نوێیەکانی کوردا بەشدار بوون و بەردەوام تووشی شەڕ و گرتن و کوشتن دەهاتنەوە، زۆربەی جارەکان هێندەی هەستم بەماڵوێرانی و ترس و ناخۆشی کردووە، هەستم بەخۆشگوزەرانی نەکردووە، لەبەرئەوەی خانەوادەکەم منداڵەکانیان وا پەروەردە دەکەن، لە هەر شوێنێک بوون بەسەربەرزی بژین، منیش بەدەر نەبووم لە منداڵەکانی ئەوان، لەم سەردەمەشدا ئەوەی بیەوێت بەسەربەرزی بژێت، باوەڕ ناکەم ژیانێکی خۆشی هەبێت.

دەگێڕنەوە، لە منداڵیمدا زۆر جوان بوومە، زۆربەی کاتەکانی ڕۆژ لە ماڵە دراوسێکانماندا و لە باوەشی کچ و ژنەکانیاندا گەمەیان لەگەڵ دەکرم و زۆریان خۆشویستووم، ئەوەی لە زاکیرەمدا مابێتەوە؛ لە تەمەنێکی بچووکدا هەستم بەشتەکان کردووە، هەستم بەمەترسییەکان و ناشرینی و ئازارەکانی ژیان کردووە، هەستم بەچاکە و خراپە کردووە، ماڵەوەمان زۆرجار لێیان داوم،

داخوازییەکانیان بۆ جێبەجێ نەدەکرم، نەیاندەهێشت بەدووی ئارەزووەکانمەوەبم، پێیان دەوتم "مەکە، ئاقڵبە، بۆ خۆت پیاوبە"، لەنێو دەوروبەرەکەشمدا بەکەسێکی بێدەنگ و فەقیر و" پیاو "ناسرابووم!"ڕەنگە واش نەبوبێتم"، ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر دنیابینی من بۆ شیعر و باکگراوندی ڕۆشنبیری من دروست کرد، وایلێکردم ببمە خاوەنی خۆم و بتوانم لەسەر پێی خۆم بووەستم، ئەم قۆناغە زۆری ئازار دام، بەڵام زۆریش چێژبەخش بوو، زۆربەی جارەکان چێژ لە ئازار و ناخۆشییەکان دەبینم وەک لە خۆشییەکان، ئەمە بۆ من دنیایەکی دیکەیە. یەکەم شیعری خۆم لەسەر دیواری کەلاوەیەکی ئەو سەربازگەیە نووسی کە ئاماژەم پێدا لەساڵی ١٩٩٩، بەنێوی "شیوەنی میللەت"، سەرەتای دەستپێکردم بەشیعر، پاش خوێندنەوەیەکی زۆی ئەدەبیات هات، ئەدەبیاتی نەتەوەیی و نیشتیمانی، هەربۆیە سەرەتاییترین شیعرەکانم نەتەوەیی بوون، وەک لەوەی دڵداری یان هەرشتێکی دیکەبێت، ئەمەش کاریگەری کەشی گەورەبوونی منی بەسەروە بوو، لە ساڵی ٢٠٠٣وە نووسینەکانم بڵاوکردووەتەوە، نەک شیعرەکانم، نووسینەکانم لە"کوردستانی نوێ"دا بڵاودەکردنەوە، پاش هاتنەوەم بۆ کەرکووک، لە ساڵی ٢٠٠٥ شیعرەکانم بڵاوکردنەوە، لەهیچ لەو شتانەی بڵاومکردوونەتەوە پەشیمان نیم، چونکە زۆر بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو تێکست و دەقانەدا دەکەم کە بڵاومکردوونەتەوە، ئێستا جگە لەوەی لەبواری میدیادا کاردەکەم، بەردەوامم لە نووسین، بەڵام زیاتر لەوەی دەنووسم دەخوێنمەوە.

*** سەرەتای دەست پێکردنت بە کام شاعیر موعجەب بوویت و ئێستا بە کێ ؟ بۆ؟**

– حەزدەکەم وشەی"موعجیب"ت زیاتر ڕوون بکردبایەوە، پێموایە کەسێک سەرەتای نووسینی بێت گەمژەییە"موعجیب"ی شاعیر یان نووسەرێک ببێت، دەبێت ئەو نووسەرە ئەزموون بکەیت، وەک کلیلێک بۆ کردنەوەی زۆر دەرگای شاراوەی ئەدەبیی لای خۆت بەکاریبهێنی، لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا و لەنێو ئەو شاعیرانەی تێکستەکانیان بە"سرود"دەکراو، بەزۆر لە قوتابخانە پێیان لەبەر دەکردین گەورەبووم، ئەوکات بەچەند نووسەرێکی وەکو "لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و پاشتریش عەبدوڵڵا پەشێو و بەختیارعەلی و دلاوەر قەرەداغی "ئاشنابووم، ئەم شاعیرانە جیاوازبوون لەوانەی پێشتر خوێندبوومنەوە، لە قۆناغێکی دیکەدا کە فێری ئەوەبووم کتێب بکڕم، بەنووسەری دیکە ئاشنابووم، وەکو "جەمال غەمبار و حەمە عومەر عوسمان و ئیسماعیل خورماڵی و چەند کەسێکی دیکە"، کتێبەکانی ئەوانم لەسەر شۆستەکان دەکڕییەوە و هێشتا ڕووی ئەوەم نەبوو بچمە کتێبخانەکانەوەو داوای کتێب بکەم! لێرەوە رەگەزو دیالێکت و ژانرە شیعرییەکانم زیاتر بۆ روونبویەوە، چونکە شیعر لای ئەو شاعیرانە چێژ و هەقیقەت و هەناسەی سوتاوی راستەقینەی مرۆڤێکی جیاوازی تێدایە، دوای خوێندنەوەی ئەم نووسەرانە،

## لە تەمەنێکی بچووکدا هەستم بەشتەکان کردووە، هەستم بەمەترسییەکان و ناشرینی و ئازارەکانی ژیان کردووە،

گەڕامەوە بۆ نووسەرە کلاسیکییەکان و نوێخوازانی شیعری کوردی، هاوکاتی ئەوە شیعری وەرگێڕدراوی عەرەبی و فارسی و بیانیم دەخوێندەوە.

*** ئەگەر سەیرێکی ئەو شیعرانە بکەی کە سەرەتا نووسیوتن و بەراوردی شیعرەکانی ئێستای بکەی، سەرەنجام چی بەدی دەکەی؟**

– گۆڕانکارییەکی گەورە بەدی دەکەم، گۆڕانکارییەک ئێجگار گەورە، کە جێی باوەڕی خۆم نییە، گۆڕانکاری لە نووسینەوە وفۆڕم و ستایل و ستاتیکا و زمان و تەکنیک و ئیقاعی شیعری بەدی دەکەم، هەمیشە رابردووی خۆم دەخوێنمەوە، بەردەوام وتومە:نزیکترین شت لە مرۆڤەوە ڕابردوویەتی، ئەگەر ڕابردووی لەبیر کرد، ئەوا هەموو شت لەبیر دەکات، گەڕانەوە بۆ لای نووسینە کۆنەکانم، پێمان دەڵێت، ئەو تێکست و کتێبانەی خوێندوومنەوە سوودی خۆیان گەیاندووە، ئەو گۆڕانە جۆرایەتییەی بەسەر دەقەکانمدا هاتووە مایەی خۆشحاڵیمە.

*** وا هەستەکەم شیعری (پەرستۆ رەنگی چوارەمی سروشت)ت زۆر بەلاوە گرنگە و مەبەستە، بۆچی؟**

– کەس لە"پەرستۆ" تێناگات من نەبێت، ڕەنگە منیش تاکە کەسێکبم لەپەرستۆ تێنەگەم!، "پەرستۆ" و"بێساڵی" بەجەوهەری دەقەکانی خۆم دەزانم، بەو شیعرەوە زۆر هیلاک بووم، پەرستۆ ریشاڵەکریستاڵییەکانی خۆشەویستی و عیشقی نێو ناخی من بوو، شەونخونی و بیرکردنەوەکانم دەریانهێنا، شیعری " پەرستۆ.. ڕەنگی چوارەمی سروشت" پڕە لەتەکنیکی زانستی و هونەر و ئەکادیمی و فەلسەفی، کەچی کەس لێی

## یەکەم شیعری خۆم لەسەر دیواری کەلاوەیەکی سەربازگەیەک نووسی

تێناگـات!، کەس نازانێت بیخـوێنێتـەوە!، "پـەرسـتـۆ"رەمـزێکە رەنگە بوونـی نەبێت، لەخـەیـاڵێکی تەمومژاوی زیاتر هیچ نەبێت، دواجار ڕەمزەکانیش هێمای کارەکتـەرێکی خاوەن بوون و واقعین، کە دەستنیشـانکردنیـان ئاسـان نییـە، ئەو دەقـە پڕە لە ڕاسـتگۆیی و هـاوڕێیـەتی و کلیک لەسـەر بەشـێکی گەورەی رابـردووی پر لە یەئسـی عـیـشق لای من و خـوێندنەوەم بـۆی دەکـات، ئەویش لەڕێی دواندنی زاکیرەوە.

*** موخـاتب لە شیعـرەکانی تۆدا کەسـێکی وەهمیـە تۆ دروستی دەکەی؟ یان کـچێکە لە واقیـعدا بوونی هـەیە؟**

– پێشـتـریش ئامـاژەم پێدا، زۆربـەی کـارەکتـەری دەقـەشـیـعرییـەکانم لەوەهـم وەهمـتـرن، بەڵام وەهمیش هـەوڵێکە بۆ دۆزینـەوەی کارەکتـەرێکی ڕاستـەقینـەی واقیعی، ئیشکردن لەوەهـم و واقیعدا پێکەوە، وەک ئـیشکردنی شـوانێک لـەکارگـەیەکی فڕۆکـە دروسـتکردندا قـورسـە، ئـیشکردنی نووسـەرێکی خـاوەن بوون لـەوەهمـدا، هـەوڵێکی گـەورەیە بۆ دۆزینـەوەی خـودی نووسـەرو، رزگارکـردنی خـۆی لە وەدەسـتنکەوتنی ئەو شـتـانـەی لەواقیـعدا دۆڕاندویەتی، ئێمـە لەوەهـمدا ژیانێکی جوانتـرو دنیـایەکی پاکتـر بەدڵی خـۆمـان وێنا دەکـەین، زۆرجـار کـەسـێک کـە تۆ ناوت نا"کـچـێک" کە لـەدەقێکمدا دەورێکی دەدرێتێ، رەنگە قـەرەجـێک یان سـواڵکەرێکی "شـەقـامی کۆمـاری"بێت و بەیەکجار بینینی من لەنێو جـەنگەڵی چاوەکانیدا ونبوبێتم، وای دەبینم کـەسی مـوخـاتیب لای شـاعـیر کـەسـێکە زۆر ئازاری پێوەدەکێشێ، کـەسـێکە بەردەوام چاکسـازی و دەسـتکاری دەکات، چونکـە شـیـعر لای من وەک دنیـای منداڵێک وایە کە بە"مـیکانۆ"یاری بکات، هـەمیشـە لەگۆڕاندایە، شـیعر لای من خـاڵییە لـەدەمامک، دەمامک بەو مـانایەی کە لەشیـعردا درۆ ناکـەم، شـیعر ئەو بەهـەشـتـەیە کـە ناتوانم تێیدا لەگـەڵ خـۆم ڕاسـتگۆ نەبم، هـەر لەو سـۆنگـەیەوە، کەسی مـوخـاتیب لای من ئەوەندەی جوان دەکرێت و ئـیش لەسـەر گەورەکردنـی دەکـرێت، بەهـەمان رێژە بچووکی و لاوازییەکەیشـی پیشان دەدەم.

*** هیچ کـات کـچێک هـەبووە لە ژیانتـدا شـیـعـری بۆ بنووسـی؟ ئەگـەر هـەبووە لەو شـیـعـرانە پەشیمان نیت کە بۆ ئەوت نووسیـوون؟ چونکە دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوان کوڕ و کچێک زۆر جار شتی ناخۆش بەجێدەمێنێت.**

– بەدڵنیـاییـیەوە، زۆرکچ هـەبوون شیعـرم بۆ نووسـین، بەڵام مـەرج نییە خـۆشـەویست یان دڵدارم بووبن، ئەگـەر بۆ خـۆشـەویسـتیش بڵـێی، هـەرپێت دەڵێم هـەبووە، بەڕاسـتی یادگـارییـەکی تاڵن ئەو شـیـعـرانە، هـەرچەندە لێیان پـەشـیمان نیم، چونکە پەشـیمـان نیم لەو زەمـەنـەی تێیدا ژیاوم، ئەوە

بەشێکە لەتەمەنێکی من ناکرێت من حاشای لێبکەم، ئەو شیعرانەی بۆ ئەو کچەم دەنووسی ئێستاش خۆشەویستن لام، شیرینن لەدڵمدا، چونکە کە دەیانخوێنمەوە ئازار دەچێژم، منیش زۆر چێژ لەئازار و خەفەت بەدەست دێنم، بەتایبەت کە ئەو خەمە وەک یادگاری لام گەڵاڵە ببێت، ئەو شیعرانە یادەوەرییەکی ناخۆشن و ڕەنگ و بۆی زەمەنێکیان پێوەیە کە لەدەست دەرچووە، کاریگەری خۆیشیان بەجێ هێڵاوە، ئێستا بۆ ماوەی چەند ساڵێک دەبێت هیچ کچێک لەژیانمدا نییەو جارێک بیریشم لێی نەکردۆتەوە، ڕەنگە هەوڵم بۆی دابێت، بەڵام هێشتا دڵم پڕە لەبرین، هێشتا چەرپاکەم خوێنی لێ دەتکێت، ئەگەر ڕاستییەکی دیکەشت پێبڵێم ئەوەیە: ڕەنگە کەسێک نەبێت ئەو بۆ شاییەی ناخم بۆ پڕ بکاتەوە، یاخود لەمن تێبگات، بەڵام هاوڕێم هەیە و هەمیشە دڵم دەدەنەوە!، هاوڕێیەتی لەخۆشەویستی ئازاری زۆر داوم، چونکە من هاوڕێ زۆر بەترس و وردبینییەوە هەڵدەبژێرم، کەچی چەند کەسێک کە لەزەمەنێکدا پێم دەوتن هاوڕێ خیانەتی گەورەیان لێکردم، ئەوە زۆر کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر دانام، وایلێکردم زیاتر بەترسەوە لەگەڵ دەوروبەرەکەم مامەڵە بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا هاوڕێی زۆر بەڕێزو خۆشەویستم هەن، کە بەهیچ شتێکیان ناگۆڕمەوە، زۆر پەیوەندیمان پتەوە، زۆر ڕێز لەیەکتری دەگرین و لەیەکتری تێدەگەین و کۆمەکی یەکدی دەکەین.

*** شیعر گێڕانەوەیەکی کورت و چڕە، چۆنە تۆ پەنات بۆ شیعر بردووە؟ مەبەستم ئەوەیە بۆ خۆت لە پەخشان و چیرۆک نەداوە؟**

– شیعر نووسین وەک تۆش هێمات پێیدا، کورت و چڕ دێت، بەڵام هەموو کات وا نییە، شیعر زۆر کەس پێی دەوێرێت و شەڕی پێدەفرۆشێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە بیکەیتە هاوڕێی خۆت، منیش سەرەتا شەڕم پێفرۆشت و هەست دەکەم ئێستا بووینە بەهاوڕێ، هەندێکجار هەوڵم هەیە لەو بوارانەشدا، چیرۆک و پەخشانیشم هەیە، ئامادەنیم بڵاویان بکەمەوە، نامەوێت دەست بۆ هەموو شت ببەم، ئەگەر من بەتوانابم، ئەوە شیعر بەسە بۆ ئەوەی خۆمی تێدا بدۆزمەوە، خەڵکی دیکە هەیە ئەو کارە بکات، دواجار شیعریش لەگەڵ هەناسەی زۆرکەسدا نایەتەدەر، وەک چۆن باوەڕم بەوەیە، دەبێت "یەک"کەسمان خۆشبوێت، بەهەمانشێوە باوەڕم وایە دەبێت تەنها شیعرم خۆشبوێت، ئەمە ناکاتە ئەوەی ڕقم لەژانرەکانی دیکە بێت، ئاگاداری ئەوەی کە لەبواری میدیادا کار دەکەم و ئەوە پیشەکەمە.

*** گێڕانەوە لای سۆرانی مامە حەمە چۆنە؟ گێڕانەوەیەکی واقیعیە یان داڕشتنەوەی واقیعە لەناو خەیاڵ و ئەندێشەدا؟**

– ئەگەر تەماشایەکی شیعر نووسین بکەین، ڕەنگە بگەین بەو باوەڕەی شیعرێک ئەگەر ڕاتگرێ ولەگەڵ خۆیدا بتبات و بەخوێنەر بڵێت"بوەستە".. دەبێت ئیشکردنێک بێت لەنێو فەنتازیای خەیاڵدا، ئەمە پرسیارێکی بەردەوامە لەشاعیران دەکرێت، ئیشکردن لە چیرۆک و پەخشان یاخود ڕۆمان، زیاتر لە وەقیعیدایە، هەرچەندە بەدەر نییە لە خەیاڵ، بەڵام بۆ شیعر وای نابینم، مەرجێکی بنەڕەتی شیعرییەت خەیاڵە، تۆ خەیاڵت نەبوو، ناتوانی شتەکان ببینی، ناتوانی پێناسەیان بکەی، ئەگەر خەیاڵت نەکردەوە ئەو بلاوکراوەیەی بەدەستتەوەیە لەچی دروستکراوە و، چۆن خەیاڵکردنەوە گەیاندوویەتی بەوشێوەیە، ئەوە تۆ کەسێکی ناتوانی بیر بکەیتەوە، بیرکردنەوە بۆ خۆی خەیاڵکردنەوەیەکە، خەیاڵنەکردنەوەش نەخۆشییەکە زۆر کەس هەیەتی، بەگشتی پێموایە شیعر بەبێ خەیاڵ مانایەکی نییە، هەرچەندە باسی واقیعیش بکات، بەڵام ئەوەیش هەرخەیاڵە.

**لە تەمەنێکی بچووکدا هەستم بەشتەکان کردووە، هەستم بەمەترسییەکان و ناشرینی و ئازارەکانی ژیان کردووە**

*** ئایا شیعر لای تۆ بریتییە لە زمان و تەکنیک و یاریکردن بە وشە؟ یان گرنگی زۆر بە چێژ دەدەیت؟**

– ناکرێت لەشیعردا هیچ لەوانە خامۆش بکرێت، زمان ئەرکی بنەڕەتی شیعر لەئەستۆ دەگرێت، شیعر بەبێ زمان ناوترێت، قەت بینیوتە "لاڵ"ێک شیعر بڵێت"مەبەستم لەزمانی ناو دەم نییە، زمانی ئاخافتن دەڵێم"، وەک چۆن ئەگەر مرۆڤ نەبێت ئەو زمانەی هەمانە بوونی نابێت، بەهەمان پێوەر ئەگەر زمان نەبێت شیعریش نابێت، تەکنیک و ئیقاع و یاریکردن بە وشەو فۆرم و مۆسیقای ناوەوە شیعرییەت دەبەخشن بەهەر دەقێک، ئەو شتە بنەڕەتییانەش لەخزمەتی چێژدان، من

**زۆربەی کارەکتەری دەقەشیعرییەکانم لەوەهم وەهمترن، بەڵام وەهمیش هەولێکە بۆ دۆزینەوەی کارەکتەرێکی ڕاستەقینەی واقیعی**

هەواڵنامەی کتێب

گرنگی زۆر بەوێنەی شیعری دەدەم، پێموایە خوێنەر دەبێت لەڕێگای ئەو وێنانەی من دەیبینم بهێنمە ناو بیرکردنەوەکانی خۆمەوە، تەماشاکردن یان خەیاڵکردنی وێنەیەکیش بۆ خۆی چێژبەخشە، بەڵام ئێستا هەندێک کەس پێیان وایە، سەردەمێکی نوێیەو دەبێت گرنگی بەشتی دیکە بدرێت، تەکنەلۆژیا وەک چۆن مرۆڤی کرد بەکۆیلەی خۆی، شیعریشی کرد بەکۆیلەی مرۆڤ، هەندێک شاعیر هەیە چێژ لەتێکستەکانیاندا نابینم، وەکو"بەختیار عەلی"ئەو پەیامێکی دیکەی پێیە لەشیعردا، نایەوێت لەڕێگای چێژبینینەوە بیگەیەنێت، هەرچەندە ناکرێت ئەوەمان لەبیربچێ، کە شیعر بۆخۆی پەیامێکی فەلسەفی و فیکربەخشیشە، ئێستا دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە تەکنەلۆژیا مرۆڤەکانی دەستەمۆ کردووە، خۆشەویستی ئێساش پڕ نییە لەو عیشقییەت و پاکی و عاتیفەیەی جاران تێیدا بووە، ئێستا مادە کارەکتەرێکی سەرەکییە لەپاڵ هەستە سۆزدارییەکاندا، کە ناکرێت فەرامۆشی بکەین، شیعریش پشکی خۆی لەم مەهزەلەیە بەرکەوتووە.

*** پێت وایە وەزیفەی شیعر وروژاندنی بابەتی سەردەمییە؟ یان لەزەت و جوانی بەخشین بە خوێنەرە؟**

– ئەکرێت هەردوو حاڵەتەکە لەبەرچاو بگیرێت، وەزیفەی شیعر گەیاندنی پەیامێکە، گەیاندنیش بەجێهێنانی وەزیفە، شیعر وەزیفەیەکی تری نییە وەک هەندێک باسی لێوە دەکەن، شیعر پەیامێکی سۆزداری و خەیاڵداریی و دنیای شتە نەبینراوەکانە، شیعر بۆ وەزیفەی ئەوەبێت منداڵ فێری کۆمپیوتەر بکات؟ بۆ شیعر تەوعییەی خەڵک بکات بۆ هەڵبژاردن، شیعر بۆ بەدکتۆر و ئەندازیارەکان و دوکاندارەکان بڵێت: شتەکانتان گرانە، بۆ هەرزانی ناکەن؟، وەزیفەی شیعر ئەوەنییە کە جیهانگیری هێناویە کایەوە، شیعر دەبێت جوانی و چێژ بدات بەخوێنەر، وا لە خوێنەر بکات کە تەنها شیعر ئاسودەی دەکات، ئەگەر وەزیفەی شیعر ئەوانەبێت، ئەوا خوێنەر لەtvیەوە هەموو ئەو شتانە دەبیستێتەوە، پێویسی بەوە نییە گوێ لەشیعر بگرێت، بەڵام جەنجاڵییەکانی ژیانیش زۆر لەو پێوەرانەیان شێواندووە و کەم شیعر دەتوانێت خوێنەر بەرەو جیهانێکی ئاسودەتر بەرێ.

*** شیعرەکانت (غامز) تەم و مژاوین، ئایا ئەم تەم و مژاویە لە شیعرەکانتدا گوزارشتە لە ئاڵۆزی هەست و فیکری سۆران؟ یان ئارەزوی نووسینت بە چەشنەیە؟**

– شیعر جیاوازە لەزمانی خەڵکی سادە، ئەگەر وەک خەڵک قسەمان نوسییەوە کەس ناخوێنێتەوە، دەبێت وا لەخوێنەر بکەیت وەک تۆ بەدوای مانادا بگەڕێت، ئەمەش پێویستی

بەتەمومژاوییەک هەیە، ئەگینا خوێنەر زوو لێت ماندوو دەبێت و فەرامۆشت دەکات، شیعری تەمومژاوی خوێنەر لەبەرامبەر تێفکریندا ڕادەگرێت، داوایان لێدەکات بیر بکەنەوە، داوادەکات خەیاڵبکەنەوە، شیعر جیهانێکی دیکەیە لەناو جیهاندا، دەبێت هەمووکەس بچێتە ناوییەوە، لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ئەو تێڕوانینانەشم هەر لەسۆنگەی بێدەنگی و کەمدویی خۆمەوە سەرچاوە بگرن، ئەزانی! زۆر جوانە مرۆڤ هەندێک تەمومژاویی بێت، هەست دەکەی ئەو مرۆڤە دەیەوێت بەو ژیانە ناخۆشگوزەرانییەی بڵێت: من تۆم ناوێت، بیر لەشتێکی دیکە دەکەمەوە، هەندێکجار تەنها بەیەکەم بینین خەڵکانێکمان بۆ دەردەکەوێت چۆن بیردەکەنەوەو خاوەنی چی کەسایەتییەکن، ڕەنگە ئەمە ئەوەندەی پەیوەندی بەڕوونی ئەو خەڵکەوە هەبێ، پەیوەست نەبێت لەسەر زیرەکی ئێمە، من مرۆڤی تەمومژاویم خۆشدەوێ، مرۆڤێک هەست بەبێدەنگی بکات.

*** پرۆسەی نووسین لای سۆران چۆنە؟ واتە زۆر دەنووسی یان بە پێچەوانەوە؟**

– سەرەتا زۆرم دەنووسی، هەست دەکەم بۆ ئەوە بووە کە دەستم لەسەر شیعر نووسین ڕابهێنم، لەسەرەتاشدا هەر گرنگی بەچەندێتی دەدەی، وەک لەچۆنێتی، ئێستا کەم دەنووسم، زۆریش دەخوێنمەوە، بەردەوام دەخوێنمەوە، نووسینش لای من پرۆسەیەکی هێواشە، باوەڕم بە زۆر نووسین نییە، چونکە شتی دووبارەی زۆر تێدەکەوێت و فیکرەکانیش لەیەکەوە نزیک دەبن، ڕەنگە مایەی سەرسوڕمان بێت بۆت، ئەگەر بزانی لەدوای ٩ساڵ نووسین خۆم بەخاوەنی ٩شیعر نازانم!، هەست دەکەم شیعرەکانم زۆر لەوەکەمترن.

*** لەم دواییە هەندێ شیعریت وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەربی، حەزمەکەم ئاماژەیەکی پێبدەیت.**

– لەساڵی ٢٠٠٦ەوە چەند کەسێک پێیانخۆشبوو، شیعرەکانم وەربگێڕنە سەر زمانی عەرەبی، بەڵام من گرنگیم پێنەدا، ئێستا بەلامەوە گرنگە، چەند کەسێک لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووکیش شیعرەکانمیان وەرگێڕاوە، زۆربەیان ئاگاداری وەرگێڕانی نەبوومە، جگە لەوەی دکتۆر ئازاد عەبدلواحێد کەریم، هەروەها چەند پارچە شیعرێکیشم بۆ فارسی وەرگێڕدراون، کە هاوڕێیەکی خۆم کردوونی، لەداهاتووشدا نیازم هەیە زۆربەی شیعرەکانم بۆ عەرەبی وەربگێڕم، ئەگەر وەرگێڕێکی بەتوانا هەبێت بیانکات، من ناکرێت چەند کەسێک لەبیر بکەم کە بەردەوام کۆمەکم دەکەن لەبوارەکەمدا، ڕەنگە ئەوان پێیان خۆشنەبێت ناویان بهێنم، بەڵام من ئاسودە دەبم کە ناویان بهێنم، یەکێک لەوانە لەتیف فاتیح فەرەجە، کە زۆرجار لەسەر ئیشەکانم ئامۆژگاری و ڕێنوێیم دەکات و دەبێتە شەریشمان!، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە کە ئەوان پێیان خۆش نییە ناویان بهێنم، نەک هەر کۆمەکی من بەڵکو کۆمەکی زۆر گەنج دەکەن.

شیعر



سۆران مامە حەمە

# تەرمەکەم، نشینگەی مێرووله پیرەکانه

## نامرم، کە مردووم



مێرووله پیرەکان، نەخشە بۆ نەوەکانیان دادەنێن
تەرمەکەم لە خۆم جیانابێتەوە،
وەک خــوانێکی خــودایی لەژێر پێی "مێـرووله
باڵدارەکان"دا تل دەدەم
مێروولەیەک لەجێی فیشەکێکی سەرمەوە
بەیەک پێک شەرابی دەماغ سەرخۆشە..

نامرم، كه مردووم.
زیندووم، ئەو كاتەی مێرووله پیرەكان ژمارە مۆبایلەكەم لەبیردەكەن
رزان، لەوەختی ئەڵقەگۆڕینەوەی گەنین و ووردبووندا
مامەڵەم پێوە دەكات
دەمفرۆشێ، هەڕاجم دەكات
كڕیارێكی زۆری بێخوێن لە
دوپشكی تەریقەت و
هەزارپێی بێئینتیمای دزی حەوسەڵەدرێژ و
بزنمژۆكی شاگرد لەكافتریای دۆزەخی گۆڕە داخوراوەكەم و
شەوگەردی خان و مان و عەیاری زانكۆی ئالودەبوون بەترس و
سیسركەی مێباز كەسەر كۆڵانی هەموو جێیەكی گرتووە و
مارمێلكەی بێدەنگی كینە لەكلكی غەیبەتچێ و
عەنكەبوتی توكنی بەدینی بەدبین و
لەدووریشەوە: مێرووله پیرەكان، هاولاتییانی نیشتیمانی گۆڕم و
دووتریش جرجە غەنییەكانی ناهەتاو
سەودام دەكەن..
كلۆڵییەك ئینجانەی مەرحەمەت گلۆر دەكاتەوە
قەقنەس سڵ لەتارمایی لورەی با دەكات
توتییەك، لەكەشتییەكی نائومێددا..
خەونە ئالۆسكاوەكانی كونەپەپوویەكی تیرۆریست
لە سەردابەكانی تەنگە دەروونیی گیادا شیتەڵ دەكات و
ریوایەتەكانی دۆلفینێكی ڕیوەڵە لەگەشتێكی ئاوی سوارچاكدا بۆ حەزینیی ئەرشیف
دەكات و
بەختەوەری، ئەوكاتەی لەریكۆتی گێلیدایە، بەسەرمای بەفری خۆشگوزەرانی
میوانخوانیم دەكات
مێرووله پیرەكانی ئەم دۆڵی حەسارەتی شادومانییە

لەپەنجەی پێمەوە دەست بەخواردنم دەکەن
مێرووولەکان، ئەو تەرمە گەورەیەی من لە نووکی چڵێکەوە
بەرەو ماڵە دەرزیلەییەکانیان راپێچ دەکەن
چی لە مێرووولە بچووکترە؟!
کێ تەرمی مێرووولە بەلۆری دەگوێزێتەوە؟
کێ لە ئاگرێکدا لاشەی مێرووولە بەبێ سروتی ئایینی گڵ دەسوتێنێت
مێرووولە دەمسپێرێت بەورتە ورتی ئیشکردنی ورد
بێچووەکانیان جۆلانێ بە پێڵووەکانم دەکەن..
قوڵایی چاوەکانم دەکەن بەمەلەوانەگە
مێرووولە پیرەکان، نەخشە بۆ نەوەکانیان دادەنێن
تەرمەکەم لە خۆم جیانابێتەوە،
وەک خوانێکی خودایی لەژێر پێی"مێرووولە باڵدارەکان"دا تل دەدەم
مێرووولەیەک لەجێی فیشەکێکی سەرمەوە
بەیەک پێک شەرابی دەماغ سەرخۆشە..
مێرووولە گچکەکان، تەرمی من ونجڕ ونجڕ دەکەن
پاسارییەکان کوێوە چوون؟
کوێوە چوون پاسارییەکان؟
پێش ئەوەی گەڵا ئێسکەپەیکەری نەگبەتیم بەسەرلێشێوان دابپۆشێ
بە پاسارییەک دەڵێم: بەمنداڵی نەمکوشتی..
هاورێیەکی بەوەفا بە..
وەرە روحم بکێشە: مێرووولە خواردمی، مێرووولەی گچەکە گچکە.

هەولێرنامەی کتێب

شیعر



نەوزاد ڕەفعەت

# دەرگای میهر



بەرەبەیان
پاش شەوبێداری و گینگڵ دان
پاش خواردنەوەی کووپەیەک ژان
بەدەم کڕنووش و نزاوە
ئەو چاوەم بەرز هەڵبڕی
هێشتا خوێناوی تێزاوە
دەستی لەرزۆک و بەتاڵم
تەق... تەق... تەق... تەق
قاپیی نوور و میهری کوتا
گوتم: «هۆ! خودان سەولەجان
ئەی تاقەشا
جگەری نەهێشتین پەتا
ها تەماشا
نەیارانی هەق و خێر و جوانی- ش چرای

کۆشکی خەوەرنەقیان گەشە
داڵپەرستە خاکخۆرەکانیش ئەستێرەی
بەختیان بەگرشەشە.»
هەردووک لەپم پان کردەوە
دادم ویست داد
لە پڕ دوو باڵی دامە دەست
دوو باڵی ئەفسوونی
باڵی هەڵبەست
فەرمووی: «نەوزاد
هی ئەوان زوو بەسەر دەچێت
بلقی زۆنگاوە هەڵدەچێت
گەنجینەکان
حەماموکیی منداڵانن
نووکە پێڵاوی زەمانە تێکیان دەدات
خەلە و خەرمان
گەردەلوولی مەرگ دەیخوات
هی تۆش باڵی نەمرییە
تەنیا فڕینی تۆ تاجی سەروەرییە.»
٢٠٠٨/٨/٢٨



هەواڵنامەی کتێب

شیعر

# کە کوپێک پڕ دەبێت لە شەراب...
# تەنیاییم ئازاری لێ دەڕژێت

ڕابەر فایەق



من لەنێو قەرەباڵغیدا .. ماڵێکم هەیە لە تەنیایی
لە دڵی ئاودا .. تنۆک تنۆک شەراب دەژمێرم
لە پێکەنیندا لێوەکانم گوڵ دەگرن
لەنێو بەفردا ئەگر دەتوێنمەوە
من کوڕی خودام
قەترەیەکم نییە بۆ ژیان
دەفرێکم هەیە بۆ مردن..!
کوپێکم نییە بۆ عەشقی قەترانیت..
ئەی تاقانەترین یار..
وەرە لەم ئاژاوەیە بمبەرەوە سەر تایەفەی ڕەنگی پێستت
ڕێگەم بدە سیگارێک داگیرسێنم لە بەردەم ترسی خۆکوشتن
ئەی موسیبەتتر لە بیرکردنەوە و
تاقەت پڕووکێنتر لە خۆم:
بتەکانی توێی سنگم بشکێنە

تا لەم وێستگەی کوانووەدا نەبوومەتە شەختە..!
عەللاگەیەک لە گومان هەڵگرە
دڵۆپێک لە ئاو.. ببەخشە بە گەڵا سەوزەکان و..
پێم مەڵێ: لە کۆترێک ڕانابینم باڵەکانی لێ قەرزکەم
نا هاوڕێم: توانام هەیە لەم تاعوونەدا گوڵ لە ڕوومەتت بڕوێنم
سوژدەکانت بسپێرم بە فێنکیی سینییەک شووتی
سووریی باوەشێک فەرەنگی بەسەر لێوانت بڕژێنم..!
دڵتەنگ مەبە..
تەنیا خۆکوشتن خەڵتانی ڕووناکیمان دەکا
تاریکیمان هەڵدەوەرێنێ..!
ئەی موسیبەت..
تەماشاکە... بێتاقەتترم لە خەم
وەڕەسترم لە چنگێک ڕێحانی ناو دەستی جەللادێک
بێتاقەتترم لە ژیان..
گیانم بە تەنافی نامۆییتدا هەڵواسیوە
ئیتر..
هەر خەم شک دەبەم بۆ دڵدانەوەم..
لێگەوێ بە خودا بڵێم: ژیان بە بۆنی عەشق و
مردن بە تامی گێلاس و
هەنگاو بە پیاسەی ڕۆیشتنی ئێوارە جوانە..
چاوەکانت وەکوو توویەک بترووکێنم و
بڵێم: سوێند بە ڕێواس.. لە باخچەی خەیاڵت دەڕوێم
سەیرە..
تەمەننام سەوزترە لە توێکڵی ترۆزی
دەوەڵڵاهی.. کەلەم بە تامترە لە تەبسیی ماچ



هەواڵنامەی کتێب

باینجان ڕەشترە لە نینۆکی پەنجەکانی یار

پرتەقاڵ تەڕترە لە باران

خودا ڕووتترە لە بەفر..!

ئەمشەو..

چارەگێک عەرەقی فەلی باوکایەتی دەخۆمەوە و

بە پێکەنین دەڵێم: گریان چۆنە؟

کە چوویتەوە لە ئەحواڵی "با" بپرسە و

پێی بڵێ: هاکا شەقامەکەی ئەوبەر هاتە سەر سنگی بێزاریت..!

ئاه..

خۆزگە دەتبینی کە قرچەم دەهات وەک شکانی چیلکە دارێک

خۆزگە دەتبینی کە باخچە پێدەکەنێت..

ئاو چۆن تەریق دەبێتەوە و

ئینجانەکان.. بە پێی پەتی دەچنەوە بەردەم پەنجەرە،

ڕەنگە..

بتێک بە خودا بڵێت: کاممان موقەددەسترین؟

ئەی عەشق: بۆنی هەناسەم دەلەرزێت..

پیاوێک دەڵێت: دەستت بگرە بە دڵتەوە و

برۆ.. تا هەنگاوت تۆزێک ڕۆیشتنی تیایە

بووەستە و

بە نیگایەک.. یار ئاشت کەرەوە لەگەڵ تۆران..!



هەولێر/٢٠٠٧

ئێمە چەند ساویلکە بووین
ئێمە دەمانویست
بە وشە دەست بەسەر دنیادا بگرین
ئێستا ناتوانین
لە پشت کابووسەکانمانەوە سەردەرکەین

# چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی ڕەسووڵ یونان

**لە فارسیەوە: حەمە عەباس**

هەواڵنامەی کتێب



ڕەسووڵ یونان شاعیرێکی ئازەربایجانی ئێرانە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندێکی نزیک دەریاچەی (چێچست) کە لە نزیک شاری ورمێیە لە دایکبووە، بە فارسی و تورکی دەنووسیت و خاوەنی چەند کۆمەڵە شیعرێکە (ڕۆژباش خۆشەویستەکەم) و (کۆ[illegible]) و (من کوڕیکی خراپم)، جگە لە شیعر چیرۆک و شانۆنامەش دەنووسیت، لەم بوارەشدا چەند کۆمەڵەیەکی [illegible] و شیعرەکانی شاعیری گەورەی تورک (نازم حیکمەت)یشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لە سێ بەرگدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، تا تەمەنی حەڤدە ساڵی لە گوندەکەی خۆیان ژیاوە و دواتر چووەتە تاران و ئێستا لەوێدا دەژیت.

ڕەسووڵ یونان

١

ورچێکی قاوەیی مەخمەڵیم کڕیوە
بۆ کچێک کە نیمە
چاویلکەیەکیش بۆ باوکم
کە ئیتر چاوەکانی نابینێ و
ئێستاش دەچم
بۆ ئەوێک کە نییە
گوڵی نەسرین دەچنم
شاد یان خەمگین
ژیان ژیانە و
ئەگەر سبەی
بۆ ڕاوکردنی پڵنگ چوومە دەریا
لاتان سەیر نەبێت



هەواڵنامەی کتێب

٢

خەریکبووم بۆ ئێرە دەهاتم
کە دووچاری ڕووداو بووم
لەپڕ ئوتومبێلێک هات و
خستمیە ژێرەوە
کە دەمویست لە شەقام بپەڕمەوە
ئەمە ڕوویدا
تەرمی خۆم لە گۆشەیەکی شەقامدا
لەناو بەفرا فڕێدا و هاتم
بەڵام بریا نەهاتایەم
نە دەمبینیت و
نە دەنگم دەبیستیت
بریا نەهاتایەم
من کە مردم بۆ دیدەنی تۆ دەهاتم

٣

هەموو شەوێک بۆ کوشتنی ئێمە دێت

ئەو مردووەی کەوا دەزانێ
ئێمە کوشتوومانە
بە ترسەوە لە خەو ڕادەپەڕم
(ئارەش) دەگرێت
(حامید)یش بیر لەو چەقۆیە دەکاتەوە
کە بڕیاربوو بچێتە دڵییەوە
ئێمە چەند ساویلکە بووین
ئێمە دەمانویست
بە وشە دەست بەسەر دنیادا بگرین
ئێستا ناتوانین
لە پشت کابووسەکانمانەوە سەردەرکەین



٤

کڵاوێک بەسەر چەوەکانی کەنارەوە
ناتوانێ ببێتە هی فریشتەیەک و
هیچ کەسیش
دۆلفینێکی بە کڵاوەوە نەبینیوە
یان...
من واهەستدەکەم
هی کەسێکی شاعیرە
کە دەریا لە خەیاڵیا
دەروازەیەکە
بۆ میوانییەکی تایبەت

٥

نائومید نیم
باس لە ئومێد بکەم
ئەوەی کە هەیە
نائومێدی ڕەها نییە
سەرەنجام کلیلێک
قوفڵی ژەنگگرتووی ئێمەش دەکاتەوە

هەواڵنامەی کتێب

شیعری وەرگێڕدراو

# هەڵبژاردە لە شیعری نوێی عەرەبی

و.: لەتیف هەڵمەت

هەواڵنامەی کتێب



## شێو

لە کاتی نانی شێواندا
بۆ لایان چووم
ساتێک تێڕامان لە ڕووم
هیچ کەسێکیان
وەڵامی شەوباشەکەیان نەدامەوە
دیسانەوە
دەستیان کەوتە سووڕاندنی
کەوچکە بچکۆلەکانیان
لە قاپی شۆرباکەدا
***
سەرنجی قاپەکەم دا
هاوارم کرد:

" ماڵتان وێران... خوێنی منە... خوێنی من
ئاگاداربن "
کەسیان گوێیان نەدامێ
دەستەکان هەر
سووربوون لەسەر
پڕ کردنی کەوچکە بچکۆلەکان
هەر خوێنیشیان دەلستەوە
لێوەکان...

**

شیعری: ئەمەل دەنقەل

سەرچاوە: الأعمال الشعرية الكاملة ــ دار العودة ــ بيروت ــ

## چیرۆکەکەم لە گەڵ باخچە هەڵواسراوەکاندا

بیری هیچ یەکێک لە جووتیارانی
خواوەندەکانت ناکەم

بەهاری ئەفسانەکانت
ناخەمە باوەڵەکەمەوە

بە درێژاییساڵیش وەکو:
وشەیەکی تیژ
لە ڕێگاکاندا ناوەستم

لەگەڵ ئەم کشتوکاڵە
گەردوونگەرییەدا
من کارێکی دیم هەیە

ئەو ڕۆژانە دەژمێرم
کە جەنگیان تیادا نییەو
ساڵەکانیش بە ژمارەی گوڵەکان
دەژمێرم



هەولێرنامەی کتێب

**ئەمە چیرۆکەکەی منە**
**لەگەڵ باخچە هەڵواسراوەکاندا**

شیعری: رعد عبد القادر سەرچاوە: دع البلبل یتعجب منشورات: الأدیب المعاصر

**

## چەند کۆپلە شیعرێکی عەبدولوەهاب ئەلموئەددەب

**ماڵەکە دەسووتێ... ئاسمان دەشاردرێتەوە**
**داچۆڕانی ئاو ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە**
**لە ڕۆژدا ماڵەکە لە خۆڵەمێشەکەیەوە بڵق دەدات**

*

**لە ڕێگادا دوو کەس بە یەکدی دەگەن**
**سەڵاو ئاڵوگۆڕ دەکەن... دڵنیا دەبن**
**کە ئەم یەکدی بینینە شەیتان نییە**

*

**لە نێوانی زمانەکاندا... لە نێوانی ڕەگەزەکاندا**
**بە کۆچەری بە ونبوویی لە کیشوەرەکاندا**
**لە خودی خۆیدا ناوی ئاوابوون دەدۆزێتەوە**

*

**پێدەکەنێ... گیروگاز دەکا... دەچێتەگشت جێگایەکەوە**
**هەمووان دەبینێت و هیچی لێ شاراوە نییە**
**دڵەکان ئاوەڵا دەکات و لەدیوار بەولاوە هیچ نابینێ**

*

**ڕێگای تاراوگەیان پیشان دا**
**هاوشانی پێچ و پلووچی ڕووبارەکەیە**
**لە دارستانەکەدا ئاژەڵ دەورەی داوە**

سەرچاوە: دیوانی: ( قبر ابن عربی ) ــ المجلس الأعلى للثقافة: ١٩٩٩

**

دوو شیعری شاعیری ناوداری فەلەستینی: سالم جبران

## خۆشەویستی

چۆن دایکێک
منداڵە کەمئەندامەکەی خۆی
خۆشدەوێ
نیشتیمانە خۆشەویستەکەمم
خۆشدەوێ

***

## ئەم سەدەیە

خوێن لە ڕەگی تاشەبەردەکاندا
دەگەڕێ
ئاو تینوێتیی تەرمی مردۆکان دەشکێنێ
هەموو بستێک
لەم خاکە تاڵەی جیهانمان
پاڵێوراوە کە ببێتە گلکۆیێک
گوڵیش ئێستا بووە بە دەستەسڕو
ماڵئاوایی لە مردووان دەکات و
لە دوای ئەوان
نۆرە بۆ مردووی دی دەگرێ



*

لە گۆشتی ئێمە دەخوات
ئەم سەدەیە
لە خوێنی ئێمەش
نۆش دەکات...

سەرچاوە: قصائد ليست محددة الإقامة ـ دار الآداب : ١٩٧٠

**

هەواڵنامەی کتێب

چەند کۆپلە شیعرێکی هەڵبژاردە لە شیعرەکانی مستەفا عەبدوڵڵا

**کە نەوت کیشوەرەکەمانی**

**دۆزییەوە**

**بەردی بۆ گڵکۆکانمان**

**دۆزییەوە**

*

**فێر بووم چاوەڕێ بکەم و**

**لە پاسەپۆرتدا**

**نیشتیمانێک بۆ خۆم دروستبکەم...**

*

**ئەی شەمەندەفەرەکە**

**ئەی نیشتیمان**

**دەیانەوێ ئامادەبین**

**وەک جانتا**

**بۆ دابەزین**

**یا**

**بەرەو سێدارە بچین...**

**شەوو ڕۆژ نیشتیمانەکەم**

**لە ژوورەکەمدا هاتوچۆ دەکات**

**لێی دەگەڕێم**

**لەسەر نوێنەکەمدا**

**ئارەقە دەردات**

**بە شەوگارو بە ڕۆژگار**

**وەکو ڕووبار...**



هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە: مکاشفات ما بعد الرحيل

***

چیرۆکی وەرگێردراو

ڕەسووڵ ئابادیان

# سبەی ڕوویدا



لە فارسییەوە: گەلاوێژ فەتاحی

چل ساڵە کە دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە خاڵێک کە دەڵێن سەردەمێک حەمامی پیاوانی شار بووە و ئێستا بێجگە لە چەند تەپۆڵەکە و تاق و لۆقە بەرد شتێکی تری لێ بەجێ نەماوە.

ئەگەر لە بناری کێوەکە وەسەرکەوی، لە گۆشەیەک لە قەلا کۆنەکە دەیبینی و تازە وەبیر قسەی گەنجەکان دەکەویەوە کە بە گاڵتە دەڵێن: (بە ئەرزییەوە دووراوە).

پەیکەرەیەکی گنجاوی لەسەر بەردێکی ڕەش دەبینی. لە بەردەکە کە نزیک دەبیەوە هەڵدەستێ و چاک و خۆشی دەکا و تەنانەت فەرمووت دەکا بۆ سەر جێگەکەی خۆی. بەڵام کەم کەس هەیە بچێ لەسەر جێگەکەی دانیشێ هۆیەکەشی ئەوەیە کە جێگاکەی زۆر تەڕ و ناخۆشە.

لەو سەرەڕا تەواوی شار دیارە و ئەگەر زیرەک بی و بۆ وێنە لەسەر شانی چەپ، یان ڕاستی چاو لە ڕێگای چاولێکردنی بکەی دوای چەند چرکە دەزانی کە کارێکی بێ ئەنجامە زوو ماندوو دەبی.

گەنجەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە (گێژە) زۆر باوەڕ بە قسەی گەورەکانیش ناکەن، تەنانەت هەندێکیان وایدادەنێن کە ئەو قسانەی بەهۆی پیرییەوە لە لایەن ئەوان دەگوترێ .

هەر کەسێک کە تازە بێتە ناو ئەو شارەوە یەکەم پرسیار کە بە مێشکی دادێ ئەو حەمامە وێرانەیە کە چل ساڵە دوو چاوی چاوەڕێی خۆی کردووە.

دەڵێن سەردەمێک باشترین حەمامی ئەو شارە بووە، تەنانەت ئەوانەی پیرترن باس لە (جندۆ)کەکانیشی دەکەن کە هەندێک لە باوەڕی مرۆڤ بەدوورن. تەنانەت یەکێکیان دەیگوت کە جندۆکەکان بەیانیان خۆیان دەکەنە کیسەکێش، ناوی چەند نەفەرێکیشیان هێناوە کە لە ترسان دڵیان تۆقیوە. چەند کەسێکیش دەیانگوت ئەو ناڵانەی نیوەشەوان لەوێ ڕا دێ پشتی بێ باوەڕترین کەسیش دەلەرزێنێ.

هەندێک لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەو بەردە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بێجگە لە چاک و خۆشی قسەی دیکەشی گوتووە. دوو سێ کەسێک دەڵێن کە باسی وەفا دەکاو هەندێکیش دەڵێن کە ئەو چاوەڕێی ڕۆحێکە کە بێ و باس لە ساحیبە سەرگەردانەکەی بۆ بکا و ئەو لەو گومانە کوشندەیە نەجات بدا. گومانێک کە هێدی هێدی دەچێتە ناو پێستی هەر کەسێک کە حەز دەکا بزانێ چ باسە. تەنیا باسێ: کە هەموویان لە سەری هاوڕان و بە ترسێکی زۆرەوە باسی دەکەن بوومەلەرزەیەکە کە چل ساڵ لەوەی پێش ڕوویدا و بێجگە لەو حەمامە

وێرانەیە هیچی تری لێ بەجێ نەما.

هەندێک کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە سازنەکردنەوەی دووبارەی ئەو حەمامە دەگەڕێتەوە سەر هەبوونی جندۆکەی زۆر لەو حەمامە و چەند کەسێکیش نەبوونی پێویستی بەو ئەو حەمامە هۆی دووبارە سازنەکردنەوەی ئەو حەمامە دادەنێن، چونکە ئێستا هەر ماڵێک لانی کەم حەمامێکی گچکەی هەیە لەبەرئەوە دووبارە سازکردنەوەی شوێنێکی کۆن و سازکردنەوەی چەند حەمام بە بینای نوێ پێویست ناکا.

تاق و لۆقە لە ئەو کەسانەی لە بوومەلەرزەکەدا ماونەتەوە باسی لێ دەکەن و هەندێکیش تەنانەت باس لە ڕووداوێکی نەگریس دەکەن.

بەگشتی ئەو باسە ئاڵۆزانە، مەبەستیان ژنێکی زۆر جوانە کە مێردەکەشی جوان چاکە، ژنێک کە هەر پیاوێک لەو شارەدا بۆ چەند چرکەش بێ کە چاوی لە چاوەکانی کردووە چۆتە نێو چێژێکی قووڵەوە.

لەوەیکە ئەو ژنە خەڵکی کام شار بووە و چۆن بۆتە خێزانی پیاوێک لە شارێکی دیکە، قسە و باسی زۆر لە سەرە. ئەگەر لە حوڵق و سروشتی ئەو ژنە بپرسی جوابێکی بە پێچ و پەنا و بە گومانەوەت پێ دەدرێتەوە کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزیت.

هەندێک ئەو بە ژنێکی ڕێکوپێک دەناسن و هەندێکیش بە ژنێکی ڕەمزاوی، بەڵام ئەوانە هیچی باسی سەرەکیی نین. هەندێکیش دەمەقاڵەی گومانلێکراویش هەیە. بۆ وێنە خەڵکی باس لەوە دەکەن کە مێردەکە غیرەی بە ژنەکەی دەبرد بە هۆی ئەوەی کە پیاوانی شار زۆر سەرنجیان دەدایە ژنەکەی، ئەو قسەیەش ناکرێ زۆر متمانەی پێ بکەی، چونکە ساحەب قسەکە دوای تەواو کردنی قسەکەی لێوی دەگەزێ و جەستەی و دەستی هەندێک دەجووڵێنێ، یانی نازانێ قسەکە ڕاستە، یان ناڕاستە. بەگشتی لەو قسانە ڕا تێدەکەین کە پیاوەکە لە ژنەکە جوانتر بوو لە ڕووی ئەو قسانەی کە دەگوترێ دەکرێ ئەوە بزانین هەرچەند قسەکان هێندەش جێی متمانە نین.

ئەو جۆرەی دیارە دەسپێک درێژەی ئەو باسە لە بەیانێکی نەگریسدا ڕووی داوە کە هەموو کەس لە خەودا، بەیانێکی کە بە خەیاڵی ئەوان تەواوی دنیا لەرزیوە و تەپوتۆز تا میچی ئاسمان ڕۆیشتووە و قەڵشتی زەوی، هەرچی وەدەستی کەوتوە قوتی داوە...

ئەو کەسانەی کە لە زمانی خودی پیاوە جوانەکەوە دەگێڕنەوە و ناشکرێ متمانە بە هەموویان بکەی، گۆشەیەک لەو ڕازە تاریک و سەر بە مۆرە دەکەنەوە، جا ڕاست، یان درۆ،

ئەویش ون بوونی ژنە جوانەکەیە لە ئێوارەی ڕۆژی پێش بوومەلەرزەکە. جا دەکرێ هۆی ون بوونی ژنەکە تۆرانی لە ماڵێ، دەرکردنی لە ماڵەوە لە لایەن مێردەکەی و هەڵاتن لە ماڵێ و بێ ئەخلاقی و زۆر شتی دیکە دابنێین کە ئەوانەش وەدرۆ دەخسترێتەوە.

هەر ئەو ون بوونەی ئەو ژنەیە کە ئاگری لە گیانی پیاوە جوانەکە بەرداوە و چاو لەرێ بوون بۆتە پیشەی ئەو. دەڵێن چەندین جار ویستوویەتی خۆی بکوژێ بەڵام چارەنووس ئاوای نەویستووە و ئیستاش هەر لەسەر جێی خۆیەتی.

دەڵێن بۆ خۆی گووتویەتی تاکو ڕازی ئەو شەوەی بۆی ڕوون نەبێتەوە نامرێ، تەنانەت ئەگەر سەد جاری دیکە بیەوێ خۆی بکوژێ، دەبێ چاوەڕێی بێ تاکو ڕۆحێک، یان جەستەیەک لە دڵی بەردەکانی ئەو حەمامە وێرانەدا بێتە دەرێ و بە یەک وشە پێی بڵێ ئەو بۆ، یان نا.

ئەو کەسانەی کە سوێند دەخۆن کە شاهیدبوون کەم نین. ئەو کەسانەی کە ئەگەر لە چۆڵاییەکدا بتبینن دەڵێن کە قسەی خەڵکی هەمووی درۆیە و قسەکانی خۆیان پێ ڕاستە بە متمانەیەکی تەواو باسی ئەوەی دەکەن کە بەچاوی خۆیان پەرچەمی پەرێشان و خوێناوی ژنێکیان دیتووە کە تەواوی جەستەی رووتی لەژێر وێرانەی حەمامەکەدا پان بۆتەوە. ئەو باسە لە گێرە و کێشەی بوومەلەرزەکەدا زەق بووەوە و بووە باسی سەر زاری هەر کەسێک.

(ژنێک لە حەمامی پیاواندا...).

گومان، دوودڵی، بێ وەفایی، ئەو وێرانانەی کە قورسترن لە وێرانەی حەمامەکە بەسەر سەری پیاوەکەدا دەڕووخان، شێتی، هەڵاتن بۆ کێو، ناڵەی نیوەشەو و چەند جار هەڵکەندنی قەبر، ئەوانە ئەو کارانە بوون کە ئەو پیاوە دەیکردن.

گریانی چەندین ساڵە بۆ جەستەیەکی شاراوە لە خۆڵدا کە نازانێ ئەوە، یان نا.

چاوەڕوانی، چاوەڕوانییەکی چل ساڵە.

سەرچاوە" گۆڤاری "عصر پنجشنبە"، ژمارە ١٩–٢٠، ساڵی ١٣٧٩.

چیرۆکی وەرگێڕدراو

# 5

# پێنج کورتیلە چیرۆک

و. لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی

هەواڵنامەی کتێب



شەوێکی بارانی

نهێنی

٨ی دیسامبری ١٩٨٠

دایە گەورە و پیاوکوژی تەور بە دەست

مەیتی سەرجادە

## شەوێکی بارانی

دۆلۆرێز رووپ

له ژێر لێزمەی باراندا، جادەی کوێستانیی جۆرجیا باش نەدەبیندرا. جودی کە پیکابێکی دزراوی لێ دەخوڕی لە ناکاو پای نایە سەر ستاپ بۆ مسافیرێکی سپی پۆش کە بە پشووی سوارەوە سوار بوو: «ئۆتومبیلەکەم خراپ بووە!»

«پزیشکی؟»

«بەڵێ»

جودی ئەو شێتە جینایەتکارەی کە تازە لە خەستەخانەی نەخۆشە دەروونییەکان ڕای کردبوو پرسیاری کرد: «پزیشکی خەستەخانە؟» ویلیام ئەو پیاو کوژەی کە تازە لە زیندان خۆی دەرباز کرد بوو بە درۆ گوتی:

«بەڵێ»

## نهێنی

تام فۆرد

«پێویست ناکات ئەوەندە خۆت نارەحەت بکەی، واتسۆن»

«بۆت بە داخم، هۆلمز، هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاخرییەکەی پشتت وە عەرز کەوت. هەرگیز ناتوانی نهێنیی ئەم جینایەتە ئاشکرا بکەی.» هولمز ڕاوەستا و بە دەسکی مۆدنەکەی وەک نیشانەی پێداگری ئاماژەیەکی کرد. « بۆت بە داخم کە وا نییە. من باش دەزانم کێ خاتوو ئۆر تینگنۆنی کوشتووە.»

«زۆر سەیرە! نە شاهیدێک! نە سەرە داوێک! کێ ئەم کارەی کردووە؟»

«من کردوومە، واتسۆن»

## ٨ی دیسامبری ١٩٨٠

کاتژمێر ٨:٥٩ دوانیوەڕۆ

دەیوید کانگالتۆن

ژنەکە کتێبە مێژووییەکەی دانا و ئاخێکی هەڵکێشا.

«ئەو ژەنەراڵ کاستێرە، قەت قەت نەدەبوایە هەرێمی ئەمنیدا کۆتای جێ هێشتبا.»

پیاوەکە بەپەلە تر لەوە بوو گوێی بداتێ. گیتارەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگە ملی پێوەنا.

«بە جەحەنەم، یۆکۆ. وەرە با بڕۆین.

خەریکە وە درەنگ دەکەوین.»

## دایە گەورە و پیاوکوژی تەور بە دەست

دایان ئێلیۆت

پیاو کوژی شێتی تەور بە دەست لە ماڵەکە نیزیک بووەوە. سەر لەبەری گەڕەکی تاڵان کردبوو، هەمبانەی خەنیمەتەکانی کەم و زۆر پڕ ببوو.

پیرێژنەکە بە تەنیا لە نێو ماڵەکەیدا دانیشتبوو و شتی دەچنی. پیاوکوژەکە تەورە خوێناوییەکەی بەرز کردەوە و زەنگی ماڵەکەی لێدا. پیرێژنەکە هێواش دەرگەی کردەوە و چاوێکی لە دەمو چاوی کرد.

کوڕە چکۆلەکە نەڕاندی: «شتێکم بۆ بخە بن تاوەو گیانی خۆت ڕزگار کە.»

## مەیتی سەرجادە

سپینی بازوکاوتیس

«باوکە، بڕیارە منیش ئیمشەو بچم بۆ «پاکسازی»!»

«دەبێ خۆش بێ، کوڕم»

«دەڵێن دەبێ لانی کەم مەیتێک لە سەرجادە بدۆزینەوە.»

«مەیت؟ چەند ترسناکە!»

«ئۆتومبیلەکەم پێ دەدەی؟»

«... باشە!»

«... با بزانم، باشە دەچم. بە هیوای دیدار.

«بە دڵنیاییەوە!»

باس



بەکر شـوانی

گوینتەر گراس

# ڕۆمانتووسی سیاسی و ویژدانی زیندووی گەل



گوینتـەر ئـەدیبێکی
گـەورە و خـاوەن
بـەهرەیە و قـەڵـەمێکی
دیاری بوارەکانی ڕۆمـان
و چیرۆک و شـانۆ و
شیـعری ویژدانیی
ئـەڵمانییە.

گوینتەر ئەدیبێکی گەورە و خاوەن بەهرەیە و قەڵەمێکی دیاری بوارەکانی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆ و شیعری ویژدانیی ئەڵمانییە. یەکێکە لە دیارترین ناوەکانی ئەدەبی ئەڵمانیی دوای شەڕی جیهانیی دووەم. کەسایەتییەکی ناسراوە لەسەر ئاستی جیهان و زۆر گەڕۆک و سەربەدەرە. تەمەنی هەشتای تێپەڕاندووە، کەچی هێشتا چوست و چالاک و بەرهەمبەخشە و زوو زوو بەسەر پەڕەی ڕۆژنامە و پەردەی تەلەفزیۆنەکانی ئەڵمانەوە دەبینرێت. گراس تەنیا لەبارەی ئەدەب و نووسینەوە ڕای خۆی دەرنابڕێت، بەڵکو لە سۆنگەی ئەوەی کە خۆی بە ڕۆمانووسێکی سیاسی دەزانێت، ئاماژە بۆ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەڵمانیا و جیهانیش دەکات و ڕای خۆیان لەبارەیانەوە دەخاتە ڕوو. بەرهەمەکانی وەرگێڕدرانەتە سەر بەشێکی زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان، لە ناویاندا زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسیی هاوسێگەلی خۆمان. بەڵام تا ئێستا هیچ شاکارێکی ئەم بەهرەمەندەی ئەڵمان وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

کاتێک ئەڵمانیا لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ یادی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی گراسی کردەوە، نووسەر سەرجەم کەرەسەکانی بیرهێنانەوەی لەبەردەستدا بوو، چونکە لەو کاتەوەی لە شاری دانتسیگ هەڵکەندراوە، هەرگیز لە نووسین و گێڕانەوە دانەبڕاوە. جا چ بەرهەمەکانی ئەم سەردەمی بن، یاخۆ سێینەی دانتسیگ: "تەپڵی تەنەکە"، "ساڵانی سەگەل" و "پشیلە و مشک". گوینتەر گراس گشت نەهامەتی و ماڵوێرانییەکانی شەڕی لەبیرە و پێمان دەڵێ بیرهێنانەوە کارێکی دژوارە و گێڕانەوەی ڕابردوو لە (پاککردنی پیاز) دەچێت، کارێکە ئاو لە چاو دێنێ، بەڵام ناشکرێ مرۆڤ خۆی لێ ببوێرێ.

نووسەر لە ساڵانی دژواری دوای شەڕی جیهانی دووەم، لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لە شاری دانتسیگ لەدایک بووە. ئەم شارە دڵگیرەی سەر دەیاری باکوور لەدوای شەڕی جیهانی دووەم لە ئەڵمانیا سەندرایەوە و خرایە سەر پۆڵۆنیا و ناویشی گۆڕدرا بۆ گدانسک. گراس، کاتێک هێشتا لاوێکی ١٧ ساڵان دەبێت، ناچار دەبێت ساڵی ١٩٤٤ وەک هاوکار لە هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا بەشداریی لە شەڕی جیهانیی دووەمدا بکات و هۆکاری ئەم کارەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەست بوون بە نیشتمان و بەجێهێنانی ئەرکی هاوڵاتی بوون. ساڵی ١٩٩٩ لەپای دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی جیهانی و بەتایبەتیش لە بەرامبەر "سێینەی دانستیگ" خەڵاتی ئەدەبیاتی نۆبڵی وەرگرت. چەند خەڵاتی ناوخۆییشی وەرگرتووە، وەک خەڵاتی کارل فۆن ئۆسیەتسکی لە ساڵی ١٩٦٧، خەڵاتی کۆمەڵەی زانست و هونەری باڤاریا لە ساڵی ١٩٩٤ و ساڵی ٢٠٠٥یش زانکۆی بەرلین پلەی دکتۆرای شانازیی پێ بەخشی.



دیمەنێک لە ناوەندی شاری دانتسیگ

هەواڵنامەی کتێب

## گراس و SS:

ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٦ گوینتەر گراس لە دیمانەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەی "فرانکفورتە ئەلگەماینە"ی ئەڵمانی بۆ یەکەمجار دانی پێدانا کە لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا ماوەیەکی کورت وەک سەرباز لە ڕیزەکانی یەکینە تایبەتییەکانی نازیی ناسراو بە "ئێس ئێس" کاری کردووە. ئەم لێدوانەی گراس هەنگامەیەکی گەورەی لە ناوەندە سیاسی و ئەدەبییەکانی ئەڵمانیا نایەوە و زۆر کەسانی تووشی سەرسامی کرد، ئەڤیندارانی ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و شانۆنامەکانی نووسەر ڕاچەڵەکاند و وا دەهاتنە بەرچاو وەک ئەوەی هەریەکەیان سەتڵێک ئاوی ساردی بەسەردا کرابێت. بگرە لێدوانەکانی گراس بەخێرایی برووسکە بە جیهاندا بڵاوبوونەوە و بەشێکی زۆر لە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی وڵاتانی جیهانی سڕ کرد و دۆشدامان. وەک ئاشکرایە گراس ئەدیبێکی گەڕۆکە و سەری لە زۆر لە وڵاتانی جیهان داوە، چونکە ئەو هەر ئەوە نییە ڕابەرێکی ئەدەبی نوێی ئەڵمانی بێت و ئەرکی داڕشتنەوەی لە ئەستۆ گرتبێ و گەیاندبێتی



بە ئاستی جیهانی و بەس، بگرە هەمیشە بە ئەدیبێکی بەدەربەست و ڕەخنەگر لە باردۆخی سیاسیی ئەڵمانیا و جیهانیش ناسراوە و پێی وایە ئەدیب ویژدانی زیندووی گەلە.

بەڵام ملیۆنان هاوڵاتیی ئەڵمان بە بیستن و خوێندنەوەی ئەم قسانەی گراس گەرد لە دڵیان نیشت، چونکە گراس لەو دیمانەیەدا و دواتریش لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا بەناوونیشانی "پیاز پاککردن" باس لەوە دەکات چۆن لە تەمەنی پازدە ساڵیدا پێوەندیی بە ڕیزەکانی "لاوانی هتلەر"ەوە کردووە، بەمەرجێک ئەم پێوەندی کردنە ناچاری نەبووە و خۆبەخشانە بووە. دوای دوو ساڵیش، بەرگی یەکینە تایبەتییەکانی نازی "ئێس ئێس" دەپۆشێت. ئەم هێزانە ئەرکیان پاراستنی ئاسایشی هتلەر و گەورە لێپرسراوانی نازی بووە و زنجیرەیەک زۆر کاری دڕندانەیان دراوەتە پاڵ. پاش دۆڕانی ئەڵمانیا لە شەڕی جیهانیی دووەمدا، یەکینە تایبەتییەکانی نازی لە دادگای "نوێرنبێرگ" بە ڕێکخراوی تاوانکار لە قەڵەمدرا و قەدەغە کرا.

گراس بەوە پاساوی پێوەندی کردنی بە یەکینە تایبەتییەکانی نازییەوە دەداتەوە، گوایە ویستوویەتی خۆی لە کۆت و زنجیری کۆمەڵایەتی ڕزگار بکات و لە بازنەی بەرتەسکی خێزان بێتە درێ و باوەش بۆ جیهانی بەرفراوان بکاتەوە. ئەم ڕەفتارەی خۆشی بە کارێکی دزێو دادەنێت و پێی وایە دەبوو نەیکردبایە، بەڵام دەڵێت ئەو کاتە لە ئاستێکی هوشیاریی ئەوتۆدا نەبووە تا بزانێ چ دەکات. گراس ماوەی شەست ساڵی ڕەبەق بێدەنگیی لەم ڕازە گەورەیەی ژیانی کرد، بەڵام کاتێک هاتە سەر نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی لە کتێبی "پیاز پاککردن"دا، بڕیاری دا ئەم ڕازە بدرکێنێ، چونکە خۆی گوتەنی، چیدی ناتوانێ لە ناخیدا حەشاری بدات. پێشمان دەڵێت ئەو سەردەمە لەبەر ساویلکەیی دوای دروشمەکانی ئایدۆلۆجیای نازی کەوتووە، بەڵام پێ دادەگرێت کە هیچ تاوانێکی لێ نەوەشاوەتەوە و هەرگیز فیشەکی بە کەسەوە نەناوە. زۆر جاران ناچار بووە لەم ڕووە داوای لێبووردن لە هاوڵاتیانی ئەڵمان و قوربانییەکانی شەڕی جیهانیی دووەم بکات و هەموو جارێک جوامێرانە دانی بەو پەڵەیەی ژیانی ڕابردووی خۆیدا ناوە. هەندێک کەس و ناوەند و دەوروبەری ناوخۆیی و دەرەکی هەڕەشەی دادگایی کردنیان لێ کرد، بەڵام کەسانێکی زۆریش لە ئەڵمانیا و لە جیهان پشتیوانیان لێ کرد.

## گراسی ئەدیب و هونەرمەند:

گراس، ساڵی ١٩٤٦ و پاش بڕانەوەی شەڕی جیهانیی دووەم بەدیلی دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئەمەریکا. چەند مانگێک لە زیندانی ئەمەریکاییەکان بەسەر دەبات و بەو ماوە




پەیکەری ئۆسکاری پاڵەوانی ڕۆمانی "تەپڵی تەنەکە" لە نزیک شوێنی
لەدایکبوونی گوینتەر گراس لە شاری دانتسیگ – پۆڵۆنیا

کورتە فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی ئەدەبی ئەمەریکی. هەمان ساڵە زیندان ئازاد دەکرێت و سەرەتا ڕوو لە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازی دەکات. دواتر ماوەی دوو ساڵە پەیمانگای ڕاهێنانی پیشەیی لە شاری دوسەلدۆرف هونەری پەیکەرسازی دەخوێنێ. پاشان لە بەشیی هونەری زانکۆی هەمان شار درێژە بە خوێندن دەدات. ماوەی ١٠ ساڵی دواتر (١٩٤٦–١٩٥٦) بە خوێندنی هونەری نیگارکێشی و پەیکەرسازی لە زانکۆی بەرلین بەسەر دەبات و دواجار بڕوانامەی زانکۆیی بەدەست دەهێنێت. پاشان دەچێتە پاریس و لەوێ، لە میانەی سەردانی پەیتاپەیتای بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر و پێشانگا هونەرییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە کولتوورییەکان لە داهێنانی بزووتنەوە هونەرییەکان ڕادەمێنێ، بڵاوکراوەکانی تازەگەریی سوریالی و دادائیییەکان دەخوێنێتەوە و بەچاوی خۆی بزاوتی گۆڕانکاریی لە بوارەکانی بیناسازی و موزیک و شانۆدا دەبینێ. بەمجۆرە سێ ساڵە پاریس بەسەر دەبات و دواتر سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ بەرلین. لەوێ بۆی دەردەکەوێت نیگارکێشی و پەیکەسازی لەوە بێ دەسەڵاتترن بتوانن گوزارە لە هەستە پەنگخواردووەکانی ناو هەناوی بکەن، چونکە خۆی گوتەنی، کەوتۆتە بەر شەپۆلی دەریای لەبن نەهاتووی وشە و تەنیا بە بەدەستەوە گرتنی قەڵەم و کاغەز دەتوانێت هاوسەنگیی

خۆی ڕابگرێت. ناتوانێت لە بەرلین بحەوێتەوە، چونکە بە شوێنێکی نموونەیی نازانێت بۆ نووسین، بۆیە ڕوو لە باکوور دەکات و لە ناوچەیەکی نزیک لە شاری لوبیک دەگیرسێتەوە و لەو کاتەوە لەوێ دەژی. لەوێوە شاکار لەدوای شاکار دەئافرێنێت و هەر بەرهەمێکیشی لە ماوەیەکی پێوانەییدا وەردەگێڕدرێتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان. شاری لوبیکیش وەک شاری دانستیگ لەسەر دەریای باکوور هەڵکەوتووە. کێ دەزانێت، ڕەنگە گراس نەتوانێ بێ گوێگرتن لە شڵپ و هوڕی شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریای باکوور هەڵبکات! گرینگترین بەرهەمەکانی گراس ئەمانەن:

**ڕۆمان و چیرۆک:**

* سێینەی دانتسیگ: تەپڵی تەنەکە ١٩٥٩، پشیلە و مشک ١٩٦١، ساڵانی سەگەل ١٩٦٣
* بەنجکردنی خۆجێیی ١٩٦٩
* دیدار لە تیلگتێ ١٩٧٩
* دایکە جرج ١٩٨٦
* سەدساڵەی من ١٩٩٩
* ڕێکردنی قرژاڵ٢٠٠٢
* دواین سەماکان ٢٠٠٣
* پیاز پاککردن – بیرەوەری ٢٠٠٦

**شانۆنامە:**

* چێشتلێنەرانی خراپەکار ١٩٥٦
* لافاو ١٩٥٧

**بەرهەمی شیعری:**

* خەسڵەتەکانی مریشکی ئاسمانی ١٩٥٦
* سێگۆشەی هێڵی شەمەنەفەر ١٩٦٠
* لێپرسینەوە ١٩٦٧
* کۆی شیعرەکان ١٩٧١
* دەستکەوتی لیرکی ٢٠٠٠

هەواڵنامەی کتێب

## تەپڵی تەنەکە، هۆکاری بەجیهانبوونی گراس:

"ئۆسکار" پاڵەوانی ڕۆمانی "تەپڵی تەنەکە"یە کە ساڵی ١٩٥٩ بڵاوکرایەوە. جەستەی ئەم منداڵە کەمئەندامە لە گەشەکردن ڕاوەستاوە و خوازیارە دەق بەهەمان دۆخەوە بگرێت و بۆ هەمیشە لە هەمان قەوارەدا بمێنێتەوە. گراس دەیەوێت ئۆسکار لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە گەواهیدەری مێژوویەکی لەبیر نەکراو، مێژووی شەڕی جیهانیی دووەم و ئەو کارەساتانەی بەهۆی ئەو شەڕەوە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتن. کاتێک ئۆسکار لەسەر باڵەخانەیەکی کۆن دانیشتووە و چێژ لە شیرینترین ئارەزووی خۆی، ژەنینی تەپڵی تەنەکە وەردەگرێت، لە درزی دیوارێکەوە دەستەیەک سەرباز دەبینێت کە خەڵکی سڤیل و بێتاوان دەکوژن. ئیدی ئەم منداڵە لێرەوە تێکەڵبە ڕووداوەکان دەبێت

نووسەر لە چاوی ئەوەوە بە بەشێک لە ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی دووەم ئاشنامان دەکات. پاش بڵاوبوونەوەی "تەپڵی تەنەکە"، ئۆسکاری کەمئەندام سەرنجی ئەڵمانیا و جیهانی بۆسەر ڕۆماننووسێکی لێهاتوو ڕاکێشا. گراس لەڕێی ئەم ڕۆمانەوە قووڵترین گوزارەی لە بیرەوەری و پاشماوەکانی جەنگی جیهانیی دووەم کردووە و تا ئەو کاتە هیچ کەسێک لەم بوارەدا شانی لە شانی ئەو نەدابوو. بەشی زۆری ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە شاری دانتسیگی زێدی نووسەر دەقەومێن، ئەو شارەی کە گراس یەکەم هەناسەی تێدا هەڵمژی و یەکەمین خەونی تێدا بینی. "تەپڵی تەنەکە"، سەرتۆپی سێینەی دانتسیگە کە هەردوو ڕۆمانی "پشیلە و مشک _ ١٩٦١" و "ساڵانی سەگەل _ ١٩٦٣" یش لەخۆ دەگرێت.

دەرهێنەری ناسراوی ئەڵمان فۆلکەر شلوێندۆرف ساڵی ١٩٧٨ بەهاوکاریی چەند هاوڕێیەکی سیناریۆی بۆ "تەپڵی تەنەکە" نووسی و لە هەمان ساڵدا و هەر بەهەمان ناوەوە فیلمێکی نایابی لێ بەرهەم هێنا. هەرسێ زمانی ئەڵمانی و پۆڵۆنی و ڕووسی لە فیلمی "تەپڵی تەنەکە"دا بەکارهێراون و ئەم شاکارەی سینەما یەکەمین فیلمی ئەڵمانی بوو کە ساڵی ١٩٨٠ خەڵاتی ئۆسکاری بۆ باشترین فیلمی زمان بیانیی وەرگرت.

## گراسی سیاسی:

گوینتەر گراس سەرەتای ساڵانی شەست پێی نایە جیهانی سیاسەتەوە. ئەو سەردەمە ڕاوێژکاری پێشووتر ڤیللی براندتی ناسی کە هێشتا سەرۆکی شارەوانیی بەرلین بوو. نووسەر تا ساڵی ١٩٧٢ بەجۆشەوە بەشداری لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا SPD کردووە و بێ دوودڵی نواندن پشتیوانیی خۆی بۆ سۆسیال دیموکراتەکان دەربڕیوە. دەسپێک ئەندامیی فەرمی حزب نەبوو، بەڵام سەرەتای ساڵانی هەشتای ڕابردوو پێوەندی بە ڕیزەکانی حزبی سۆسیال دیموکراتەوە کرد و بوو بە ئەندامی کارا. گراس بە دژیەتی کردنی شەڕ و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق ناسرابوو. ئەم هەڵوێستەش گراسی لە ڕاوێژکاری پێشوو گێرهارد شرۆدەر نزیک کردەوە و ڕایەڵەیەکی پتەوی دۆستایەتی لە نێوان ئەم دوو کەسەدا پەیدابوو. هاوینی ساڵی ٢٠٠٢ لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا گراس پشت و پەنایەکی قایمی گێرهارد شرۆدەری پاڵێوراوی پارتی سۆسیال دیموکرات بوو، چونکە هەردووکیان لە دژایەتی کردنی هەوڵەکانی ئەمەریکادا بۆ ڕزگار کردنی عێراق یەکیان دەگرتەوە. ئەو سەردەمە گراس لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوە گەورە و بەرفراوانەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتدا بەشداری دەکرد و داوای لە هاوڵاتیانی ئەڵمانی دەکرد دەنگ بە شرۆدەر بدەن. دواجار شرۆدەر سەرکەوت و پۆستی




شوێنی لەدایکبوونی گوینتەر گراس، خانووی ژمارە ١٣ لە
شەقامی لیلاڤێلا لە دانتسیگ – پۆڵۆنیا

ڕاوێژکاریی بەدەست هێنا. گراس لە نیوەی ڕێگا لە شرۆدەر سارد بووەوە و کەوتە ڕەخنە لێ گرتنی، بەڵام لە ڕووی دژایەتی کردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگار کردنی عێراقەوە نا، چونکە شرۆدەر تا کۆتایی ماوەی دەسەڵاتی خۆی لەم ڕووەوە سستی نەنواند، بەڵکو گراس شرۆدەری بە پاشگەز بوونەوە لەو بەڵێنانە تۆمەتبار کرد کە بە گەلی ئەڵمانی دابوو.

## یادی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی گراس:

لە یادی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی گوینتەر گراسدا، ناکرێ مرۆڤ بەتەنیا وەک ڕۆماننوس و چیرۆکنووس و وتارنووس و نیگارکێشێکی بێ هاوتا ئاماژەی بۆ بکات، بگرە گراس ڕۆماننوسێکی سیاسیی پەیوەست بە کێشەکانی ئازادی و دادپەروەریی مرۆییە و خاوەن هەڵوێستی سیاسیی تایبەت بە خۆیەتی. بەگوێرەی پێوانەی هوشیاریی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی، گراس یەکێکە لەو ڕۆشنگەرانەی کە ئەدەب و پایەی خۆیان خستۆتە خزمەت کێشە مرۆڤایەتییەکان و بەرگری کردن لە بەهاکانی دادپەروەری. هەروەها وەک کەسایەتییەکی ڕۆژئاوایی خاوەن هەڵوێستی بوێرانە پەنجەی بۆ ڕادەکێشرێ، کەسایەتییەک کە بانگەشە بۆ ئازادی و لێبووردەیی و دانوستاندنی نێوان کلتوورەکان دەکات.

باس



د. عادل گەرمیانی

چەند سەرنجێک دەربارەی

# ڕەنگدانەوەی بونیادگەری لە ڕەخنەی کوردیی هاوچەرخدا




ساڵانی ١٩٦٥-١٩٥٥ بە ساڵانی زێرینی ڕێبازی بونیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپیدا دادەنرێت، چونکە لەو ساڵانەدا ئەم ڕێبازە نەشونمای کرد و زیاتر زەمینەی بۆ خۆی خۆشکرد و توانی کار لە عەقڵ و ڕۆشنبیری ئەوروپی بکات.

سالآنی ١٩٥٥-١٩٦٥ ڕێبازی بونیادگەری گەشەسەندنێکی زۆر باش و کاریگەری بەخۆیەوە بینی لە ئەدەبی ئەوروپیی نوێی پاش جەنگی دووەمی جیهانی و، ئالآی ڕێبازەکە لەو سالآنەدا لەلایەن (ڕۆلآن بارت)ەوە بەرز کرایەوە و، ئەمجارەیان لە بواری دەقی ئەدەبیدا بوو، پاش ئەوەی فۆرمالیستە ڕووسەکان بەڕابەرایەتی شکلۆفسکی و دەستەی قوتابخانەی زمانەوانی پراگ بەڕابەرایەتی دیسۆسیر و هەندێ نووسەری دیکەی وەک لیڤی شتراوس و لوسیان گۆلدمان... تاد لە هەوالدانندا بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب و زمان و کۆمەلناسی ئەدەبیی لە ولآتانی خۆیاندا دەوری خۆیان بینی.

ئەوەی ڕاستی بێت بونیادگەری وەک سیستەمێک لەڕووی چەمکەوە لای کلۆد لیڤی شتراوس زیاتر خۆی دەنوێنێت کەوا لە بونیادی ئەفسانەکانی گەلانی ئەمریکای لاتینی کۆلیەوە لە ڕووی کۆمەلناسییەوە و، هەندێ سیستەمی دیاری خستەڕوو لەنێو تیۆری بونیادگەری کۆمەلایەتییەکەیدا و، مەبەست لەو سیستەمە ئەو جۆرە یاسایە کەوا زمانی نەتەوەیەک یا ولآتێک پێکدەهێنێت و، لەم بوارەدا جیاوازی دەکەوێتە نێوان سیستەمەکانی زمانی گەلان بەپێی بنەمالەی زمانەکە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بکەر دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە و بەرکاریش دەکەوێتە ناوەندی ڕستەوە و کرداریش دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە وەک (ئازاد نانی خوارد) کەچی لە زمانی عەرەبیدا بەپێچەوانەوە کردارەکە دەکەوێتە سەرەتای ڕەستەوە و بکەریش دەکەوێتە ناوەندی ڕستەوە و بەرکاریش دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە وەک (أكل ازاد الخبز)، لەم دوو سیستەمەدا دەکرێ چەندین ڕستە لەیەک ڕستەی هەوالدار دروست بکرێت، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو (دیار نامەکەی نووسی) دەتوانین چەندین ڕستەی پرسیار و سەرسووڕمان و ئەرێ و نەرێ و... هتد دروست بکەین بۆ ئەوەی دەستکاری سیستەمی زمانەکە بکەین.

بونیادگەری بەلای هەندێ نووسەرانی ئەوروپاوە -وەک جۆرج لۆکاش- فەلسەفەیەکە، مردنی مرۆڤ ڕادەگەیەنێ لە ڕێی جاڕدانی مردنی نووسەر پاش چاپکردن و بلآوبوونەوەی بەرهەمە نووسراوەکەی وەک لەنێو کتێبی (نووسین لە پلەی سفر)ی ڕۆلآن بارت ئاماژەی پێکراوە، بەلآم بونیادگەری بەلای هەندێ نووسەری دیکەی ئەوروپاوە ڕێبازێکە هەولی گەشەپێدانی تیۆری ئەدەبی دەدا. ئێمەش لەو باوەڕەداین بونیادگەری ڕێبازێکی ئەدەبییە نەک فەلسەفی، چونکە هەولی مامەلە کردنێکی ڕەخنەیی دەدا لەگەل دەقە ئەدەبییەکاندا لە ڕووی پێکهاتنی گشتیی بینای دەقەوە و، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ بونیادگەرای ڕێبازێکی ڕەخنەیی تازەی ئەدەبی ئەوروپیی پاش جەنگی دووەمی جیهانییە.

دەقی ئەدەبی تەنها بریتی نییە لە زمان، چونکە چەند ماکێکی دیکە هەن ڕۆڵی خۆیان هەیە لە پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ دان بەوا بنەین کەوا زمانی ئەدەب جۆرە تایبەتمەندییەکی هەیە بە هۆیەوە جیاواز دەبێ لە نووسینە مەعریفییەکانی دیکە، هەروەها بە هۆیەوە جیاواز دەبێت لەگەڵ قسەی ڕۆژانەی خەڵکی. کەواتە لە دەقی ئەدەبیدا جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان بەدی دەکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبازی ڕەخنەی بونیادگەری خاوەن چەند خەوشیکە بوونەتە مایەی جۆرە کەنارگرتنێکی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە لەم ڕۆژگارەدا وەکو:

١- زمان کراوەتە بەندیخانەی دەق و لەگەڵ ماکە پێکهێنەرەکانی دیکەی دەقی ئەدەبیدا سەودا ناکات، ئەمەش لایەنێکی نالۆجەیکییە لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینەی پێکهاتەی دەقە ئەدەبییەکاندا ناگونجێ.

٢- مێژوو ڕێکخەرێکی تەواو نییە بۆ باسکردنی لایەنە شاراوەکانی هێمای وشەی نێو دەقە ئەدەبییەکاندا، بۆیە مێژوو نابێتە ڕاڤەکردنێکی باش بۆ ئەدەب وەک چۆن هەندێ جار بونیادگەری ئاماژەی بۆ دەکات.

٣- ئەو دوو چەمکەی چێژی دەق و خۆشی دەق، کەوا ڕەخنەی بونیادگەری ئاماژە بۆ هەبوونی دەکات لە نێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەقدا جۆرە هاوبەشییەکی سروشتییە لە ڕاستیدا وەکو جۆرە وەهمێکە ئایدیۆلۆژیاییە هەرچەندە خاوەن هەندێ ڕەهەندی لۆجیکییە.

٤- هەواڵەکانی ڕابەرانی ڕەخنەی بونیادگەری بۆ سوود وەرگرتن لە هەردوو تیۆری مارکسییەت و دەروونشیکاری فرۆید نەیتوانیوە قەوارەیەکی تازە بە سروشتی بیروبۆچوونی ئایدیۆلۆژیای نێو ڕێبازی ڕەخنەی بونیادگەری ببەخشێت، چونکە ڕەخنەی بونیادگەری ئەو ڕێبازە ڕەخنەیەیە لە بونیادی دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە.

وەکو وتمان سالانی ١٩٥٥-١٩٦٥ بە سالانی زێڕینی ڕێبازی بونیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەورووپیدا دادەنرێت، چونکە لەو سالانەدا ئەم ڕێبازە نەشونمای کرد و زیاتر زەمینەی بۆ خۆی خۆشکرد و توانی کار لە عەقڵ و ڕۆشنبیری ئەورووپی بکات. پاش سالانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو وردە وردە ئەم ڕێبازە مەیدانی چۆڵکرد بۆ هاتنە کایەوەی هەندێ شەپۆلی ڕەخنەی تازەتر، کەوا ئەم جۆرە دیاردانە لە کەلچەری ئەورووپی

رۆر بە ئاسانی سەرهەڵدەدن، ئێمەی کوردیش ئەوەتا بۆ چەند ساڵێک دەچێت گەردەلوولی ڕێبازی ڕەخنەی بونیادگەری تازە بە تازە پێمان دەگات پاش ئەوەی لە سەرچاوەی خۆیدا لە ئەوروپا چووەتە خانەی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیی خۆیان، هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە ئەوانەی لای خۆمان کەوا لەمەڕ ڕێبازی ڕەخنەی بونیادگەری دەنووسن کەسانێکن جگە لە د. عەلی تایەر بەرزنجی کەوا لەنێو نامەی دکتۆراکەی چەند دەقێکی هۆنراوەی کوردیی خستووەتە ژێر زەڕەبینی پراکتیزکردنی بنەماکانی ڕەخنەی بونیادگەری– خاوەن ئەو هەناسە درێژە نین کەوا پێویستە بۆ پیادەکردنی شەنگستەکانی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە لەسەر دەقە ئەدەبییە کوردییەکاندا، بەڵکو زیاتر هەوڵدەدەن هەندێ زانیاری لەمەڕ ئەم ڕێبازە ڕەخنەیە پێشکەش بکەن یا وەربگێڕن بۆ سەر زمانی کوردی و، ئەو دیاردەیە لە ژمارەی گۆڤارەکانی پڕۆژە و سەراب و ڕەخنەی سەردەم و پاشکۆی ڕەخنە چاودێر کەوا تایبەتن بە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی هەروەهاش ئەو بابەت و لێکۆڵینەوە بڵاوکراوانە لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری ڕۆشنبیری، هەرچەندە ئەوەی زیاتر خزمەتی ئەدەب و ڕەخنەی هاوچەرخی کوردی دەکات ئاوێتەکردنی هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکردنی شەنگستەکانی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە بەسەر جەستەی هەندێ دەقی ئەدەبیی کوردیی هەڵبژێراوە.

ئێمە نابێ نکۆڵی لەوە بکەین کەوا ئەقڵی خوێنەری کوردی هاوچەرخمان ئەوەندە ئامادە نییە بە ئاسانی بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە وەربگرێت، چونکە بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە ڕەخنەییە پێویستمان بە شڵەقاندنی گۆمی بیر و هزری ڕۆشنبیری کوردی هاوچەرخمان هەیە کەوا تا ئێستا جۆرە پابەندییەک بە هەندێ بیرو بۆچوونی کۆن زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری خوێنەر و ڕۆشنبیرانی کوردەوە... بۆ نموونە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە پاش ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ هەندێ خاوەن قەڵەمی ڕەخنەیی توانیان گۆڤاری (پڕۆژە) دەر بکەن و بۆچوونی بنیادگەری خۆیان لەمەڕ هەندێ دەقی ئەدەبی٥ کوردی دەربخەن یا چەند لاپەڕەیەک لە سروشتی ئەم ڕێبازە ڕەخنەییە بۆ خوێنەری کوردی هەڵدەنەوە، بەڵام گۆڤارەکە لەبەر چەند هۆیەکی مەعریفی و ئابووری نەیتوانی بەردەوامی خۆی بنوێنێ و، ئەوەی مایەوە خۆشحاڵییە هەندێ گۆڤاری وەک ڕامان و پەیڤین و گەلاوێژی نوێ و کاروان و بیاڤ) توانیویانە ببنە هاندەرێکی باش بۆ بڵاوکردنەوەی هەندێ نووسینی ڕەخنەیی لەمەڕ ئەم ڕێبازە.

بەداخەوە خەوشی سەرەکیی ئێمەی ڕۆشنبیرانی کورد ئەوەیە زۆر بەدواکەوتوویی لە

هەواڵنامەی کتێب

ڕووی سەرهەڵدانەوە هەوڵدەدەین لاسایی هەندێ ڕێبازی ڕەخنەی ئەدەبیی جیهانی بکەینەوە، بەڵام لەبەر بارودۆخی ڕۆشنبیری هاوچەرخمان تا ئێستا نەمانتوانیووە دابو نەریتی بەردەوام و گونجاو لە نووسینە ڕەخنەییەکانماندا ڕەچاو بکەین، کەوا زیاتر سیمای نەفەس کورتی و میزاجی بە نووسینەکانمانەوە دیارە و زیاتر بەبێ ئاگا لەخۆیی هەواڵەکانمان دەچێتە نێو خانەی چاولێکەرییەوە نەک لاساییکردنەوە، چونکە هەموو ڕێبازێکی ڕەخنەیی بەبێ پیادەکردن بەسەر دەقێکی ئەدەبییەوە دەبێتە جۆرە تابلۆیەکی ڕەخنەیی سەرنجڕاکێش بەسەر دیواری مەعریفەتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری خاوەن قەڵەمە ڕەخنەییەکانمان زیاتر هەوڵ دەدەن لایەنی تیۆری ڕێبازی بونیادگەری بۆ خوێنەری کورد بخەنە ڕوو بۆیە کارەکەیان زیاتر دەچێتە نێو خانەی کۆکردنەوە و چاولێکەرییەوەو ئەوسا ڕەخنەگری کورد ناتوانێ کەسایەتی تایبەتی خۆی دەربخات، کەوا ئەم جۆرە لایەنە پێویستی بە پیادەکردنی تیۆری ڕەخنەکەیە نەک تەنیا خستنەڕووەکەی. ئاشکراشە داهێنان زۆرجار لە بواری لاساییکردنەوە سەرهەڵدەدات و داهێنان لە چاولێکەریدا هەمیشە دەتەپێ و ناتوانی سەر بەرز بکاتەوە، بۆیە هەوڵی ڕەخنەیی بونیادگەری کوردی بەلامانەوە جۆرە هەوڵێکی لاوازە و ئەوەندە بەسوود نییە، بەڵام دەلوێ لەم ڕێبازە ڕەخنەییە گرنگی بونیادگەری دەربکەوێت وەک ڕێبازێک زیاتر لە گۆشەنیگای زمانەوە بەسەر جەستەی دەقی ئەدەبیی کوردی بەتایبەتی هۆنراوەی کۆن و نوێی کوردی پیادە بکرێت ئەگەر بە تەواوی لە شەنگەستە و هەلومەرجە هونەرییەکانی ئەم ڕێبازە تێگەین.

هەروەها بە هۆی ڕەخنەی بونیادگەرییەوە دەتوانین نەک تەنیا دەقە تازەکانمان بخەینە ژێر زەڕەبینی ڕەخنەی بونیادگەرییەوە وەک چۆن ڕەخنەگرانی ئەم ڕۆژگارەمان هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵکو دەتوانن چەندین دەقی کلاسیکی کوردیش بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەی بونیادگەری، چونکە لایەنی کات مەرجێکی سەرەکی نییە لە جیهانی ڕەخنەی بونیادگەریدا، هەروەها بە هۆی ئەم ڕێبازەوە ڕەخنەگرانمان دەتوانن نەک تەنیا بینای گشتیی دەق، بەڵکو دەتوانن لایەنەکانی زمانەوانی و دەروونیی ناوەوەی دەقە کوردییەکانیشمان بۆ شی بکەنەوەو، ئەوسا زیاتر مەزنی ئەم ڕێبازەمان بۆ دەردەکەرێ.

ئەگەر بەپێی بۆچوونەکانی بارت ئاوڕێک لە ڕەوتی ڕۆشنبیری و ڕەخنە کوردیمان بدەینەوە دەتوانین بڵێین تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی خۆمان زیاتر خەمی چێژی دەقیان بوو، هەروەها زۆربەی هەرە زۆری

خوێنەرانی کورد زیاتر خەمی خۆشیی دەقیان بوو چونکە بە ڕێژەیەکی زیاتر عەودالّی خوێندنەوەی دەقە هۆنراوەییە کلاسیکییە کوردییەکان بوون، هەرچەندە خۆشیی دەق لە دەقی نوێ و هاوچەرخیش بەدەست دەهێنرێت.

لە سەرەتای سالانی حەفتاکان تا ئەم ڕۆژگارەماندا هەندێ خاوەن قەڵەمی تازە لە ڕەخنە و ئەدەبی کوردیی هاوچەرخمان پەیدابوونە هەوڵدەدەن گۆمی ئەدەبیمان بشڵەقێنن تا ئایدیۆلۆژیای میسالی یان ماتریالیزمی بەزۆرەملێ نەبێتە مۆتەکەی سەر دڵی نووسین و خوێندنەوەمان و، لە سالانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرە بەرە پەنجەرەیەکی تازە بەسەر جیهانی ڕەخنە و خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی کرایەوە و، ئومێدیشمان گەورەیە کەوا ئەو خاوەن قەڵەمانە لە هەردوو بواری ڕەخنەی بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوە بتوانن چەندین لایەنی شاراوەی دەقی ئەدەبیی کوردیمان بۆ بخەنە ڕوو لەڕێی پیادەکردنی شەنگستەکانی ئەم دوو ڕێبازە ڕەخنەییە و ئەوسا دەتوانین بڵێین ڕەوتی ڕەخنەی کوردیی هاوچەرخمان گەشەیەکی ڕاستەقینەی بە خۆیەوە بینیوە و، ئەوسا دەتوانین نووسینەکانی چەند نووسەرێکی وەک شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و سەلاح عومەر و صباح ڕەنجدەر و محەمەد باوەگر و چەند نووسەری دیکە بکەینە بەڵگەی هەبوونی نووسەرانی خۆشی بەخش لە ئەدەبی کوردیی هاوچەرخدا، هەروەها نووسینە ڕەخنەییەکانی مەریوان قانع، ڕێبین ڕەسووڵ و ڕێبین هەردی و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و نەجات حەمید و ئازاد دارتاش و ئازاد حەمە و ئازاد خدر و چەند ڕەخنەگرێکی ئەم ڕۆژگارەی ڕەخنەی کوردی بکەینە بەڵگەی هەبوونی خوێنەری زیرەک و لێهاتوو لە ڕووباری گەڕان بەدوای خۆشی دەق و خستنە ڕووی ئەم لایەنە شاراوەیەی دەقی ئەدەبی کوردی هاوچەرخمان بۆ خوێنەری کورد.

باس

سمکۆ محەمەد

Method

# خوێندنەوە بە میتۆد



وەهمی خوێنەری یەکەم لە گومانی خوێنەری دووەم



هەواڵنامەو کتێب

میتۆد چییە ؟ ئێمە بۆچی خۆمان ئالودەی میتۆد کردووە تاکو رەخنە بگرین؟. جیاوازی لە نێوان خوێندنەوە بەمیتۆد و رەخنەی بەبێ میتۆد لەکوێ دایە؟. ئایا بەبێ میتۆد دەتوانین دەقێک بخوێنینەوە یان رەخنە بگرین ؟. چ خوێنەرێک میتۆدێکی فکریی بەسەر دەقێکدا پراکتیک کردووە و گەیشتبێتە راستییەک. کە ئەو دەقە کراوەیە یان داخراو. هەموو ئەم پرسیارانە دەمانخاتە بەردەم واقیعێکەوە کە چۆن بتوانین بەمیتۆدی هێرمۆنتیکی دەق بخوێنینەوە. لە کاتێکدا هێرمۆنتیکا بۆچونی جیاواز و موناقەشەی جیاوازی لەبارەوە کراوە. هەڵبەت قسەکردن لەسەر میتۆد شتێکی ئاسان نییە. چونکە بەمەسیرەیەکی مێژوویی‌دا تێپەڕیوە و لقی جیاوازی لێ بووەتەوە. بۆ نموونە میتۆدەکاتی ئەفلاتون بۆ پەروەردە. ئەرستۆ بۆ سیاسەت. ئەرخەمیدس و باسکاڵ بۆ یاسا فیزیکیەکان. نیوتن بۆ کێشکردنی زەوی. دیکارت بۆ تاکگەرایی. ماکس فیبەر بۆ سۆسیۆلۆژی. هانس جۆن گادامیر و پۆل ریکۆر بۆ هێرمۆنتیکا و بارت بۆ شیتەڵکردنی ئەدەب. میشیل فۆکۆ بۆ بونیادگەری و دریدا بۆ شیتەڵکاری فراوان و هتد... هەر یەک لە شوێنی خۆیدا جێکەوتە بوون لەنێو کایەکاندا کاریگەری خۆیان دانا. ئەگەرچی هەموو ئەمانە لە زەمەنی خۆیدا نامۆ بوون. بەڵام دواتر نەک هەر لە پرۆسەیەکدا پراکتیک کرا. بەڵکو بۆ ژیانی ئاسایش کەڵکی لێ وەرگیرا. لە کاتێکدا خودی میتۆدە فکری و فەلسەفیەکان لە بەرانبەر پرسیاردان. تا ئەو جێگەیەی هەندێ جار دەچنە خانەی سەفسەتەبازی و گەمەی زمانەوانییەوە..

بەهەرحاڵ کاریگەری ئەو میتۆدانەی کە تاکو سەدەی بیستەم. ڕەوتی جیاوازیان وەرگرت و بەردەوامیان هەبوو. ئاسۆی فەلسەفەیەکی نوێی بۆ خودی مەعریفی و بابەتی مەعریفی خوڵقاند. ئاسۆیەک کە ئینسان خۆی بیری مەعریفە بکات نەک مەعریفە بەبیرکردنەوەیەکی کۆنکریتییەوە خۆی بسەپێنێ. ئەگەرچی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت. بونیادگەرەکان ئەوەندەی مەهامێکی سیاسییان هەبوو بۆ خوێندنەوەی فکر. ئەوەندە کارێکی ئارەزوومەندانەی ئەبستراکت نەبوو بۆ هەر کایەیەک. بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا کە دیدگایەکی نوێی خوڵقاند. ئەوە بوو جهانبینی بۆ چێژ وەرگرتن لە کولتوورە جیاوازەکان بەتایبەتی زمان. هەرچی زیاتر فراوانتر کرد. ڕەوتی بونیادگەرەکان یەکێک لەو ڕەوتە فکرییانە بوو کە شێوازی خوێندنەوە و هێرمۆنتیکای دەقی بە ئاراستەیەکی تردا گۆڕی. ئاراستەیەک کە دەقی لە تێڕوانینە ئیدیۆلۆژیەکان رزگار کرد. ئەو تێڕوانینەی کە لەنێو دەقدا داوای گوتاری سیاسی دەکرد. گۆڕا بۆ گوتاری ستایکی. ئەمەش بۆ خۆی دابڕانێکی

ئەپستمۆلۆژی بوو لەنێو هەموو کایەکاندا. بەتایبەتی لەنێو کایەی ئەدەب و هونەر. گادامیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هێرمۆنتیکا. دابەشی سەر سێ قۆناغ دەکرێ. ئەویش چەمک و شیکردنەوە و تێرامانە. هیچ کام لەم قۆناغانەش بەشێک لە پرۆسەی تێرامان جیاناکاتەوە و سەرەنجام یەک شتن. هەرچی پۆر ریکۆرە هێرمۆنتیکای کلاسیکی و نوێگەری لە یەکتر جودا دەکاتەوە. مەبەست لە هێرمۆنتیکای کلاسیکی. ماناگەری و تایبەتمەندێتی ژیانی دەقنووسە. بەپێچەوانەی هێرمۆنتیکای نوێگەری کە کار لەسەر ستاتیکای زمان و دیوی ناوەوەی دەقدا دەکات. (نصر حامد أبوزید) لە کتێبی اشکالیة القراءة والیة التاویل دەڵی" دەق بریتییە لە ئەزموونی ژیانی مەوزوعی نەک ئەزموونی ژیانی خودی دانەر کە تێیدا ژیاوە" بەو مانایەی کە دەقنووس لەسەر وەختی خۆیدا دەقەکەی نرخ پەیدا دەکات. چونکە ئەو ئەزموونی قۆناغی کۆمەڵگەکەی دەکاتە کارێکی زەینی. بۆ نموونە ئەگەر شکسپیر لە قۆناغێکی تردا ژیابا.رەنگە بەو شێوەیە بەرهەمەکانی خۆی نەکردایەتە ئەلگۆیەک بۆ خوێنەرانی خۆی. دیکارت بەهەمان شێوە ئەگەر لەو قۆناغەدا نەژیابا. رەنگە هێندە باسی لەتاکگەرایی نەکردبا. ئەمانە بەشێکی زۆر گرینگن لەو هۆکارانەی کەدەقنووس ناچار دەکەن بە دیدگایەک بنووسن کە گروپە کۆمەڵایەتیەکان بەدوایدا دەگەڕێن. ئەمەش ئەو بەڵگانەن کە توێژینەوە سۆسیۆلۆژیەکان سەلماندوویانە. ئەلێرەوەیە تێ دەگەین

هەواڵنامەی کتێب

کەمیتۆد چ کارێکی کردووە بۆ ناسینەوەی زەین و پێکهاتەی کۆمەڵگە کە دەقنووس هەستی پێ کردووە. بوونی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبیات. گەڕانە بەدوای ئەو کارتێکەرانەی کە لەمێشکی کارتێکراودا جێکەوتە بوون. مەبەستم ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەیە کە دەقنووس لەسەردەمێکدا مەحکومە پێی. یان ئەو فاکتە گرینگانەی کە بابەتی توێژینەوە و شرۆڤە دەخوڵقێنن. بەڵام شرۆڤەکارانی سۆسیۆلۆژیا بەڕوویەکی تردا تەماشای دەق دەکات. نموونەی خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی فرۆید بۆ کارە هونەریەکانی لیۆناردۆ داڤینشی. شرۆڤەی مارکس بۆ بەلزاک و نیچە بۆ ئەخلاق و هتد...

ئێستا پرسیاری ئێمە لێرەوە دەست پێ دەکات. بۆ ئەدەبی کورد کە کار لەسەر دەقێکدا دەکات میتۆدێکی دیاریکراو پراکتیک ناکات؟. بۆچی خاوەن ئەم پیشە فکرییانە فلتەرێکیان نییە بۆ ئەو جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ دەق؟. رەخنەگری کورد لە کوێدا و لەسەر کام دەقی ئەدەبی مردنی دەقنووسی لە بەرانبەر مردنی میتۆد ڕاگرتووە؟. کامیان لە

بەرانبەر ئەویتردا زیندووە و یەکێکیان دەکاتە قوربانی ئەویتر. بۆچی دەبێ رەخنەگرتن لە دەقێکی خۆماڵی و لۆکاڵی و کوردی زمان. لە ژێر پەراوێزی چەمکێکدا بکەینە ریسایەکی نموونەیی ؟. ئەگەر بەهانەیەکی حازر بەدەست نەبێ بۆ ئەو خوێنەر و ڕەخنەگرانەی. کە دونیا بینییان کورترە لەوەی بتوانن لە دەرەوەی جوگرافیا و رۆمانسییەتدا. بەرگری لە ئاستی رۆشنبیری خۆیان بکەن. تەنانەت بۆ شاعیرانی کلاسیکی وەک نالی و مەحوی و مەولەوی و حاجی قادری کۆیی. چونکە ئەگەر بەشێک لەو شرۆڤانە بۆ دۆزینەوەی ستاتیکا بێت لەنێو دەقەکاندا. بەشێکی زۆری ئەو هەوڵەیە کە بەدوای گوتاری ناسیونالیزمیدا دەگەڕێ. گوتارێک کە نۆستالیژیا لە مانەوەی خۆیدا دەبینێتەوە. بەپێچەوانەوەی خەمی رۆشنبیری کە یەکێکە لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندکردنی مەعریفە..

بۆ ئەوەی بیانوویەک بۆ ئەم نووسینە بهێنمەوە و قسەیەک لەسەر رەخنە بکەم. وەکو ئەوەی رەخنە لە ڕەخنە بگیرێ. دەمەوێ ئەو زانیارییە بەدەستەوە بدەم کە بەر لەوەی ئەدەبی کوردی. وەکو نەخۆشییەکی رۆشنبیری توشی بووبێت. ئەم جۆرە نەخۆشییە کە گوایە بەمیتۆد کار لەسەر دەق دەکرێ. پێشتر تووشی ئەدەبی عەرەبی بووبوو. هەروەک چۆن هاتنی چەمکە فکرییەکانی وەکو (وجودییەت و ریالیزمی واقیعی و دەقاوێزان و هێرمۆنتیکا و هەڵوەشاندنەوەگەرایی و هتد) بەناکاملی هاتنە نێو دونیای ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی. بۆیە هەوڵ دەدەم پاساوەکانی خۆم لەمەڕ خوێندنەوەی دەق. بەگریمانەوە بلکێنم و کاریان لەسەر بکەم..

سەرەتا لەوێوە دەست پێ دەکەم. گریمان بەبێ میتۆد ناتوانین دەقێک بخوێنینەوە. یاخود رەخنەی دەقێک بکەین. لەحاڵێکدا کە ئێمە لەبەردەم چەندین میتۆدی جیاوازدا راوەستاوین. بۆ نموونە میتۆدی سایکۆلۆژی. میتۆدی ئینترۆپۆلۆژی. میتۆدی ئەخلاقی و میتۆدی فینۆمینۆلۆژی و سیمۆلۆژی و هتد.. وەختێک دەبینین بەبێ ئەم میتۆدانە ناتوانین دەقێک شیتەڵ بکەینەوە. ناشتوانین مانایەکی تەواو بەو ڕەگەزانە بدەین کە جەستەی دەقیان خولقاندووە. ئەم ئیشکالیاتە کە بەشێکە لە دەستکەوتی زانستی ئەدەبی. ئەو ئاستەنگە دروست دەکات کە جیهانبینی ئێمە بۆ دەق ناکام دەهێڵێتەوە. بەو مانایەی کە لەجیاتی ئەوەی بچینە نێو جەنگی هەقیقەتەوە. بەپێچەوانەوە دەچینە نێو هەقیقەتی جەنگەوە. یەعنی تووشی وەهمی خوێندنەوە دەبین. وەهمی خوێندنەوەش ئەو دەقە بچووکانە گەورە دەکات کە پشت بەگەورەکردنی دەق دەبەستن. مەبەستم ئەو دەقانەیە کە هیچ رەهەندێکی فکرییان تێدا بەدی ناکرێت نەک دەقە کلاسیکییە کوردیەکان. لۆسیان

گۆڵدمان دەڵێ " رەخنەگر دەبێ لە سەرەتادا شیکارییەکی دەروونی بکات و لە قۆناغی دووەمیشدا شرۆڤەی دەرەکی بکات. هەروەها بەرهەمەکە لەگەڵ جیهانبینی گروپە کۆمەڵایەتییەکان راڤە بکات" دواتر گۆڵدمان ویستویەتی خوێندنەوەیەک بۆ ( سان ژۆن پێرس) بکات و دەڵێ "من تەنیا شیعرێکی سان ژۆن پێرسم شرۆڤە کردووە. ئەگەر بمەوێ میتۆدی خۆم لەسەر ئەم شیعرە بەکار بێنم. پێویستیم بەلیژنەیەکی ٥ کەسی و ٥ ساڵ کات هەیە" کەچی خوێنەرێک دێت و ماف بەخۆی دەدات. ڕەهەندی جۆراو جۆر و دیمەنی جۆراو جۆر بە دەقێک دەبەخشێت. بەبێ ئەوەی هیچ پێوەرێک بۆ ستاتیکای دەق ئامادە بکات. نموونەی ئەو جۆرە خوێندنەوانە زۆرن لە دنیای ئەدەبی کوردی. هەر ئەوەی کە دەبینین دەقێکی ساردوسڕ وەک جەستەی مردوو. دەکرێتە دەقێکی زیندووی پڕ مانای کراو. لە بەرانبەریشدا چەندین دەنگی نوێ سەریان هەڵداوە. کەچی خوێنەرێکی بەئینساف نییە شتێکیان لەسەر بنووسێ. بەڵام لەولاوە کەسێک دێت وەکو خوێنەرێکی جددی لەسەر دەنگی کەسانێک کە بوونەتە ناو. خۆی نمایش دەکات. بەبێ ئەوەی خوێنەر پێشوەختە پێمان بڵێت بەرمەبنای فلان میتۆد. ئەو دەقە ناچاری کردووم خوێندنەوەیان بۆ بکەم. یاخوود فلانە میتۆد دەتوانێ جەستە یان ڕەهەندەکانی ئەو دەقە. لەنێو جوگرافیای ئەدەبیدا دیاری دەکات. ئەمە لە کاتێکدا هەر خوێندنەوەیەک کە بۆ دەقێکی لۆکاڵی کوردی زمان کرابێت. نەیتوانیوە دروست ئەو مانایانەمان پێ ببەخشێت کەمیتۆد دەیسەلمێنێ. بۆ نموونە ئەو جۆرە خوێندنەوانەی کە بۆ دەقەکانی (لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی و کەژاڵ ئەحمەد و دڵشاد عەبدوڵڵا و هاشم سەڕاج) لە شیعردا. بۆ چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن و سیامەند هادی و عەتا محەمەد و سەلاح عومەر و عەبدوڵڵا سەڕاج و جەلیل کاکەویس و هتد) کراون. من لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی بەدحاڵی بوون نەیات. گومانم لە قودرەتی ئەو ئەدیبانە نییە. بەڵام گومانم لە قودرەتی ئەو خوێنەرانە هەیە کە خۆیان لەقەرەی ئەو دەقانە دەدەن کە کەڵک لە ناوی هەندێ لەو دەقنووسانە دەبینن. چونکە لە دەستپێکی خوێندنەوەکەدا دەبینرێ کە خوێنەر ئەساسیاتی دەقێکی تری داناوە کە بە ئیقتیباس کاری لەسەر کردووە و لەسەر دەقی یەکەم پراکتیکی دەکات. لێرەدا ناچار دەبین ئەو ئەخلاقیاتە بکەینە پێوەر. هەم بۆ خوێندنەوەی دەقێک کە بە میزاج دەکرێ. هەم بۆ لەسەر نووسین کە بووەتە شتێکی باو. ئەمە ئەو قەیرانەیە کە ڕەنگە لەهەر ئەدیبێک بپرسی بەخاتری مەنفەعەتی خۆی. وەڵامێکی کۆنکریتیت نەداتەوە. چونکە ئەدەبی کوردی بەرلەوەی لە قەیرانێکی درێژخایەنی خوێنەردا بێت. لە قەیرانێکی

درێژخایەنی ڕەخنەگر و خوێنەردا دەژی. بۆیە لە ئاستی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆمانسییەت و مەحسوبیەتە جۆراو جۆرەکاندا قەتیسی گرتووە..

لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە (د. صلاح الفضل) پێی گەیشتووە. وەختێک باس لە ئیجرائاتی شیکاری دەق دەکات. ئەو دەڵێت "پرۆسەی ڕەخنەیی بەدەقی ڕەخنەکراو کۆتایی دێت. ناکرێ هەمان پرۆسە بەشێوەیەکی حەرفی لە دەقێکی تردا دووبارە بکرێتەوە. سا با میتۆدەکە توندوتۆڵیش بێت". چونکە ئازادی ڕەخنەگر یان باشتر بڵێم خوێنەری دەق. لەوێدا زاڵ دەبێت کە بە پێی میتۆدێک کار دەکات بۆ خۆی قەناعەتی هێناوە. نەک ئەوەی کە ئێمەی خوێنەری دووەم قەناعەتمان پێی هەیە. ئەمە ئەو کاتە باشتر دەبینرێ وەختێک هەردوو دەقەکە بخەینە بەر میکرسکۆبێکی وردبین. هەروەک چۆن بەکتریایەک بەچاو نابینرێ. بەڵام لە ژێر چاوی میکرۆسکۆبدا . نەک هەر خۆی بەڵکو سوڕی ژیانیشی دەبینرێ. ئاوهاش میتۆدێک هەیە ڕەوایەتی بەکردەی بەراوردکاری دەدات. بەراودکارییەک کە لە ئەدەبی بەراودکاری کلاسیکی جیاوازە. چونکە ئەم بەراوردکارییە بۆ دەقێک نییە بەرانبەر دەقێکی تر. بەڵکو بۆ خوێندنەوەی دەقێکی وەرگیراوە کە دەیەوێ پاڵەوانێکی ئەدەبی بخولقێنێ. کەوابوو دەتوانین بڵێین ئەمە ئەو جۆرە بێ ئینسافیەیە کەئیشکالیاتی بۆ خوێنەری دووەم خولقاندووە. لەمەش خراپتر ئەوەیە کەخوێنەر دووجار چەواشە دەکرێ. یەکەم دەقێک پیرۆز دەکرێت کە میزاج و پێوەندی و ئینتیماییە. دووەم بتێک دروست دەکات کە خوێنەری یەکەم دەکاتە کۆیلەی ستایلێک کە ستایلێکی باوە. یاخود ئەگەر ناهەقی نەکەم هەندێ جار دەق دەبینین بەبێ ئەوەی هیچ موقەوەماتێکی فکری لە پشتەوە بێت. بەزۆر موقەوماتی بۆ دروست دەکرێت و دەکرێتە دەقێکی کراوە. لەولاشەوە میدیاکان تووشی جۆرێک لە ناچاری دەکات کە لە میدیای چەواشە بەولاوە هیچی تر بەرهەم ناهێنێ..

* ئەو پرسیارە شەرمنەی کە بۆ خوێنەرە و پێشتر دەبوایە بکرایە. ئەو پرسیارەیە کە لە خوێندنەوەی دەقێکدا دروست دەبێت. وەختێک کە خوێنەرێک دەبینین وەک ئەوەی فێڵ لە ئێمە بکات بە نیازی خۆی پشتی بەمیتۆد بەستووە و مافی تەواوی داوە بە دەقێک. ئەو کاتەیە کە داوای لێ دەکەین بەرگری لەو میتۆدە بکات کە پراکتیکی کردووە. ئەو ئەخلاقیاتە بپارێزێ کە وەک پێوەرێک بەکاری هێناوە. ئەمە ئەو دادگا عادیلانەیەیە کە تای تەرازووی هەردوو دەقی یەکەم و دەقی دووەم. وەک یەک تەماشا دەکات و مافی خۆیانی دەداتێ. ئێستا ئیتر پرسیاری بێ وەڵامی من لەو خوێنەرانە ئەوەیە. بۆچی خۆیان کردووەتە فتوادەر

و دادوەر و خۆیان دووچاری میتۆد کردووە ؟. ئایا ناکرا راستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکەن. لە بری ئەوەی پشت بەمیتۆد ببەستن ؟. لەحاڵێکدا ئەگەر موناقەشە لەسەر میتۆد بکەین. کەم دەقمان چنگ دەکەوێ لە ژێر میکرسکۆبدا خۆی ڕابگرێ. ئەم جۆرە خوێنەرانە چ مەبەستێکیان هەیە لە بەکارهێنانی میتۆد ئەگەر باگڕاوندی مەعریفییان تۆکمە و پتەوە. ڕەنگە ئەو جۆرە خوێنەرە ئەو کات بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن. پەنا بۆ ئەو میکانیکە بەرن کە گوایە شیکارکردنی دەق. یاخود ئاخنینی بۆ نێو سەرچاوە مەعریفیەکان. جۆرە سەرسام کردنێکی دەقنووسی دووەمە. بەڵام نازانن بەم کارەیان هەم پرۆسەی خوێندنەوە دەخەنە بەردەم گومانەوە. هەم خەسڵەتی دەقیش لەبێ توانیاییدا ڕزگار ناکەن. سەرەنجام ئەو توندڕەوییەی لێ بەرهەمدێت کە لە سایکۆلۆژیای نووسیندا کەمتر دەبینرێ. مەبەستم لە سایکۆلۆژیای نووسین. ئەو دەقەیە کە بۆ دەقێکی مردوو لەگەڵ دەقی پێشووتر جیاوازی هەیە. ئەو خوێنەرانەی بەخاتری دەرکەوتنی ئاستی تێگەیشتنی خۆیان. خوێندنەوە بۆ دەقێک دەکەن کە بەرلەوەی مەهامیان ڕازی کردن و دەوڵەمەند کردنی ئەدەب بێت. مەهامیان ڕازی کردنی دڵی ئەو دەقنووسانەیە کە لە دونیای لۆکاڵی ئەدەبی کوردیدا بوون بە ئەستێرە. ئەو ئەستێرەیەی کە ڕووناکی ڕاگەیاندنی مەبەستداری لێ بسەندرێتەوە. نەک هەر ناخوێنرێنەوە. بە پێچەوانەوە خاڵی دەبنەوە لەو هەموو وەهم و تێڕامانەی کە بۆی کراوە. هەروەک چۆن ئەستێرەیەک لە نیوەڕۆدا دەرکەوێت. ئەو ڕووناکاییەی نییە کە لە شەودا هەیەتی. نووسین و خوێندنەوە لەسەر دەقێک. مانای کاریگەری و سەرسامبوونی خوێنەرە نەک میزاج. بڕوانە ئەدۆنیس وەختێک سەردانی ئەمریکا دەکات و دەچێتە نیۆیۆرک. لەنێو هەموو ئەو ئەدیبانەی کە دەنووسن تەنیا ناوی واڵت وایتمن دێنێت. چونکە بە بڕوای ئەدۆنیس تەنیا واڵت وایتمن توانیویەتی ڕوخساری نیۆیۆرک ئاشکرا بکات. بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئەو کات شەڕی ڤێتنام و ئەمریکا لە ئارادابوو. شەڕی سڕینەوەی ئەتنیک رەگەز و چینەکان لە ئارادابوو. بەڵام واڵت وایتمن راستگۆیانە مامەڵەی لەتەک ڕەوشە سیاسیەکە کردووە لەنێو ئەدەبدا . نەک ئەوەی تەنیا ڕوخسارە جوانەکەی نیۆیۆرک پیشان بدات..

باشە ئەو هەموو ئەدیبەی کورد. بۆچی نەیانتوانی ڕوخساری ڕاستەقینەی کوردستان وەک خۆی ئاشکرا بکەن. لە کاتێکدا کوردستان و ناوچەکە. بەقۆناغی زۆر دژوار و نائارامدا تێپەڕ دەبوو. بەپێچەوانەوەی ئەوەی کە لە رێگای ئەدەبەوە ناڕەزایی دەردەبڕن. لایەنگیرییان لە هێزێک دەکرد و دابەشی سەر دوو بەرە بووبوون. یان بێ دەنگییان

هەڵدەبژارد نەک لە شێوەی مانگرتن. بەڵکو خۆیان بە ئەدەبی لاوەکییەوە خەریک دەکرد. بە بیانووی ئەوەی ئەدەب کاری بەسەر سیاسەتەوە نییە. ڕەنگە خوێنەرێک بپرسێ بەباکردنی ئەم کایە کۆنە لە پای چی. بەڵام ڕاستیەکەی من لێرەوە کەبێ ئینتیمایی و بێ لایەنی خوێنەری کورد کەمتر دەبینم. بۆیە ئەو پێوەرە بەکار دێنم کەسیاسەت ڕەنگ ڕێژی کردووە. دواتر لەنێو کایەی ئەدەبدا هەستی پێ دەکرێ. هەروەک چۆن هەڵسەنگاندنی دەق لە فیستیڤاڵە حیزبیەکان. بەهەمان پێوەرە کە جۆرێک لیژان دروست دەکرێ. ماف بەخۆیان دەدەن دەقی باش و خراپ. دەقی کراوە و داخراو لە یەکتر جیا بکەنەوە کە ماف و توانای کەسانی تر پێشێل دەکات. ئاوهاش ماف بەخۆم دەدەم کە قسە لەسەر فەزای ئەدەب بکەم کە چۆن بە ناڕاستەوخۆ لکێنراوە بە سیاسەتەوە..

گەشەکردنی کایەی ئەدەب. گەشەکردنی فکرە کە دەبێتە پاشخانی ئەدەبی. ئەمە دەڵێم پشت بەو جیهانبینیەی هیگڵ دەبەستم کە بۆ ڕوح هەیبوو. لەوەش داوەتر کە تەرحی مەسەلەی زەمەنی کرد لە بەشێکی تایبەت بە فەلسەفەی سرووشت. یاخود مەسەلەی ڕوحی بە دیالیکتیکەوە. لە کاتێکدا جەوهەری هێرمۆنتیکا بچووک کراوەتەوە لە نەفی نەفی. ئەوەش کە پێوەندی دیالیکتیکی مادیش دروست دەکات لەلای مارکس. ئەو جیاوازییە مادیەیە کە بۆ ژیان و گەردوون هەیبوو. یاخود خوێندنەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەیە کە لەنێو دەقەکانی بەلزاکدا زیاتر ئاشکرابوو. بەو مانایەی کە وێناکردنەوەی ژیان لەنێو دەقدا. گۆڕینی خودی وێنە نا ڕاستەوخۆیانە بۆ ڕاستەوخۆ. ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازە. بریتین لەو نەخشە بەیانیەی کە بۆ خوێنەر ئامادە دەکرێ. ڕەنگە داواکردنی ڕەخنەگرێکی نموونەیی شتێکی ئەستەم بێت. وەک ئەوە وایە لەم دونیا جەنجاڵەدا کە جیهانگیری بەهای بۆ هیچ شتێک نەهێشتووەتەوە. داوای سوپەرمان بکەین هەروەک چۆن نیچە پێشنیاری کرد. بەڵام دیسان مانای ئەوە نییە کە بەخاتری ئەو فاکتەرە ناواقیعیانەی هەژاری ئەدەبی کوردی پێکدێنن. دەست لەو کارلێککەرانە هەڵگرین کە ڕەخنەی ناوەکی و دەرەکیمان بۆ ئاشکرا دەکەن. بەو مانایەی ئەگەر نووسەر لە ژێر کاریگەری خەیاڵێکدا ڕەسمی واقیع بکات. یاخود زەمینە خۆش بکات بۆ نوێکردنەوەی داستانێکی کۆن. بەستایلێکی مۆدێرن. کەواتە دەتوانێ زەمینە بۆ جۆرە بیرکردنەوەیەکی تر خۆش بکات. کە لە دەرەوەی بیرکردنەوەی باوی کۆمەڵگەیە. ئەگەر ئەم لایەنە وەربگرن لەنێو ئەدەبدا. دەبێ ئەو ڕێچکەیە تەماشا بکەین کە گۆتە لە فاوستا هەیبوو. یاخود دانتی لە کۆمیدیای خواوەند. یاخود سێرڤانتس لە دۆنکیشۆت هەیبوو. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو ئاراستانەی کە لە ئەدەبی

گەلانەوە وەرمان گرتووە. دووچاری ئیشکالیاتی تر دەبین هەروەک چۆن دووچاری ئیشکالیاتی چەمکە فکرییەکان بوون لە سەدەی ڕابردوودا..

بۆ ئەوەی ملکەچی ئەو تڕادیسیۆنانە نەبین کە بەبێ ئارەزووی خۆمان بەسەرماندا چەسپاوە. دەبێ جەنگێک بکەین کە لەسەرشانی ئەدەب وەک کایە و خودی ئەدیب وەستاوە. لێرەوە دەست پێ دەکات. هەروەک چۆن جەنگی سیاسەت لەسەر شانی سیاسیەکان وەستاوە نەک میتۆدی سیاسی..

## کلاسیکیەتی نوسین و رادیکالّیەتی خوێندنەوە

یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی مرۆڤی نا ئاسایی ئەوانەی دەخالەتیان هەیە لەکایە جیاجیاکاندا. ئەوەیە کە نازانن چی دەکەن و چی دەڵێن. بۆچی هاتوونەتە دونیاوە و بۆچی دەڕوات وەک نیشانەیەکی سەرسوڕمان لەم جیهانە پڕ نهێنیەدا. ئەم مەشغەڵەتە لە نووسیندا زۆرترین پانتایی خەیاڵی نووسەر داگیر دەکات. دوالیزمیەتی ئیدیالیستیانەیە لە جەوهەری بیرکردنەوەدا. بەشێکی تری ئەو ئیشکالیاتەیە کە تەمی ڕەسەنایەتی نارەوێنێتەوە. وەختێک دەبینین دەقێک ئەوەندەی لەسەر بیروباوەڕ کار دەکات. ئەوەندە لەسەر ئەو شتانە کار ناکات کە لە دەوروبەری مرۆڤن. ئەوەندە پرسیار لە بوون و نەبوون. سرووشت و دەستکرد. سەنتەر و کەنار و... هتد ناکات. لێرەوە ئەو حاڵەتە سەیرە دەخوڵقێت کە ناتوانین ئەو دوو فەزا جیاوازە لە یەکتر جودا بکەینەوە. فەزایەک کە دەقنووس تێدا دەژی و وێنای دەکات. ئەو فەزایەش کە خوێنەر بەرهەمی دێنێت. دوو حاڵەتی زۆر جیاوازترن لەو جیاوازیانەی کە زمان پێی ڕەوا دەبینێت. ئەم حاڵەتە کە بەهایەکی سەربەخۆی هەردوو کائینەکەیە. واتە نووسەر و خوێنەر. لەو وێنە کۆلاژ کراوە دەچێت کە لە هونەری ئەپستراکتدا هەیە. بۆ ئەوەی شەرعییەت بەفرە تەئویلی دەق بدەین. ئەو کاتەی دەبینین خوێنەرێک دێت و ڕادیکاڵیەتی خۆی لە نووسینێکی کلاسیکیدا نمایش دەکات. هەڵبەت کلاسیک بەو مانایە نا کە شاعیرانی پێشووتر ڕەهبەرایەتییان دەکرد. بەڵکو بەو مانایەی کە جیهانبینییەکی نوێی تێدا نابینرێت. مەبەستم لە لاسایی کردنەو و کاریگەری ئەدەبی گەلان. جگە لەو دووبارە جوینەوەیەی کە باگراوندی فکری شیعری کلاسیکی بوو. بەڵام بەستایلێکی نوێ پەخش دەکرێت. هیچی تر هەست پێناکەین. پرسیاری ئەم باسە کە موناقەشەیەکی بەردەوامە. مەبەست لە ڕادیکاڵیەتی ئەو خوێنەرە چییە کە دەقێکی نا دیار بەدیار دەخات. ئەگەر ڕیکلامێکی دوو جەمسەری نەبێت. ئەگەر

دووفاقییەت و ئیزدیواجییەتی مەعریفی نەبێت. لە حاڵێکدا ڕادیکاڵیزم لەنێو تەواوی کایەکان بەئەدەبیشەوە. سەرکێشییەکە گوێ ناداتە هیچ جۆرە تێڕوانینێکی ڕۆمانسیانە، چونکە لە پەنا ئەم چەمکەدا خۆچڕ کردنەوەی کۆنکریتی لەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەبینین. ئەوەش کە ڕادیکاڵیزم لە فۆرمدا دەبینێتەوە. وەکو ئەوە وایە ژنێک بەجلێکی سفورەوە قەناعەتی بەخورافیات و ئەفسانەکان هەبێت. هەڵبەت هەر ئەو کاتە بۆمان ئاشکرا دەبێت لە نێوان فۆرم و جەوهەردا. چ مەودایەکی بەرین هەیە. خوێنەری ڕادیکاڵیش بۆ دەقی کلاسیکی. لە نمایشکردن و نمایشی دیزاینێک بەولاوە هیچی تر نییە. ئەم خوێنەرە ناتوانێ قەناعەت بەهەوادارانی ئەدەبیات بهێنێ. مەگەر هەر خودی خۆی و دەقنووس قەناعەتی پێبکەن. هەڵبەت ئەم جۆرە خوێندنەوەیە کارێکی هێند مەترسیدار نییە. وەک خوێندنەوەی دەقێکی پیرۆز کراو. یاخود دەقێکی سیاسی کە بەرگریکەری زۆرترە لە دەقێکی ئەدەبی...

## دابڕان و ڕاکردن بەدوای ڕابردوو

ئەو چەمکەی کەمیشل فۆکۆی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. دابڕانی ئەپستمۆلۆژیای گاستۆن باشلار بوو. ئەو ستایلە کارکردنەی کە تەواوی شتەکان بەهەڵگەڕاوەیی خۆیی و کەڵک وەرگرتنێکی ناعەقلانی خستە ژێر پرسیارەوە. یەعنی هەرچی ئەوەی لە بارەی ڕەسەنایەتییەوە. یاخود لە باری کولتووریەوە ئەفسانەکانی زیندوو دەکردەوە. خودی ئینسانی ناچار بەو قەناعەتە دەکرد کە ژیان نابێ لە سکەی خۆی لابدات. هەروەک چۆن شەمەندەفەرێک لە سکەی خۆی لابدا وەردەگەڕێ. ئاوهاش ژیان نابێ لە یاسا سرووشتیەکان لابدا. بەڵام فۆکۆ ئەم تێگەیشتنەی بەئاراستەیەکی تردا برد. ئاراستەیەک کە وازهێنان بوو لە خود و بابەت. بەو مانایەی کە دابڕانی ئەپستمۆلۆژی لە چوارچێوەی دەقەکان و وشە و شتەکان بوو. بۆ نموونە لە کتێبی وشەکان و شتەکاندا دەڵێ "ئەوەی کە لە گۆشەگیریدا قسە دەکات بریتییە لە خودی وشە نەک شتێکی تر" ئەم تێگەیشتنە هیومانیستییە و ڕەنگدانەوەی بەسەر دەقدا. شوێنێک بۆ تێڕوانینی سەقامگیری ناهێڵێتەوە. چونکە دابڕانی ئەپستمۆلۆژی بەردەوامی هەیە و شتێکی ڕێژەییە. خۆی لەنێو تۆڕی بابەتدا دەبینێتەوە. یەعنی ستایلی بیرکردنەوە بۆ دابڕان لە دیاردە کلاسیکییەکانی ڕابردوو. ئەگەرچی کلاسیکیزم بەرمەبنای جۆرێک لە چاوگەکانە. بەڵام ئاشکرا کردنی خاڵی بەهێزتر و خاڵە لاوازەکانیشە. واتە ئەو جفرەیەی کە نهێنی دەقێکی تر ئاشکرا

دەکات. مانای ئەوە نییە کە دەقەکانی ڕابردوو هەڵەبوون. بەپێچەوانەوە ژینالۆژیای بیرکردنەوەیەکە بە ستایلێکی تر. یەعنی بەستنەوەی ئەو هێڵەی کە ناتوانێ بگاتە پنتە نوێیەکان و دەقی نوێ بگەیێنێ..

ئەو دابڕانەی کە دەقی ئێستا ئیدیعای دەکات. بەشێکی زۆری نەک هەر دابڕان نییە و مەعریفەی لەپشتەوە نییە. بەڵکو نغرۆی وەهمێکە و خاڵییە لە گوتاری جیاکاری. یەکێک لەو وەهمەی کە ناوی لە خۆی ناوە دابڕان. ئەو خەسڵەتەیە کە هیچ ئیختیارێکی سەربەخۆی بۆ شتەکان و دیاردەکان نییە. بەو مانایەی کە بتوانێ خوێنەری بەردەوام کۆنترۆڵ بکات. یاخود بتوانێ لە ڕێگای وشەوە شت دروست بکات. نەک ئەوەی دەقنووس لە ژێر فشاری بەرهەمهێناندا شتەکان و دیاردەکان وشەی پێ دروست بکەن. بتوانێ پرسیار دروست بکات. نەک پرسیار دەق دروست بکات. بتوانێ ئاسۆی ئێستا بۆ لەحزەکانی ڕابردوو بگەڕێنێتەوە. نەک ئاسۆی ڕابردوو بۆ ئێستا. ئەم نغرۆبوونە لە نێوان واقیعی ئێستا و وەهمی ڕابردوو. دەقی لاوازی خوڵقاندووە کە تەنیا لەنێو نۆستالیژیادا جێگەی دەبێتەوە. هەر ئەمەشە ئەدەبی کوردی جگە لە کەسێکی وەک (سەلیم بەرەکات) کە ئەویش بەزمانی عەرەبی دەنوسێ. لە قەوارەی لۆکاڵی دەرناچێتە دەرێ. کە وابوو بوونی هەر جۆرە شیکارییەکی تر بەپێی هەر میتۆدێک. هیچ لە فەزای ئەدەبی کوردی ناگۆڕێت و ناتوانێ پردێک دروست بکات لە نێوان ئێمە و ئەوان. بەشێکی زۆری ئیشکالیاتی ئەدەبی کوردیش. بریتییە لە نەبوونی دیالۆگ لە نێوان ئەوی تری بیانی و ئەمی کورد. کە ئەدەیبی کورد خەونی پێوە دەبینێ. بە واقیعکردنی خەونیش گونجاندنی فەرهەنگە. فەرهەنگیش کە لە چوارچێوەیەکدا قەتیس کرا. وەک ئەوە وایە کە کەسێک جلوبەرگی جوانی هەبێت. بەڵام نمایشی نەکات و کەس نەیبینێت. یان کەسێک خوێنەرێکی باش بێت و بەرهەمی نەهێنێت.

دابڕانی ئەپستمۆلۆژی. دابڕانە لە دووبارەکردنەوەی نەریتەکانی پێشوو. نەک دابڕان لە مەعریفەی ڕابردوو. ئەم تێگەیشتنە وەکو ئەوە وایە کە نەوەیەک بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت. نەوەکانی پێش خۆی ڕەت بکاتەوە بە بێ ئەوەی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی هەبێ. ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە مەودایەکی زۆر بڕی کرد کە نەوەکان بەپێی تەمەن کێبەرکێیان پێی دەکرد و لەنێو کایەکانیشدا ڕەنگی دەدایەوە. بەڵام دواجار ئەوە ڕۆشنتر بووەوە کە ململانێی نەوەکان ململانێی مەعریفەیە. ململانێی بەرهەمی فکری و توانای فکرییە. ئەوەش کە زیاتر درکی پێ دەکرا. ئەوەبوو کە ئەم ململانێیە تەنیا لەنێو ئەدەبدا هەبوو. نەک کایەی سیاسەت و فکر کە هێڵی سوور بوو.

## ئەزمونی ئەدەب بەشێک لە ئەزمونی نەتەوە

هیچ قۆناغێکی ئەدەبی کوردی لە قۆناغە هەستیارەکانی سیاسەت رزگاری نەبووە. هەروەک چۆن ئەم واقیعە، ئەدەبی ئەوروپی و عەرەبی و فارسیش بەخۆیەوە بینیویەتی. هەڵبەت جیاوازی گەورەی نێوان خۆرئاوا و عەرەب. بەتایبەت لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا. زیاتر لە تێڕوانینی دەرهەق بەهەقیقەت دەردەکەوت. نەک لە ڕوی فۆڕم و پێکهاتە و دەربڕیندا. یەعنی ئەزموونی ئەدەبی جاهیلی و کاریگەری بەسەر ئەدەبی ئیسلامی و ئیشراقاتەکانی تر کە دواتر بەشێکی زۆر لە نەتەوەکانی ئاسیاشی گرتەوە. شتێکی لەوە ئاسایی تر بوون کە وێکچوونەکان ببینرێن. هەرچی ئەدەبی ئەوروپییە لە دەروونی ئەدیبەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەڵام سەربەخۆییەکەی لە شێوەی گوتار و سێبەری ئاینی مەسیحیدا جێگە کردبووەوە. لە حاڵێکدا کە فەلسەفەی ئەدەب و ئەدەبی فەلسەفی لە ئەسینادا. جیاوازتر لە هەردووکیان ڕواڵەتی خۆی پێشکەش دەکرد. بەهەرحاڵ دەتوانین دوور بکەوینەوە لەو موناقەشە بیزەنتینیەی کە لە باسەکە دوورمان دەخاتەوە.

داریوشی شایگان دەرهەق بەم باسە دەڵێ "ئەزموونی فاوستی گۆتە کە پاشماوەی پرۆمیسۆسی یۆنانییە. تا ڕاوگەی خۆی جێ هیشت. دانتیش جیهانی جوانی لێکهەڵوەشاندەوە و گۆی زەوی بەناوەندی بوونی ئێمە دەزانی و هەتاو و ئەستێرەکانی دیکەی بەدەوردا دەسوڕانەوە. یەعنی چیتر جیهان ئەو سیستمە سێ قاتیەی فیردۆس و زەوی و دۆزەخ نەبوو کە شاعیر قاتە جۆراو جۆرەکانی دەبڕی ڕووبەڕووی پیاوە گەورەکانی ڕابردوو دەبووەوە" لێرەوە لەم تێڕوانینەی شایگانەوە تێ دەگەین کە گرینگی شتە هەسپێکراوەکان لە کوێدان و چۆن ئەدیب ڕەنگرێژی دەکات. ئەدیبی کورد لە هیچکام لەو فەزایانە نزیک نەبۆتەوە کە لە چەمکێکدا تێگەیشتنێکی ترمان پێ بدات. ئیتر ئەزموون چ مانایەکی هەیە و چ هێڵێکی تری جیاوازی دروست کردووە. جگە لەوەی هەڵچوونی ڕوحی هێزە شپرزەکانی قەرەبوو کردووەتەوە. لە بەرامبەریشدا پارێزکردن لە زمانی ڕاستەوخۆ و ڕۆمانسییەت و لاوانەوە. ئەو شتەش کە بەڕواڵەت وەکو قوتابخانە سەپا و جێکەوتە بوو. لە نا ئارامییەکی گەورە بەولاوە کە نەوەکانی دواخست. هیچ جموجۆڵێکی تری بەرهەم نەهێنا. هەر دەقێکی کوردی وەربگریت سابا ئەو دەقە نموونەیش بێت. جگە لەو کاریگەرییەی کە لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە و نەوەیەکی تر پێی سەرسامە. ئەزمونێکی تری دەگمەنی ڕۆژهەڵاتی سەرسام نەکردووە. بۆیە ئەم دەردەگرانەی ئەدەبی کوردی بە پرۆسەی

لەسەر نووسین دەرمان ناکرێ. مەگەر هەلومەرجێکی نوێ بێتە ئاراوە. هەروەک چۆن سیستمی جهانگەرایی زۆرێک لەو چەمک و میتۆدانەی کەنار خست. لە پەنا ئەمەشدا دەرگای جهانێکی تری بەڕووی کۆمەڵگەی بەشەریدا کردەوە. تێگەیشتن لەم سیستمە کە ئەدەبی بەگشتی پەراوێز کردووە. بەتایبەتی ئەدەبی گەلانی نەناسراو کە زمانەکەی زیندوو نییە. یاخود فەرهەنگەکەی ناگاتە هەموو کتێبخانەیەک. یاخوود دیالۆگێکی زیندووی نییە لە تەک فەرهەنگەکانی تر. وەکو ئەوە وایە کە ئێمە لە نێوان نە ئەمیان و نە ئەویان واتە بەرزەخی ژیان. ڕەشماڵێک هەڵدەین و بەتاقی تەنیا بژین. یەعنی وەکو ئەوە وایە کێبەرکێی نالۆژیکی بکەین لەگەڵ شارستانیەتەکاندا. یان سەر لەنوێ بەرگری لە سیستمی فیوداڵی بکەین لە بەرانبەر دونیای پیشەسازیدا. بە بیانووی ئەوەی کە نەریت و سرووشتی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ سیستمی نوێدا ناگونجێ. ئەم عەقڵییەتە دووفاقیەی کە نە ئەمنیان بین و نە ئەویان. ئەگەر بەشێکی خۆپاراستن بێت لە مەترسیەکانی تری ژیان و کولتوور. بەشەکەی تری ئەوەیە کە لە لۆکاڵییەت ڕزگارمان نابێت. چونکە ئەم ئەزموونە هەم عەرەب و هەم فارس بەپراکتیک تێگەیشتن کە کارێکی بێهودەیە. ئەدەبیش کە بریتییە لەسەرخانی کۆمەڵگە. ئەگەر نەتوانێ ئەو هێزە لە خۆی نیشان بدات و خۆی بە دونیای دەرەوەی خۆی بناسێنێ. ناتوانێ درێژە بەژیانی ئاسایی بدات. لە حاڵێکدا بیانووی لەم چەشنە هیچ کۆمەکێک ناکات بە دونیای ئەدەبی کوردی. هەوڵی نووسین و خۆگرێدانیش بەمیتۆدە فکریەکان. بەبێ وەرگرتنی ئەزموونی گەلانی دەوروپشت. کارێکی بێ هودەیە و هەمیشە خوێنەری یەکەم. دەبێتە جێگەی گومانی خوینەری دووەم...

تێبینی:-

بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵک لەم کتێبانە وەرگیراوە


١- الأشكاليات التواصل في فلسفة الغربية المعاصرة. عمر مهيبل ٢٠٠٧ دار الإختلاف

٢- من فلسفات التاويل الى نضريات القراءة. عبدالكريم شرفي. دار العربية للعلوم. ناشرون ٢٠٠٧ دار الإختلاف.

٣- هانس جۆن کادامیر. فن الخطابه وتاويل النص و نقد الايديولوجيا. ترجمة. نخلة فريفر. مجلة العرب و الفكر العالمي العدد ٣. ١٩٨٨

٤- بول ريكور. النص و التاويل. ترجمة منصف عبدالحق. مجلة العرب والفكر العالمي العدد٣، ١٩٨٨

٥- میتۆد و فەلسەفە. کۆمەڵناسی ئەدەبی. کۆمەڵە وتار. وەرگێرانی لە فارسیەوە. هادی محەمەدی ساڵی ٢٠٠٧




هەواڵنامەی کتێب

شاکارەکانی دوێنێمان



جەمیل ڕەنجبەر

# لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێندا



ئای بۆ دایکی گەرووی ئازار
کە بە مەمکی بابەگوڕگوڕ
لە ژێر گڕی سینگی تۆڵە
ڕۆڵەکانی گۆش دەکردن
زامە سارێژ نەبووەکانی باپیرانی
بە فرچکی ڕزگاری خۆی نۆش دەکردن

لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێندا

١

**ئای بۆ وشەی زمانزانی دەرووونی ڕۆژ**
**چۆن گوللە بۆ سینگی دوژمن وا دەتەقێ**
**ئای بۆ بیری پێشمەرگەی لات**
**لە قەد پاڵی هەموو کێوێک**
**لە سەر لاشە و خوێن دەچەقێ**
**ئای بۆ دایکی گەرووی ئازار**
**کە بە مەمکی بابەگوڕگوڕ**
**لە ژێر گڕی سینگی تۆڵە**
**ڕۆڵەکانی گۆش دەکردن**
**زامە سارێژ نەبووەکانی باپیرانی**
**بە فرچکی ڕزگاری خۆی نۆش دەکردن**

٢

**بە تووڕەیی**
**دەرگام لە ساڵی حەفتاویەک بەدڵ داخست**
**پێچکەی ناڵەی سیمفۆنی ژین**
**چاوی ساڵی نوێی هەڵێنا بە زەبری مست**
**دوێنێ**
**پێرێ**
**کۆمارێکمان لە دایک بوو بەرگتان نەکرد**
**کە لێیان داین**
**لە پێناوی تامی دیلی**
**وەک پێویست بوو**
**دەنگتان نەکرد**

٣

**بە تووڕەیی**
**پەردەی شانۆی زامی چاوم هەڵدایەوە**

هەواڵنامەی کتێب

قژی خۆریش
بە هێمنی بۆ سەر سینگی خۆشەویستم ڕژایەوە
چونکە پێرێ
ئارەقەی دیلیمان نەسڕی
هەر دۆشاومان بۆ بن گونی خۆمان دەکرِی
چونکە دوێنێ
مافمان خورا
خۆمان کڕ کرد
هەر گیرفانی خۆمان پڕ کرد

٤

دەستی خەمی
پێشڕەوی ناو بوڕکانی خوێن بە تووڕەیی
پەتی مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆی توند گرێدان
گڕی ئاسۆ
بۆ پێکانی شەوی شۆڕش وا لە ڕێدا
چونکە تا پار
تا ئەمڕۆکەش
لە پردی پەیمانی چەوردا هاتین بەغار
هیچمان نەینا
نە بۆ برسی
نە بۆ هەژار

٥

أ
شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەک دایکێکی کۆرپە ونبوون
بۆ پەلاماری پەیامێ

کەلەپوورنامەی کتێب

هار و درِن
دەگوێ بگرن
لە هۆنراوە
لە شیعری نوێ
خۆ ئەگەر شیعر بەرتیل بوایە
گوێتان دەگرت
دەمی بیری گیان مردووتان
وەک پارووییەک قووتی دەدا
ئەگەر شیعرم تۆی شەڕ بوایە
گوێتان دەگرت
دەستی ڕەشی زامی دوورتان
لە کێڵگەی برایەتی گەلدا
زوو تۆی دەدا

ب
ئەگەر شیعرم قابیل بوایە بەژێر دەستی
گوێتان دەگرت
خوێن و زامی گریەی دوێنێ
بە بار داخی پێ دەخواردن
ئەگەر شیعرم دانسی شۆخی ئاهەنگ بوایە
گوێتان دەگرت
بلیتێکی گران بایی
سەدان دینار
زۆر قوربانی پێ دەژماردن

جـ
ئەگەر شیعرم سامان بوایە
گوێتان دەرگرت

هەواڵنامەی کتێب

سایلۆی نیازی چاوی برسی
خێرا دان و پارە و خوێنیان هەڵدەمژی
یان ئەگەر شیعرم دیلی زۆر داریتان بوایە
لە پردی زەبری دیوەخان
بۆ بیستنی هەر وشەیەک
چەندین بەندەتان دەکوژی

د
شیعرەکان
گۆرانییەکی بیری نوێیە
پارووی دەمی زگی برسیی کوردی پێیە
شیعرەکانم خوێن و گڕن
وەک دایکێکی کۆرپە ونبوو
بۆ پەلاماری پەیامێ
هار و دڕن
بۆیە ئەگەر
بڵێین ئێمە
لە شیعرەکانت بێبەرین
لێتان ناگرم
دەرەبەگن
بۆرژوازین
ترسنۆکن
بەگشت جۆرە ژینێ ڕازین
دیارە
دڵتان
چاوتان
بیرتان
هێشتا فێری هۆنراوەم نین



هەواڵنامەی کتێب

# لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێندا

چەند سەرنجێکی ڕەخنەیی

یووسف ئەحمەد دەرگەڵەیی

ئەدەب بە هەموو لکەکانییەوە: (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامە، پەخشان... تاد) هەمیشە لەبارەی ژیانی میللەتەوە دەدوێن. کە باسی شیعرمان کرد یەکسەر ئەوەمان بە بیر دادێ، کە دەبێت مەبەستێک لە چەند دێڕێکی ڕێکوپێک و خاوەن کێش و سەرواوە دەربڕابێت. ئەم دەربڕینە کتومت دەربڕین لە هەستی شاعیر دەکاتەوە. یانی شاعیر لەچ چینێکی کۆمەڵایەتی بێت بۆ ئەو چینە قسە دەکات، گەلێ جاری واش هەیە کە شاعیر لە چینێکە و نووسینەکەی بۆ لایەکە. گرنگ ئەوەیە وەک (ماوتسی تۆنگ) دەڵێ: (ئەو ئەدەبەی لە ڕاژەی خاوەن زەوی و زار و بۆرژوازی دایە ئەوە ئەدەبێکی دەرەبەگایەتی و بۆرژوازییە. ئەو ئەدەبەی کە لە ڕاژەی ئیمپریالیزم دایە. ئەوە ئەدەبێکی خەیانەتکاریە). چونکە ئەدەبی واقیعی خۆی لە دوو لاوە دەبینێت، یەکەمیان: تاچ ڕادەیەک لە ڕاژەی جەماوەرەوەیە، دووەمیان: چۆن ئەو ڕاژەیە بەجێ دەگەیەندرێت.

لەبەرئەوەی کرێکار و جووتیار و بۆرژوازی بچووک زۆربەی زۆری لە گەل دروست دەکەن، بۆیە هەر ئەدەبێک بەزمانی ئەوانەی نەنووسرێت و لێی تێ نەگەنن بە ئەدەبی گەل ناژمێردرێت.

چونکە ئەدەبی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بتوانێ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک تێکەڵ بێت و بیروڕایەکەی ئەوان وەرگرێ و لە چوارچێوەیەکی شیاودا پێشکێشی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی کرچ و کاڵ دەرنەچێت، بەر لەهەموو شتێک دەبێ بزانی بەچ ڕێگایەک دەتوانی مەبەستەکەی بەناو کۆمەڵدا بڵاو بکاتەوە و کاریان لێ بکات و بەشداری لە گۆڕان بکات. کەوابێ بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکەی خۆی دەبێ بیر لەوە بکاتەوە، کە بەخۆی تا چ ڕادەیەک لەگەڵ جەماوەرە و بیروڕای خۆی چۆنە. ئەو کۆمەڵانەی کە بۆیان دەنووسی کێن. پلەی زانستی و زانیاریان چەندە. بەرزی ڕۆشنبیرییان لەچ پلەیەکە و باری ژیانیان چۆنە. کە ئەمانەی بەپێی تیۆرەکانی مارکسیزم لیننزم لێکدایەوە گومانی تێدا نییە بە سووک و ئاسانی دەتوانی ویستەکانی خۆی بەناو خەڵک بڵاو بکاتەوە و بگرە کاریشیان تێ بکات.

بۆ ئەوەی باسەکەمان لە ڕێبازی دیار کراوی خۆی نەچێتە دەرەوە و درێژە نەکێشێ لە خوارەوە بەپێی توانا شیعرەکەی شاعیر (جەمیل ڕەنجبەر) شی دەکەینەوە و لە ڕووی

ناوەڕۆک و زنجیرەی داڕشتنی بیروڕا و مەبەستی گشتی لێکی دەدەینەوە و کەموکورتی و چاکەکانی دەخەینە ڕوو:

شیعری (لکە زەیتوون لە گێژاوی خوێندا) بریتییە لە پێنج پارچە، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە لە هەموو ڕوویەکی شیعرەکە کاتێکی یەکجار زۆری دەوێت. بۆیە جارێ پێشەکی ئەو وشانەی کە نارێکن نیشانیان دەدەین. ئینجا دێینە سەر ناوەڕۆکی گشتی.

١- شاعیر دەڵێ: (بەفرچکی ڕزگاری (خۆی) نۆش دەکردن) وشەی خۆی لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە ئەو نیشتمانەی کە ئەو باسی دەکات بە واتەی ئێستا هێشتان ڕزگاری نەدیوە تاوەکو فرچکیان وەک خۆی پێ بگرێ.

٢- شاعیر دەڵێ: (لەپێناوی تامی دیلی وەک پێویست بوو دەنگیان نەکرد) لێرەدا ئەگەر شاعیر مەبەستی خەڵکی بێگانە بێت ئەوا تامی دیلی ئێمە چ کارێک لەوان ناکات. خۆ ئەگەر لەگەڵ خۆمانیشی بێت ئەوا دیسان نارێکە چونکە نەک هەر دەنگ کرا بەڵکو بەسەدان لاویشمان لەم پێناوەدا شەهید کران.

٣- شاعیر دەڵێ: (شیعرەکانم خوێن و گڕین) لەم دێڕەدا ڕستەی خوێن و گڕن بەکار هاتووە، ئەوەی ڕاستی بێت گڕ بۆ ئاگرە. هەرچەندە خوێن گەرم دەبێ، بەڵام ناسووتێت کە شتێکیش نەسووتێ چۆن گڕ دەگرێت.

ئەگەر وشەی ئاگری بەکار بهێنابوایە و بیوتبوایە (ئاگر و گڕن) سەنگی شیعرکەش تێک نەدەچوو، ماناشی چاکتر دەدا.

٤- شاعیر دەڵێ: (لە کێڵگەی برایەتی گەلدا زوو تۆی دەدا) ڕستەی زوو (تۆی دەدا) ڕێک نییە، ئەو واتایە نادات کە ئەو مەبەستییەتی، ئەگەر بیوتبوایە زوو (وەبەر دەهات) باشتر بوو، چونکە (تۆی شەڕ) لە کێڵگەیەکدا بچێندرێت (بەردەدا) نەک تۆ.

٥- شاعیر دەڵێ: (ئەگەر شیعرم سامان بوایە گوێتان دەگرت) هەرچەندە مەبەستی شاعیر لە وشەی «سامان» پارە و پوول و ماڵە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت شیعریش سامانێکی بەنرخە. ڕاستە هی یەکەم ماددەیە، بەڵام هی دووەمیش سامانێکی مەعنەوییە و گەلێ جار بەنرخ تریشە.

بۆ بەڵگەش بە هەزاران دەوڵەمەندی خاوەن گەنج و بارگەی (لیرە) کۆچیان کردووە کەس هەر باسیشیان ناکات، ئەگەرچی بابە تایەری هەمەدانی (٩٦٠) ساڵ بەر لە ئێستا شیعری نووسیوە، ئەمڕۆ نەک بەسامانی ئەوی دادەنێت و بەس، بەڵکو بە سامانی نەتەوەکەمان دادەندرێت و شانازی پێوە دەکەین.

٦- شاعیر دەڵێ: (لە پردی زەبری دیوەخان بۆ بیستنی هەر وشەیەک چەندین بەندەتان دەکوژی). وشەی (دەکوژی) بەکار هاتووە بێ ئەوەی شوێنی خۆی بێ، چونکە ئەگەر مەبەستی لەگەڵ زۆردارەکان بێت. دەبوایە بڵێ (دەکوژت) ئەگەر مەبەستی لە ڕەشوڕووتی چەوساوەش بێ دەبوایە بڵێ (دەکوژرا).

بەمەوە لە پردی زەقی وشەکان دەپەڕینەوە و دێینە سەر مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرەکە و بەشێوەیەکی گشتی لێکی دەدەینەوە: هەرچەندە شیعرەکە لە چەند بەشێک پێک هاتووە، بەڵام هەمووی بەیەکەوە بەستراوەتەوە، هەر پارچەیەکیش بەتەنیا واتای خۆی دەگەیەنێت.

خۆ ئەگەر هەمووشی پێکەوە بەشێوەیەکی گشتی نیشان بدرێت. دیسان وەک زنجیرەیەکی لەیەک نەپچڕاو وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگرێت، ئەگەر تەماشای تەواوی شیعرەکە بکەین لە سەرەتاوە تاکۆتایی دەبینین بە یەک شێوە و یەک نەغمە بیروباوەڕەکەی دەردەبڕێت:

**(ئای بۆ وشەی زمانزانی دەروونی ڕۆژ**
**چۆن گوللە بۆ سینگی دوژمن**
**وادەتەقێ**
**ئای بۆ خەمی پێشمەرگەی لات**
**لەقەد پاڵی هەموو کێوێک**
**لەسەر لاشە و خوێن دەچەقێ)**

هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا شاعیر بەدوای وشەی ورشەداری ڕوونی ناو دەروونی ڕووناکی ڕۆژ وێڵە، کە وەک گوللەیەکی ئاراستەی سینگی دوژمن بتەقێ، یان چۆن بەدوای بیری ئەو پێشمەرگە قارەمانە دەگەڕێ کە لە هەموو شەڕێک وەک سەرەڕم دەچەقێتە دڵی دوژمن و باکی لە دەربەدەری و کوشتن و گرتن نییە. پاڵەوانانە لە سەر لاشەی هاوڕێکانی ڕاوەدەستێت کە بە دەستێک خوێنی زامەکانیان دەسڕێتەوە و بەوی تریش لەگەڵ چەکە دوژمن شکێنەکەی پەیمان نوێ دەکاتەوە بۆ سەندنی ماف و تۆڵەی ئامانجی هەوڕییەکان. بەمەشەوە ڕاناوەستێت و هەر دەگەڕێ:

**(ئای بۆ دایکی گەرووی ئازار**
**کە بە مەمکی بابەگوڕگوڕ**
**لەژێر گڕی سینگی تۆڵە**
**ڕۆڵەکانی گۆش دەکردن**

**زامە سارێژ نەبووەکانی باپیرانی**

**بەفرچکی ڕزگاری خۆی نۆش دەکردن)**

ئەو دایکە بەرهەمی مەمکی نەک هەر بابەگورگورە، بەڵکو بەدەیان کانی تری بە نرخی لێ دەردەبێت. بۆیە شاعیر زۆر بەسەربەستی دەیدرکێنێ و دەڵێ: ئەگەر ڕۆڵەکانی بەو مەمکە پەروەردە بکات؛ گومان لەوەدا نییە جۆرە نەوەیەکی تر گۆش دەکرێت، کە فرچک بەشیری ڕزگاری وڵاتەکەیان بگرن و خوێنی خۆیان لەلا هەرزار بێت.

ئەگەرچی ئێستا پێشمەرگەکان گیانی خۆیان بەبێ نمەک لەقەڵەم دەدەن، ئەگەر لە خزمەت کردنی وڵات و نەتەوەکەیان دوا بکەون.

وشەی پێشمەرگە هەر ئەوانە نین دەستیان داوەتە چەک، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەن کە خۆیان بەقەردار دەزانن بەرانبەر نیشتمان، یان چاکترە بڵێین بەرانبەر نەوەی شۆڕشگێڕی داهاتوو. هەرچەندە من لێرەدا لەگەڵ شاعیر نیم کە هەموو ئاواتێکی ئەدەبی و داوای وشەی جوان و پێشمەرگەی بەجەرگ و دایکی گەرووی ئازار بکات بۆ ئەوەی بە بەرهەمی مەمکی خۆی و بەلای لایەی پڕ لە ئومێدی بەختەوەری نەتەوە و سەربەستی وڵات فرچکیان پێ بگرێ و گۆشیان بکات. چونکە ئێستاش و بەر لە ئێستاش بە کۆمەڵ خەڵکی وامان هەبووە و هەیە، کە مردن بەترسنۆک دەزانن و هەمیشە لە پێناوی مافەڕەواکانی میللەت، ئەوان بەدوای مردندا ڕادەکەن، بەڵکو گەلێ جاری وا هەیە لە مەیدانێکی تەسکدا زۆرانبازی دەکەن:

**(بەتووڕەیی**

**دەرگام لە ساڵی حەفتاویەک بەدڵ داخست**

**پێچکەی ناڵەی سیمفۆنی ژین**

**چاوی ساڵی نوێی هەڵێنا**

**بە زەبری مست)**

ڕاستە ئێمە هەموومان لە ڕابردوو تووڕەین، چونکە ئەوەی مافمان بووە. نەمان دیوە. ئەوەی ویستومانە بۆمان نەکراوە. ئەوەی بۆ خەڵک هەرزان بووە بۆ ئێمە بەخوێنیش وەدەست نەهاتووە، ئەگەرچی لەم دێڕەدا کە دەڵێ: (پێچکەی ناڵەی سیمفۆنی ژین چاوی ساڵی نوێی هەڵێنا بە زەبری مست) بە خۆشی بڕوای بەوە هەیە، کە کاروانی پێشکەوتن و پەرەپێدان ناوەستێ هەزار ئەملاو ئەولا کاری تێ ناکات.

پێویستەکانی ژیان باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەرەو پێشچوون بەشەق لە هەموو

کۆسپ و خراپەیەک هەڵدەدا کە لە پێش ڕەوڕەوەی مێژوو پەیدا دەبێ، دەتوانم بڵێم لێرەدا خۆی ڕاست کردووتەوە کە نەبوونمان لە ڕابردوو ئەوە نەبووە کە نەبووین، بەڵام لافاوی زەمانە و گێژاوی نەگبەتی وەک عەزیاکەی سەرچاوەی شار ڕێگای لێ گرتبووین ئێستا (ئەحمەد پاڵەوانێک) بەڵکو سەدان ئەحمەد پاڵەوان خۆیان تەرخان کردووە و پێشبڕکێ دەکەن بۆ جەنگی عەزیاکە:

**(دوێنێ**

**پێرێ**

**کۆمارێکمان لەدایک بوو بەرگتان نەکرد**

**کە لێیانداین**

**لە پێناوی تامی دیلی**

**وەک پێویست بوو**

**دەنگتان نەکرد)**

لەوەوە دەردەکەوێ ئێمە کە نەبووین. هەبووین، بەڵام ڕاستە بەرگمان بێ نەکرا. بۆمان ساز نەکرا. نەمان توانی بیپارێزین، ئەگەرچی ناوەکەیمان لەدڵدا هەڵکەندووە، کە کۆمارێکیان لێ تێک داین، ئێمە دەنگمان کرد. نەک وەک ئەو لە شیعرەکەدا دەڵێ: (لە پێناوی تامی دیلی وەک پێویست بوو دەنگتان نەکرد.)

شاعیر ئەگەر لەو دێڕەدا نیازی دەوڵەتانی سوشیالیست بێت، کە لەکاتی (کۆماری مەهاباد)دا دەست ڕۆیشتو بوون، ئەوا منیش دەنگی خۆم لەگەڵ ئەوەدا دەکەم بەزەنگ و دووبارە بە گوێیان دا دەچرپێنین، بەڵام ئەگەر لەگەڵ خۆمانی بێت ئەوا لە دوو ڕێگای لەیەک جیاوازین و تەنانەت یەکتریش نابینین.

بەم وشانە دڵی شاعیر داناکەوێ و دێتە سەر گلەیی و گازاندەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ شاردنەوە پێمان دەڵێ:

**(شیعرەکانم خوێن و گڕن**

**وەک دایکێکی کۆرپە ونبوون**

**بۆ پەلاماری پەیامێ**

**هار و دڕن**

**دەگوێ بگرن**

**لە هۆنراوە**

**له شیعری نوێ**
**خۆ ئەگەر شیعر بەرتیل بوایە**
**گوێتان دەگرت**
**دەمی بیری گیان مردووتان**
**وەک پاروویەک قووتی دەدا**
**ئەگەر شیعرم  تۆی شەڕ بوایە**
**گوێتان دەگرت)**

شیعرەکە مانایەکی قووڵ و پڕ لە هیوا و خۆزگەیەکی زۆری تێدایە گەلێ لەمەش پتر لەدڵی شاعیردا هەیە. بۆیە وا بەگەرمی کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵ دەردەبڕێت و لەم ڕێگایەوە هەرنەبێت دەیەوێ هەندێکی چارە بکات.

زۆر چاک دەزانی، کە (بەرتیل) بەهۆی چاوبرسیە شیر پیسەکان دەوری خۆی دەبینێت، هەستی بەوە کردووە کە زۆر جار حەق لەژێر ناحەقایە، بەڵام لەوەدا لەگەڵی نیم کە دەڵێ: (دەمی بیری گیان مردووتان وەک پاروویەک قووتی دەدا) چونکە هەرچەندە ڕۆشنبیری بۆرژوازی و کۆنەپەرستی کار دەکاتە سەر کۆمەڵانی خەڵک، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز، دڵ و دەروونی پیس نابێ ویژدانی ڕێگا ون ناکات و گیانی نامرێ، یان کە دەڵێ: (ئەگەر شیعرەکانم تۆی شەڕ بوایە گوێتان دەگرت). لەوەش دیسان بەلای منەوە وەک بیرێکی کۆن بیری لێ کردووەتەوە. دەنا جەماوەر قەت لە وتەی دووبەرەکی و شەڕ و ئاژاوە و دەردەسەری گوێی ڕاناگرێ تەنیا ئەگەر بەزۆر بەسەری دابسەپێندرێن.

خۆ ئەگەر تۆی شەڕیش چاندرا، بێگومان بەماوەیەکی زۆر زوو لە کۆمەڵگای دواکەتوو دێتەبەر، چونکە دەستەیەکی وا لەو پێناوەدا کار دەکەن کە لەلایەن بێگانە نیوە دەرەبەگ و نیوە سەرمایەداری ناوەوەی وڵات و سەرمایەداری بێگانە پاڵپشت دەکرێن، جا لەبەرئەوەی بەپێی ڕژێمی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوان دەستەڵاتدارن.

بۆیە شتەکەیان زوو پەرە دەسێنێت و بەناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. دەنا وەنەبێ کۆمەڵانی خەڵک حەز بەوە بکەن. شاعیر پەست و دڵگیرە لەوەی کە خەڵک زوو لە مەبەستەکەیی ناگەن و ڕەش و سپی مەسەلەکە لێک ناکەنەوە، بۆیە وا بەکوڵ ئەم وشە ئاگرینانە وەک پەنگری گەش لەسەر گۆشتی ڕووت دادەنێ و بەجزەی دەخات بەتایبەتی کە دەڵێ:

**(ئەگەر شیعرم قایل بوایە بەژێر دەستی**
**گوێتان دەگرت**

**خوێن و گریەی زامی دوێنێ**
**بە بار داخی پێ دەخواردن**
**ئەگەر شیعرم دانسی شۆخی ئاهەنگ بوایە**
**گوێتان دەگرت**
**بلیتێکی گران بایی**
**سەدان دینار**
**زۆر قوربانی پێ دەژماردن)**

لێرەدا مەبەستی لەژێر دەستی ئەوەیە: کە ئەگەر شیعرەکانم وەکو شتە کۆنەکان لەسەر زولف و گەردەن و... تاد. لاتان خۆش بوو، یان ئەگەر باسی کۆنەپەرست و داگیرکەرانی نەکردایە نەدەترسان و هەرپێتان چاک بوو؛ بەڵام چونکە ڕێگاتان نیشان دەدا و وشیارتان دەکاتەوە لەلاتان گرانە و بەدڵتان نابێت، زۆر جوان بۆی هاتووە کە باسی (دانسی شۆخی ئاهەنگ) دەکات.

تیری لە نیشان داوە، ڕاستە لاوان ئامادەن بە دەیان دینار لەپێناو چەند چرکەیەک خەرج بکەن. ڕەنگە گەلێ جاری وا هەیە هەر لەپێناو ئەو جۆرە شتانە ئامادەبن گیانیش ببەخشین. ئەگەرچی ئامادەنین پشتگیری ڕاستی بکەن و خۆیان بۆ ماندوو بکەن: خەڵکێکی زۆر بە بەزم و هەوەسەوە خەریکن، ڕۆژ لە حسابات و شەو لە ڕابواردن، یان ڕۆژ لەملاو شەو لە لێکدانەوەی پڕ لە ئەندێشەی پڕوپوچ، ڕۆژێک بەتەواوی دەفتەری حیساباتی نەتەوەکەیان نایێننە گۆڕێ و بزانن چەند قەردارن، چۆن دەتوانن قەردەکە بدەنەوە.

چ ڕێگایەک بگرن باشە بۆ دانەوەی قەردەکە. لە گوێ ڕاگرتنی [ژێر دەستی و دانسی شۆخی ئاهەنگ] تێ دەپەڕێنێ کاتێ دەڵێ:

**(ئەگەر شیعرم سامان بوایە**
**گوێتاندەگرت**
**سایلۆی نیازی چاوی برسی**
**خێرا دان و پارە و خوێنیان هەڵدەمژی)**

دیسان لێرەدا بەوردی لە مەسەلەکە نزیک بووەتەوە. چونکە بەڕاستی (سامان) لای خەڵک شیرینە: بۆیە هەموو کەس بەجۆشییەوە تێی دەڕوانن، یان دەڵێ:

**(یان ئەگەر شیعرم دیلی زۆ داریتان بوایە**
**لە پردی زەبری دیوەخان**

هەواڵنامەی کتێب

**بۆ بیستنی هەر وشەیەک**

**چەندین بەندەتان دەکوژی)**

بەڵێ گەلێ جار تەنیا بە وشەیەک دەیان کەس کوژراوە. تەنیا بەدەست لە سمێڵ دانێک چەند کەسانێک لە دەرەوەی دیوەخان هەتک کراون.

بۆیە ناحەق نییە. ئەگەر هەموو ئەو خاسیەتە نالەبار و نارێکانەی ناو کۆمەڵ وەک خۆی نیشان بداتەوە، چی نەخاتە سەر تەنیا ئەوە نەبێت کە بیەوێ بڵێت بەسیەتی واز لەو کردەوە خراپانە بینین و چیتر بەم جۆرە بیروڕا کۆنەپەرستانە کە لە خزمەتی پاراستنی فەرمانڕەوایی چینە چەوسێنەرەکانە بڕوا مەکەن.

هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن. زۆر بەداخە لە یاساکانی کۆن و نیوە دەرەبەگایەتی. بە کوڵە بۆ گەردەشیک کە هەرچی پاشماوەیی وا هەیبەتی سەرنگوون بکرێ. بە ئاواتەوەیە بۆ ڕەشکردنەوەی ئەو نەریت و یاسایانەی کە لە ڕاژە و بەرژەوەندی سەرەک خێڵ و ئاغا و چڵکاوخۆرکانە. بەمە هەوڵێکی چاکی داوە کە هەستی چینێک دەربخات کە لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا بە ئازار گۆش کراون و دەیەکی ژیانیان پێکەنین و سانەوەی تێدا نییە. لە کۆتایی شیعرەکەی باسی ئەوە دەکات کە بە خۆی ناوەرۆکی دەربخات و بە خەڵک بڵێ:

شیعرەکانم ئەوانەی سەرەوە نین بۆیە گوێتان لێ ڕانەگرت. با ئێوەش گوێم لێ ڕانەگرن، یان باشترە بڵێم هەوەستان لەگەڵ نەیەت، بەڵام شیعرەکانم شۆڕشێکی نوێخوازی پڕ بەپێستی خواستی گەلە:

**(شیعرەکان گۆرانییەکی بیری نوێیە**

**پارووی دەمی برسیی کوردی پێیە**

**شیعرەکانم خوێن و گڕن**

**وەک دایکێکی کۆرپە ونبوو**

**بۆ پەلاماری پەیامێ**

**هار و دڕن)**

هەوڵی داوە کە شیعرەکانی لە چوارچێوەیەکی وادابن کە گۆرانی نوێ بن بۆ نەوەی نوێ و کردەوەی نوێ، ئەگەرچی ناوەرۆکەکەی لەگەڵ ڕۆشنبیری بۆرژوازیانەی ئەو سەردەمەدا نەگونجێت، بەڵام خۆراکە بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای ڕزگاری و بەختەوەردا وێڵن، کە گوێیان لە هیچ شتێک نییە. لە ئازار و ئەشکەنجە. لە گرتن و کوشتن. لە تاڵان و وێرانکردن. لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە ویژدانی کپ کراومان ڕاست بووەتەوە

داوامـان لـێ دەکات، کـە بیـروباوەڕی دڵ و دەروونـی پاکمـان دەربـبڕیـن. لەگـەڵ ئەو هـەمـوو گلەیی و سکاڵایە خەڵکەکەشی هەڵسەنگاندوە:

**(بۆیە ئەگەر**
**بڵێن ئێمە**
**لە شیعرەکانت بێبەرین**
**لێتان ناگرم**
**دەرەبەگن**
**بۆرژوازین**
**ترسنۆکن**
**بەگشت جۆرە ژینێ ڕازین**
**دیارە**
**دڵتان**
**چاوتان**
**بیرتان**
**هێشتا فێری هۆنراوە نین)**

دیسان نـابێت بەم جۆرە هەمـوو لۆمە کە بکەوێتە ئۆباڵی خـەڵک، چونکە دەبێت بارودۆخی بابەتی ڕەچاو بکرێ. لە ڕزگاری گـەیشتن مـاوەیەکی چاکی دەوێ. هـەوڵ بۆدانـی مـاوەیەکی باشتری دەوێت، خـۆ بەکوشت دان گیانێکی قاڵبووەوە و خـودێکی نەویستی دەوێ. بێگومان ئەوانەش هێشتان وەک پێویستە لەناو دڵی ئێمەدا جێگیر نەبووە. بۆیە ئـەویش گەڕاوەتەوە سـەر هـۆیە سـەرەکییەکە، کە پەروەردەی ڕابردووە و ناحەقی نییە ئەگەر تارادەیەکیش وابن.

بەگشتی شیعرەکەی شاعیر (جـەمیل ڕەنجبەر) بەلای منەوە لەگـەڵ ئەوەشدا کـە هـەندێ کەموکورتی تێدایە و لە هـەندێ بیروڕادا لەگەڵیدا نیم. بەڵام لایەنی چاکەی گەلێ پترە و بە زنجیرەیەکی لەیەک نەپچڕاو کۆمەڵێک خواستی نیشـان داوە گەلێک نارێک و ناشیاوی ناو کۆمـەڵی دەرخسـتووە، کە پێویسـتە ئێمەش لەگەڵ ئـەودا بەتوندی بەگژ ئەو جـۆرە خاسـیەتە نامرۆڤایەتییانەدا بچین و ڕووبەڕوویان ببینەوە.

سـەرچاوە:

گـۆڤـاری نووسـەری نوێ، دەق و ڕەخنە. دەق: جـەمـیل ڕەنجـبـەر، ڕەخنە: یووسف ئەحـمـەد دەرگەڵەیی، چاپخانەی حوادث، بەغدا ١٩٧٢. ل:٢٤ تا ٤١

هەواڵنامەی کتێب



مەحمود زامدار

# پەیکەری دەق و ملکەچی



* (پەرستن) و (پیرۆزی) و (پیرۆزاندن) زاراوەگەلێکن کە مەربەستەی یەکترین و دەورێکی زۆر خەتەرناکیشیان لە جەستە و دڵی میتۆلۆژیای گەلاندا دیوە و تا ئێستاش کە ئێستایە ئەو دەورە بەردەوامە و بەردەوام...

* لەنێو ئێمەی کوردیشدا وا ڕیشاژۆ و ڕەگاژۆ بووە مەگەر بە کودەتایەکی مەزنی ئەپستم و بوارەکانی و بە بەرنامەیەکی عەقڵرێژکراو. خشتوخاڵی لە ڕەگوڕیشەوە بکێشرێ و بخرێتە مۆزەخانەی مەرگەوە.

* کەسێ -هەرکەسێ- بیەوێ بەری چاوی ڕۆشنتر بێ و گۆڕانکارییەکی زۆر قووڵ لەنێو کۆمەڵدا بکا و بشبێتە پێشەنگ و ڕابەر، بێ دڵ لە دڵدان دەبێ کۆششی بێوچان بۆ

ڕزگارکردنی (ئاوەز)ی مرۆڤ لە چنگی مۆتەکەی (بەها چەسپاو و نەگۆڕەکان)ی (دەق) بدا و بە ڕەخنەی دەرزیئاژنانە و بە شیکردنەوەی زانستیانە و بە سەرەندازکردنی ئەو پۆشاک و دەمامکە چڵکنانەی بەزریق و باقانەی کە چقڵی ئاوی چاوی سەندووە و زایەڵەی بزاڤی بیری ئیفلیج و بەنجکردووە و گیانی بەژانوژوور و دەسپێشکەری لەنێو قەمۆچکەی ڕەشیدا کوشتووە و سەدان سەد دومەڵی کوشندەی لەنێو ئاشیانەی مێشکی مرۆڤدا پەنماندووە و باڵەوازەی چێژگەی ڕازی جوانی هەڵتروشکاندووە و بووە بە (دەق)ێکی پیرۆز و پەرستراو.

* ملکەچکردن و چەمینەوە لەبەردەم پەیکەری ڕمەووزن و قژنە سەری (دەق) و شکۆپێدانی (دەق) و سڕینەوەی دینامیکای پڕ لە زیندەگی هزر و بەرزبینی و پەرەسەندن و مێژووە، سووتاندنی کەسنامە و ناسنامەی مرۆڤە...!

خۆ گەر دوێنێی دوور، باوباپیران- کە لە دەرەوەی مێژوودا ژیاون - بەو دەقانە ڕاهاتبوون و گەلێ لێتوێژینەوەی کرچ و کاڵ و پڕ لە ڕواڵەتبازی و وێنە و دیمەن و شەبەنگەبەڕۆژی بۆر دراویان بە باڵایدا بڕیبوو، ئەوا ئەمڕۆ ئەو دەقە پڕ گەندەژانە، لەبەر ڕۆشنایی پرۆسەی شیکارانەی ئاوەزێکی وازو والآدا دەستەپاچەن و لەگەڵ ڕەوتی بزۆزی تیکنۆلۆژیا و ڕیتمی سەردەمدا ناگونجێن، چونکە (دەق) تەمەنێکی دیاریکراوی خۆی هەیە و کە ڕۆژی مەرگی هات، دەبێ گیان بدا و بمرێ و ڕێگا بۆ بیری نوێ و ژینی نوێ و بەهای نوێ خۆش بکات و نەبێتە بەربەست و تەمتەم، دەنا باهۆزی ئاوەز ڕایدەماڵێ.

* ئەوانەی بڵخی درۆ و جەهالەت بەرچاویانی گرتووە و لەژێر بارە بەستەڵەکی قورسی (دەق) لە ڕێسمەچوودا گنخە گنخ ، نخە نخیانە و لەڕێی ئەو (دەقانە) وە پاشکەوتن و کۆنەخوازی و دەروونوێرانی و ڕاپسکانی ڕەهای ئاوزەسازش و پێشوێنی بکەن، ئەوا بێسوو خەونی ڕاسان و ڕاپەڕین و هەڵوەزین و ئەندێشەی بڵندبین لە گۆڕ دەنێن و لەقەشێلی هەموو دەسپێشکەرەییەکی ئەو خەونە سەوز و جوانە و پاشەڕۆژی مرۆڤی ئەم وڵاتە سەمەندەراسایە و هێز و بڕستی ئەو مرۆڤە دەکەن و ئاتەرانی ئەنگێزەو بەهانەی شاتووشووت و قوتەڵ و ڕوتەڵی ئەنگوستە بەستەی جیا جیا دەهێننەوە و لە ئەنجامی ئەنجامیشدا دەبنە کۆی دەردەسەری و ژەکی پەرژەنگ و کارەساتەکان.

* برا... گەلی ئێمە و لەم ڕۆژە دژوارانەدا و لەم قۆناغە تەنگەبەرەدا پێداویستییەکی زۆری بە جوست و جۆی ئەزموونی ئاوەز هەیە، چونکە ئەو ئەزموونە لێوانلێوە لە توانست و جەمین و (نیگەرانی ڕەوا)، بەندبوونیش بە ئەرژەنگی (دەق) شۆراخ و قەوزەدار و بەشەڕوگەڕی پەرستنی (دەق) نوقمە سارکردنی ناسنامە و زیواڵکردنی ژیانە... مردنە مردن.